


# شۆڕشی ژینا
# بڵێسەی خەباتی پێشمەرگەیە

## ژن، ژیان، ئازادی ٩

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نامیلکەی(ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی؛ ٩

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژی نووسەران سەبارەت بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژینا ئەمینی، موشکبارانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، مانگرتن و خۆپێشاندان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و دەرەوە وڵات.

ڕووح و ڕەوانی ژینا و هەموو شەهیدانی ڕاپەرینی کوردستان و ئێران شاد و سپاس و پێزاین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە. من هەر ئەوەندم دەستکەوتوون و لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

کۆی نامیلکەکە ١٣٥ لاپەڕەوو ٣٤ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست

١- پێگەی لاوان لە بزووتنەوەی نوێی خەڵکی ئێراندا ................................... د.کامرانئەمینئاوە ............ ٥
٢- هەنگاوێک هەتا سەرکەوتن ..................................................... ئەلبورز ڕۆئینتەن ........... ١٢
٣- فەرهەنگی پێشمەرگایەتی ..................................................... پژمان شەریعەتی ............ ١٥
٤- کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم! ................................. ئاسۆ مینبەری ............. ١٨
٥- عومەر ئیلخانیزادە؛ لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی .................................... ٢١
٦- جیاییخوازی" ناوی ڕەمزی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ............................ ڕەزا دانشجوو ............. ٢٧
٧- ڕاپەڕین و بۆشایی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی .............................................. ئالان بەهرامی ............ ٣١
٨- بڵێسە و گڕی ڕاپەڕین ................................................................. ناسر سادقی ............... ٣٤
٩- ڕۆژهەڵات لە درێژەی شۆڕشی ژینادا ................................................... هەژار ڕەشید برینجی ......... ٣٦
١٠- ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، وێدەچێ پرۆسەیەکی دوور و درێژ و لە هەمانکاتدا پڕ لە هەورازوو نشێوبێ .................
..................................................................................... خالید حەسەن پوور ....... ٤١
١١- بۆچی باشور پشتیوانی ڕۆژهەڵات نیە؟ ....................................................... سەردار عەزیز .... ٤٣
١٢- شۆڕشی ژینا لە نێوان ڕەمز و ئایدۆلۆجیادا ................................................... سپێدە ساڵحی ..... ٤٥
١٣- شۆڕشی ٢٠٢٢ی ئێرانییەکان و ستراتیژیی هاوبەشی تورکیا و ئێران: کورد وەکوو قۆچی قوربانی! ........................
..................................................................................... پەرویز ڕەحیم ........ ٤٩
١٤- دۆخی ئێران: گرنگیی "پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی" نوێ ........................................ مەریوان وریا قانع .... ٦٠
١٥- کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ............................................................ شەن سابیر .......... ٦٤
١٦- ئەو ڕاستیەی سەدساڵە تورکیاو ئێران لەبیرخۆیانی دەبەنەوە ................................ ئەبوبەکر عەلی ...... ٦٦
١٧- ڕیفۆرمخوازانی حکومەتی چرخی پێنجەمی ماشێنی حاکمیەتی ئیسلامی ........................ سایتی پەیام ........ ٦٨
١٨- دیمانەی خەلیل کەیوان لە بەرنامەی پرسیار لەگەڵ حەمید تەقوایی ........... و؛ بۆ کوردی: کاوە عومەر ........ ٧٠
١٩- ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتی سەرچاوەی بنەڕەتیی سەرهەڵدانی فەلسەفە و زانستن .......... دڵشاد کاوانی .......... ٧٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٠- شۆڕشی ژینا سەر دەکەوێ ........................................................ برایم جەهانگیری ...... ٨٢
٢٢- کەمپەینێک: ئیتلاعات و کونسوڵەکانی ئێران لە هەرێم دەربکرێن .......................... ماڵپەڕی زەمەن ........ ٨٥
٢٣- کوردستان لە شۆڕش ناوەستێ و نابێ ڕاوەستێ ................................ ئەلبورز ڕووئینتەن ...... ٩٦
٢٤- خەڵکی ئێران ناگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی سێ مانگ لەوەوپێش ................................. سایتی پەیام ........ ٩٩
٢٥- هاوخوێن و حزبەکانی کوردستانی ئێران بە تەنیا جێ ناهێڵین ......................... بارزان شیخ عوسمان ..... ١٠١
٢٦- هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز "ئاڵا کوردستانی" (ناوی خوازراو) .................... هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی ... ١٠٤
٢٧- هێزەکانی ڕۆژهەڵات چیاکان جێبهێڵن؟ ..................................................... کەمال چۆمانی ........ ١١١
٢٨- هاککردنی ئاژانسی فارس: ٨٤%ی خەڵک خۆپیشاندانەکان وەک ڕێگەچارەی کێشەکان دەبینن .........................
........................................................................................ ئا: ئاوێنە، بی بی سی ....... ١١٣
٢٩- ماتەمی کۆماری ئیسلامی و شادمانی خەڵک لە پەڕاوێزی دەرچوونی تیمی کۆماری ئیسلامی لە کێبەرکێکانی جامی جیهانی ........................................................................................ سایتی پەیام ...... ١١٦
٣٠- چەند سرنج لەسەر دوو مانگی ڕابردوو ..................................................... شەهلا دەباغی ....... ١١٨
٣١- حکومت نظامی"ی ڕانەگەیەنراوی ئێران لە مەهاباد و بۆکان ................................ ئەنوەر سوڵتانی ...... ١٢٤
٣٢- بۆکان لە ژێر پۆستاڵ و گەمارۆدا ...خنکاندنی شارێک لە بێدەنگیدا ..................... محەمەد ئەمینی ...... ١٢٦
٣٣- واشنتن پۆست ناوەڕۆکی بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران بڵاو دەکاتەوە ......... ماڵپەڕی وشە .... ١٣١
٣٤- کۆماری ئیسلامی بە ئاڕاستەیەکی بێ گەڕانەوەدا ............................................ سایتی پەیام ..... ١٣٤





سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پێگەی لاوان لە بزووتنەوەی نوێی خەڵکی ئێراندا




د.کامرانئەمینئاوە

لاوانی ئێران هێزی سەرەکی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"ن و بزووتنەوەی ئێستا نیشانەی ویستە شارۆمەندییەکانی "ئازادی، جیایی ئایین لە دەوڵەت و سیاسەت، دادپەروەریی و بەرانبەری ڕەگەزی"یە.

بەشداری و چالاکیی بەرچاوی لاوان لە بزووتنەوە شۆڕشگێرانەکانی جیهان دیاردەیەکی گشتی و جیهانییە. بە گشتیی، لاوان هێزی سەرەکی و بزوێنەری بزووتنەوە گۆڕانخوازەکانن. لە ئێرانی ئەمڕۆشدا، لاوان لەم بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەی ئێستادا کە لەپێناوی گۆڕانی بنەڕەتی لە کۆمەڵگە و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی وەڕێ کەوتووە، پێیان ناوەتە نێەو گۆڕەپانی خەباتەکە. بۆ دیتنەوەی وەڵامی بەشداریی بەرچاوی لاوان و بەتایبەتی کیژ و ژنانی ئێرانی لەم بزووتنەوەیەدا، دەکرێ و پێویستە بەستێنی عەینی و زەینی ئەم بەشدارییە لە پێوەندیی لەگەڵ فاکتەری پێکهاتەی تەمەنیی حەشیمەتی ئێران و گەلێک کێشەی لاوان لە بواری جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا شی بکرێتەوە.

## لاوان و پێکهاتەی تەمەنیی حەشیمەتی ئێران

بەپێی دوایین سەرژمێریی گشتیی خەڵک و ماڵ لە ساڵی ١٣٩٥، پێکهاتەی تەمەنیی ئێران بریتییە لە" منداڵ و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

میرمنداڵ(ژێر ١٥ ساڵ) ٢٤% بەرانبەر بە ١٩/٢ میلیۆن کەس، لاوان(١٥ تا ٢٩ ساڵ) ٢٥/١% بەرانبەر بە٢٠/١ میلیۆن، وەنێوکەوتووان (٣٠ تا ٦٤ ساڵ) ٤٤/٨% بەرانبەر بە ٣٥/٨ میلیۆن کەس و بەساڵداچوو (٦٥ ساڵ و سەرتر) ٦/١% بەرانبەر بە٤/٩ ملیۆن کەس. بە پێی ئەم کۆژمارە لە سەتا ٤٩/١ى حەشیمەتی ئێران واتە ٣/٣٩ میلیۆن کەس لە خەڵکی ژێر ٣٠ ساڵ پێکهاتووە. بەم پێیە، بێجگە لە ڕادەی زۆربوونی لاوان لە پێکهاتەی حەشیمەتیی ئێران، گوشارەکانی دەوڵەتی ئۆلیی ئێران تەنانەت لە هەرێمی تاکەکەسیش وەکوو سەرەتاییترین مافی ئینسانی، هەروەها کاریگەریی نەرێنیی قووڵتربوونی هەرچی زۆرتری کەلێنی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ژیانی ئەوان لە بواری جۆراوجۆر وەکو خوێندن، ماڵ، دەرمان، هەلی کار و بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان و هتد، هۆی سەرەکیی بەشداری لاوان لە شۆڕشی نوێ ئێراندایە.

## کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لاوان

لاوانی ئێرانی هاوکات لەگەڵ دەستتێوەردانی بەردەوام و ڕۆژانەی کارگێڕە وردە و درشتەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە ژیانی خۆیی ئەوان و، پێشێلکردنی ئازادیی تاک و شارۆمەندییان، هاوکات بەهۆی گوشارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی سیاسەتی ماڵوێرانکەری دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێرانە، توانایی دەستەبەر و ڕێکخستنی ژیان و درووستکردنی داهاتووی خۆیانیان نییە. زانیارییەکانی فەرمیی ئێران سەبارەت بەو کێشانەی تەواوی ئێرانی تەنیوەتەوە، پیشاندەری ئاستی ئەو کارەساتە گەورەیەیە کە ژیانی تەواوی خەڵکی ئێرانی بەگشتی و، ژیانی لاوانی بە تایبەتی خستووەتە مەترسییەوە. بۆ وێنە:

"بەپێی ڕاپۆرتی بڵاوکراوە لە چۆنیەتیی هەلی کار؛ ڕادەی بێکاریی لاوان ١٥ تا ٢٤ ساڵ لە ئێران لە پووشپەڕی ساڵی ١٤٠١ هەتاوی گەیشتۆتە ٢٤%، واتە، لە بەهاری ساڵی ١٤٠١ نزیک بە یەک لە چواری ئەو لاوانەی لە تەمەنی ١٥ تا ٢٤ ساڵ بە شوێن کاردا گەڕاون، نەیانتوانیوە کارێک بدۆزنەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەکان پیشان دەدەن، لە گرووپی تەمەنیی لاواندا، ڕادەی بێکاریی ژنان نزیکەی دووقات زۆرتر لە نرخی بێکاریی پیاوانە و، ئەمەش نیشان دەدات ژنان لە تەمەنی خوارتر بۆ دیتنەوەی کار کێشەیان زۆرترە. بەگشتی ڕادەی بێکاری لە لاواندا بەرزتر لە بێکاری لە ڕادەی گشتیدایە [...] ڕادەی بێکاری لە تەمەنی ١٨ هەتا ٣٥ ساڵ لە ناوچە شارییەکانی وڵات لە بەهاری ئەمساڵ نزیک بە ١٨% بووە و بە بەراوەرد لەگەڵ وەرزی هاوتا لە ساڵی ڕابردوودا، نزیکەی سەتا یەک بەرز بۆتەوە. ڕادەی بێکاری لە ناوچە گوندییەکاندا، هەر لەم تەمەنەدا نزیک بە سەتا ١٢ بەرز بۆتەوە و ئەم ڕادەیە بەراوەرد بە بەهاری ساڵی ١٤٠٠ کەمتر لە سەتا یەک زیادی کردووە. بەگشتی دەکرێ بێژین بەرزبوونەوەی ڕادەی بێکاریی لاوان لە ناوچە شارییەکان پتر لە گوندەکانە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سروشتییە، بە پێی ڕادەی سەرەوەی بێکاری و نەبوونی بارودۆخی پێویست بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، ڕادەی لاوانی سەڵتی وڵات بەرز و ڕادەی زاوزێ و منداڵداربوون کەم بێتەوە و، تەمەنی حەشیمەتیی وڵات بەرەو پیری بڕوا. بێگومان ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێ، بەپێی قسەکانی مەسعوود عالەمی نیسی، سەرۆکی بنکەی توێژینەوەی حەشیمەتیی وڵات، مامناوەندی تەمەنی خەڵکی ئێران لە ٣٠ ساڵی داهاتوودا دەگاتە نزیکەی ٤٨ ساڵ و دەتوانین بڵێین لە ساڵی ١٤٣٠ نزیکەی ٣٣% حەشیمەتی وڵات بەساڵداچوون و، ئەمە بەم مانایەیە کە لە هەر ١٠ کەس، چواری پیر دەبن."

بەپێی کۆژمارە فەرمییەکان "ڕێژەی کرێنشینەکانی ئێران لە ١٢% لە ساڵی ١٣٦٥ گەیشتۆتە ٣٨% لە ساڵی ٩٩. ئەمە بەم مانایەیە کە ٣٢ میلیۆن ئێرانی گیرۆدەی کێشەی کرێ‌ماڵن. ئەم ڕێژەیە لەم ڕوانگەیەوە گرینگە کە بەپێی کۆژمارەکان، لە ناوچە شارییەکانی وڵات ٤٣% خەرجی بنەماڵەکان پێوەندیی بە کرێ‌ماڵەوە هەیە؛ ئەم ژمارەیە ٢/٢ بەرانبەری مامناوەندی خەرجی بنەماڵەکان لە جیهاندایە. بەپێی ڕاپۆرتی بڵاوبوەوە لەلایەن جێگیری ماڵ و ساختومانیی وەزارەتی ڕێگا و شارسازیی تەنیا لە دوومانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠١دا، مامناوەنجی کرێ‌ماڵ بۆ یەک میتری چوارگۆشە یەکەی نیشتەجێبوون لە تاران لە بانەمەڕی ئەمساڵدا گەیوەتە ١٢٦ هەزار و ٩٠٠ تمەن، کە بە بەراوەرد لەگەڵ ئەژماری ٨٤ هەزار و ٨٠٠ تمەن لە کۆتایی ساڵی ١٤٠٠دا نزیکەی سەتا پەنجا زیادی کردوە و، لە ماوەی ١٠ ساڵدا مووچە ١٢ جار و کرێ ماڵ ١٤ جار زیادی کردوە".

بە پێی بارودۆخی ئابووری زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا، بەرزبوونەوەی کرێ‌ماڵ و خواردەمەنی، ئاستی خوارەوەی مووچە و کێشەی بێکاری، نەک بوون بە خاوەنماڵی، بەڵکوو بۆ زۆر کەس کرێ‌ماڵ دانیش بۆتە ئاواتێکی وەدینەهاتوو. بەپێی بنەڕەتی مووچەی ٢ میلیۆن تمەنی لە ئێران، بە بەراوەردێکی سانا و هاسان نزیک بە ٥٠ ساڵ دەخایەنێ هەتا لاوێک ببێتە خاوەن‌ماڵ!"

لەلایەکی دیکەوە پرسی هەژاری و قەیرانی کار و دامەزران گرفتێکی هەرە گەورەی دیکەی کۆمەڵگەی ئێستای ئێرانە. "توێژینەوەکانی دەیەی ٩٠ دەریدەخەن کە بنەماڵە گەورەکانی ئێران، سەرەڕای هەبوونی کار، توانایی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی خێزانەکەیان نییە. [...] تا مانگی خاکەلێوەی ١٤٠١، نرخی خۆراک لە ئێران بەراورد بە ساڵی پێشوو بە ڕێژەی ٤٣% زیادی کردووە، هۆکاری سەرەکییش بۆ وشکەساڵیی چڕ، سزا ئابوورییەکان، هەڵاوسان و گەندەڵیی بەشێک لە دەزگا دەوڵەتییەکان دەگەڕێتەوە[....]. بەپێی ڕاپۆرتی ایران پرایمر و بە پێی کۆژماری حکومەت، تا سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی ٣٠%ی بنەماڵەکان لەژێر هێڵی هەژاریدا ژیاون. هەندێک لە شارەزایان مەزەندەیان کردووە کە لانیکەم نیوەی ٨٥ میلیۆن کەس لە دانیشتووانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و هەڵاوسان کە بۆ هەموو کاڵاکان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەیشتووەتە ٤٠ لە سەد، بەرۆکی گرتوون. لە ساڵی ١٩٩٤وە ئەم هەڵاوسانە بەرزترین ڕێژەی ساڵانەیە. لە ئێراندا ١٨%ی خەڵکی کۆمەڵگە تووشی هەژاریی ڕەها بوون [...]. فەرامەرز تۆفیقی، سەرۆکی کۆمیتەی حەقدەست لە ناوەندی بەرزی شووڕای ئیسلامی کاری وڵات، لەم پێوەندییە لە وتووێژێکدا دەڵێ" هیوای خاوەنماڵبوونی کرێکارێک لە تاران، گەیشتووەتە ١٢٣ ساڵ. ئێستا ئەگەر جلوبەرگ و دەرمان و خەرجی خوێندن و خەرجییەکانی دیکەش لای ئەم شتانە دابنەین؛ "بەڕاستی هەڵاوسان هاوار دەکات". "ئەمڕۆ هەڵاوسانی فەرمی خۆراک بەراورد بە ساڵی پێشوو زیاتر لە ٨٦% و هەڵاوسانی ڕاستەقینەی سەبەتەی بژێوی کرێکاران زیاترە لە ١٠٠"%،

نەبوونی ئازادیی تاکی و سیاسی، هەروەها بەپێی هەندێک کۆژماری سەرچاوە فەرمی و نافەرمییەکانی ئێران، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری، گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک، کێشەی دابینکردنی خانووبەرە و بەرزبوونەوەی کرێی ماڵ و هتد، هیچ هیوایەکی بۆ داهاتووی لاوانی ئێرانی نەهێشتۆتەوە. لە دۆخێکی وادا سەیر نییە کە لاوان و بەتایبەتی ژنانی ئێرانی کە بە دەست چەوساندنەوەی دووهێندی جنسیەتییەوە دەناڵێنن، بنەمای سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی باشتر بن و، داوای ڕووخاندنی ئەو حکوومەتە بکەن کە بەربەستی سەرەکییە بۆ وەدیهێنانی ژیانێکی بە شەرەفانە.

## پرسی حیجاب و ئازادییە شارۆمەندییەکان

لە سەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی ئێرانەوە، سەرەڕای پەسەندکردنی بەشێک لە مافی شارۆمەندی وەک مادەی ٣٢ تا ٣٩ لە یاسای بنەڕەتیی ئێران و بڵاوکردنەوەی چەندین جاڕی مافی شارۆمەندیی لەلایەن سەرۆککۆمارەکانیەوە، بۆ یەک ڕۆژیش هیچ کام لە بەڵێنە بێبنەماکانی جێبەجێ نەکراون. سەرەتاییترین مافەکانی شارۆمەندیی وەک: هەرێمی خۆیی و بەتایبەتی مافی جلوبەرگ، مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین، کەرامەت و یەکسانیی مرۆڤایەتی، ئاسایشی شارۆمەندیی و هتد لەلایەن دەسەڵاتدار و کارگێڕە فەرمی و بەرگەمەدەنییەکانەوە پێشێل کراون. یەکێک لە دیارترین شێوەکانی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی شارۆمەندی ژنانی ئێران، سەپاندنی "حیجابی ئیسلامی و ستەمی ڕەگەزی"یە، کە سێ حەوتوو دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ڕێبەندان لە ساڵی ١٣٥٧ بە فەرمانی خومەینی جێبەجێ کرا و، لەو کاتەوە ژنانی بێحیجاب ڕێگرییان لێ کراوە بچنە نێو دامودەزگاکانی حکوومەتییەوە. لە هەموو ساڵانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ژنانی ئەم وڵاتە بە هۆی جۆراوجۆر و بە بیانووی پێشێلکردنی "حیجابی شەرعی" بەپێی مادەی ٦٣٨ی یاسای سزادانی ئیسلامی سزا دراون. یاساکانی سەدەی نێوەڕاستی شەریعەت، وەک یەکێک لە نیشانە ئاشکراکانی فیکر و هزری کۆنەپەرستانەی ئیسلامی کە تێکەڵ بە یاسا فەرمییەکانی حکوومەتی ئێران بووە، وێڕای دەستتێوەردان لە تەواوی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بوارەکانی سروشتیی ژیانی کۆمەڵ، بۆتە هۆی سەپاندنی گوشاری پڕووکێنەر و لە ئەنجامدا ئازاری دەروونی و جەستەیی خەڵک و بەتایبەت ژنانی ئێرانی. ئەمەش شتێکە کە ململانێکردن لەگەڵی وەک نکۆڵیکردن لە تەواوی سیستەمی ئایینیی حاکم، واتە پاژنەی ئاشیلی ڕژێمی ئیسلامی ئێران پێناسە دەکرێ.

لەلایەکی دیکەوە، ژنە ئازادیخوازەکانی ئێران نەک لە بواری حیجاب بەڵکوو بەپێی یاسا ئیسلامییەکان لە تەواوی بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەوە دەچەوسێنەوە. ژنانی ئێرانی بەباشی ئاگاداری ئەو ڕاستییەن کە لە چوارچێوەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا کە لەسەر بنەمای شەریعەت و یاسای کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی دامەزراوە، هیچ ئەگەرێکی چاکسازی لە ئارادا نییە و، تاکەرێگە بۆ ڕزگاربوونیان و گەیشتن بە ژیانێکی مۆدێرن، کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حکوومەتی ئۆلی لە ئێراندایە.

بزووتنەوەی جەماوەریی "ژن، ژیان، ئازادی" کە بە کوشتنی بێبەزەییانەی ژینا ئەمینی لە مانگی خەرمانانی ئەمساڵدا دەستی پێ کرد، گەورەترین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و سەردەمیانە بە پێشەنگایەتیی ژنان و پشتیوانی بەرچاوی پیاوانی ئێرانییە. دارِشتنی ئەم دروشمە لەلایەن پیاوانی کورد لە ڕۆژی ناشتنی ژینا ئەمینی لە شاری سەقز و تەشەنەسەندنی خێرای لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران، وێڕای نارەزایەتیدەربڕین بە پرسی حیجاب، چەند خاڵی سەرەکی لە داواکارییەکانی شارۆمەندی تەواوی خەڵکی ئێران، وەک "ئازادیی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ، سێکۆلاریزم - جیاکردنەوەی ئایین لە حکوومەت و سیاسەت-، دادپەروەری و یەکسانی ژن و پیاو" لەخۆ دەگرێ.

کچان و ژنانی ئێرانی کە بێجگە لە هەموو جۆرە ستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر لە ٤ دەیەیە تووشی ستەمی ڕەگەزییش بوون، داهاتووی خۆیان لە گۆڕینی حکومەتدا دەبینن نەک گۆڕانکاری لە حکومەت. ژن و پیاوە ئازاکانی ئێرانی بە بەشداری لە گەورەترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ٤ دەیەی ڕابردوودا خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی ئێراندان کە بە پێشکەوتنخوازترین و مۆدێرنترین ڕاپەڕین نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە هەموو جیهان لەقەڵەم دەدرێ.

**نەبوونی ڕووخسارێکی کاریزما و ڕێبەرێک لە بزووتنەوەکەی ئێستا و، داهێنانی لاوان لە هەڵبژاردنی شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزی سەرکوتکەر**

هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی ناکوچێی لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە بەرهەمی ئەزموونی ڕاپەرینە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرکوتکراوەکانی ڕابردووی خەڵکی ئێران لە دەیەکانی پێشوو لەلایەن هێزە کۆنەپەرەست و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، نیشاندەری جووڵەی ژیرانەی خەباتگێڕانی سەر شەقامەکان دژ بە حکوومەتی ئیسلامییە. بێگومان لە ڕەوتی پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوەیەدا، بەشدارانی توانایی گەیشتن بە کۆدەنگی و کاری بەڕێوەبردنی هاوبەشیان هەیە.

ئێستاش ئێمە شایەتی هاودەنگی، ڕێکخستن و وەیەکخستنی نەگوتراو لە ڕەوتی بانگهێشتکردنی خەڵکی ئێران لە ڕۆژانی دیاریکراو بۆ بەشداریکردن لە ڕێپێوان و نارەزایەتییە گشتییەکان و دانی دروشمی هاوبەشین.

لەلایەکی دیکەوە نەبوونی ڕووخسارێکی کاریزما یەکێکە لە خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم بزووتنەوەیە. خەباتکارانی سەر شەقامەکان کە بۆ گەیشتن بە داواکارییە عەینی و ڕاستەقینەکانیان، خەباتی مان و نەمان دژ بە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن، ژیان و چارەنووسی شۆڕشی داهاتوویان بەم ساکارییە ناسپێرنە دەست ڕووخسارێک کە بیەوێ ببێتە خاوەن شۆڕش و، ڕێوشوێنیان پیشان بدات. بەڵکوو ئەوان بە گەڵاڵەکردن و خستنەرووی درووشمە پێشکەوتنخوازانەکەیان، کە لە ویست و داواکاریی ڕاستەقینەی خۆیان سەرچاوەی گرتووە، ڕێگای ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە و گۆڕینی ژیانی سیاسی لە ئێراندا تەیار دەکەن. لەم ڕەوتەدا کەسانێک دەتوانن لە داهاتووی ئێراندا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن، کە خۆیان لەگەڵ ویستی هێزی سەرەکی و بزوێنەری شۆڕشی مۆدێرنی ئێستای ئێران بگونجێنن کە داوای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و حکوومەت، ئازادی، یەکسانی ژن و پیاو و هتد دەکەن، نەک پێچەوانەکەی.

ڕەوتی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئێستای ئێران بە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوەی بەرهەڵستیی شۆڕشی ١٣٥٧ گەلێک خێراترە. ئەگەر ڕاپەڕینی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٦ لە تەورێز، وەک خاڵی وەرچەرخانی شۆڕشی ئێران، چل ڕۆژ دوای خۆپیشاندانەکانی شاری قوم دەستی پێ کرد و وردە وردە بە مەودای زیاتر لە ٦ مانگ گەیشتە ناوچەکانی دیکەی ئێران، مەودای بزووتنەوەی ئێستا بە کەمتر لە حەوتوویەک دوای ڕاپەڕینی خەرمانانی سەقز، هەموو ئێرانی تەنیوەتەوە و، لە کوردستانەوە تا تاران، لە زاهیدانەوە تا ئەهواز و تەنانەت لە ئێرانەوە تا ئورووپا و ئەمریکاش گەیشتووە.

بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی درەوشاوەی خەباتی سیاسی و نافەرمانی مەدەنی لە کوردستاندا، ئەم بزووتنەوەیە لەوێدا لایەنێکی تەواو جەماوەری بە خۆیەوە گرتووە و لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیش پانتایی خەباتی پیشەیی و مەدەنی و پێشوازیکردنی چین و توێژی ناونجی و زەحمەتکێشی کۆمەڵ لەم بزووتنەوەیە لە زیادبووندایە. مانگرتنی کرێکارە پەیمانی و گرێبەستە کاتییەکانی پرۆژەی کێڵگە نەوتی و گازییەکانی پارسی باشووری(عەسلویە و پارێزگای بوشێهر)، کرێکارە پەیمانییەکانی فازی دووهەمی پاڵاوگەی ئابادان، شورای هەماهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێرانی،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مامۆستایانی زانکۆ، پزیشکان، پارێزەران، وەرزشوانان، هونەرمەندان و هتد نیشانەی ئاشکرای گەشەسەندنی ئەم بزووتنەوەیە و پێوەستبوونی خێرای چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانە بەم بزووتنەوەیە. بێگومان پێ بە پێی گەشەسەندنی بزووتنەوەی ژینا، ئەو ماتەوزەیەی لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران نارازییە و، بە گوتەی مستەفا ڕۆستەمی، سەرۆکی ڕێکخراوی نوێنەرایەتیی ڕێبەری لە زانکۆکانی وڵات، لە ئەنجامی ڕاپرسییەکدا، "لەسەدا ٨٣" خەڵکی بەشدارییان لە نارەزایەتییەکاندا نەکردوە، بەڵام نارەزاین؛ ١٠%ی خەڵک ئاژاوەگێرییەکان و ٥٥%یش نارەزایەتییەکانیان پەسەند دەکەن"، هەندی بزووتنەوەی لاوانی شۆڕشگێڕ و مۆدێرن گەیشتۆتە تەواوی چین و توێژە لە ناخەوە نارازییەکانی کۆمەڵ و، درەنگ یان زوو ئەو نارەزایەتییانە دەتەقێتەوە و بەکردەوە یەخەی دەسەڵات دەگرن.

## سەرچاوەکان:


١- رئیس نهاد نمایندگي رهبري در دانشگاه‌هاي كشور ٨٣ درصد مردم ايران معترض‌اند. کیانیوز، شنبه ١٤ آبان ١٤٠١

https://www.kebnanews.ir

٢- روند نرخ بيكارى جوانان در مناطق شهرى ايران. دنياى اقتصاد

https://donya-e-eqtesad.com/

٣- امسال ، بدتر از پارسال / افزايش ٤٠ درصدى نرخ بيكارى جوانان، خبرآنلاين

https://www.khabaronline.ir

٤- ١٢ ميليون دختر و پسر "مجرد" در كشور/ نرخ باروری زير ٢ يعنى "جانشينى" براى جمعيت وجود ندارد. سايت تحليل خبرى عصر ايران

https://www.asriran.com

٥- خط فقر در ايران از ١٨ ميليون تومان گذر كرد؟ اعتماد آنلاين

https://www.etemadonline.com

٦-٥٠ درصد هزينه مستاجران ايرانى مربوط به مسكن، شبكه شرق

https://www.sharghdaily.com

٧- جوان ايرانى در چه سنى صاحبخانه مى‌شود؟ ملک هفت

https://melke7.ir


ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٥ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٣ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# هەنگاوێک هەتا سەرکەوتن



**ئەلبورز ڕۆنیتەن**

دو مانگ لە ڕۆژی یەکەمی شۆڕشی نوێ تێپەڕ بوو، ڕۆژانێکی پڕ باس و ڕووداو. چونکە هەر ڕۆژێک لەو دو مانگە دنیایەک پێشهاتی لە دڵی خۆیدا تۆمار کردووە. هەر ڕووداوێک دنیایەک خەم و ئازار و هەستانەوە و قارەمانێتی لە خۆ دەگرێت کە بۆ وەسفی هەر کام لەوان ڕۆمانێک لە وشە بەش ناکات.

ئەوەی لەو دوو مانگە لە گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی دیتوومانە، لەنێو گەلانی ئازادیخوازی دونیادا دەگمەن و نموونەن و، نرخێکی بێوێنە و حەماسەیەکی گەورەی ئافراندووە، ئەو نرخە کە ئازادی بەرهەم دەهێنێ، لە ئێستادا هیوایەکی گەشاندۆتەوە کە لە هەموو کات زیاتر دەرکەوتنی خۆری ئازادیمان لێ ڕوون و دیارترە.

ئەو خەباتە بەرفراوانە و ئەو نرخە زۆرە وێڕای ئەوەی هیوای ئازادیی لە نێو ئێمەدا زیاتر لە هەموو کات بوژاندۆتەوە پرسیارێکی پێویست و جیدیش لە مێشکی ئێمەدا دەوروژێنێ، ئەویش ئەوە کە کەی سەردەکەوین و چۆن ئەو سەرکەوتنە بەزوویی بەدی دێ، چونکە دڵنیاین هەر سەردەکەوین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تامەزۆری ئازادی بۆ گەلانی ژێردەست و گەیشتن بەو ئازادییە و ڕزگاربوون لەو جینایەتکارانە وا دەکات کە ئەو پرسیارە جیدییە زیاتر لە هەر کاتێکی دی ببێتە هۆی سەرقاڵی و تەنانەت کاریگەرییش لەسەر بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکانیش دادەنێت. هەر بۆیەش وەڵامی ئەو پرسیارە جیدی و گرینگە.

**بە بۆچوونی من دەتوانرێ بگوترێ یەک هەنگاو تا سەرکەوتن ماوە، بەڵام ئەو هەنگاوە چییە، دەبێ شرۆڤە بکرێت:**

ئەم هەنگاوە بۆ ڕاپەڕیوان زیاتر یەکگرتن و بەرفراوانکردنی خۆپێشاندان و هێرشکردنە بۆ سەر دامودەزگای دەوڵەتی و ئازادکردنیان. پێداویستیی ئەو هەنگاوە ئێستا لە تاران زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکە هەستی پێ دەکرێت و تەنانەت لە تارانیش ئەبێ ئەو خۆپێشاندانە گرینگ و بەربڵاوە شەقامی پاستۆر و "بەیتی ڕەهبەری" بکاتە ئامانج. بێگومان ئەمە هەنگاوێکی ئاسایی و ئاسان نییە، بەڵام جیا لە هێرشکردنە سەر مێشکی ئەو ڕێژیمە دەست و پێی لە کار ناکەوێت و مێشکی ئەو ڕێژیمەش لەوێیە. ئەو خۆپێشاندانە میلیۆنییە دەتوانێ ئازادیی ئێران بە دی بێنێ و **ئەم هەنگاوە هەنگاوی سەرکەوتنی شۆڕشە و ڕووخاندنی سیستمی کۆماری ئیسلامییە.**

ئەگەر بە هەزاران خۆپێشاندەر بتوانن لە مەهاباد دەست بەسەر فەرمانداریدا بگرن، بە سەدان هەزار کەس دەتوانن لە ناوەندی پارێزگاکان، پارێزگاکان ڕزگار بکەن و بە میلیون خەڵکیش دەتوانن ئەو کارە لە تاران بکات. کە واتە مومکینە و ئەو ڕۆژە هەر دێت، بەڵام گرینگی لەوەدایە کە ئەو ڕۆژە چەندە زووتر بێ و چەند باشتر بتوانرێ هەموو هێزی ڕاپەڕیوان بۆ ئەو بابەتە ڕێک بخرێ، قوربانی کەمتر و سەرکەوتن زووتر دەبێ.

ئەو هەنگاوە بۆ ئۆپۆزسیونی ڕێژیم بە تایبەتی فارس ڕێککەوتن و پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی دێموکراتیکە کە خەڵک ببینێ و وەری بگرێ. لە ئێستادا نەبوونی ئەو خاڵە بە گرینگترین کەموکوڕیی شۆڕش دادەنرێ و بەرچاوڕوونیەکی تەواو لە پێش ڕاپەڕیوان نییە بۆ ئەو بابەتە. هەر بۆیەش بە هەبوونی ئەو بەرنامەیە دەتوانرێ ئێرانێکی دیکە بونیاد بنێرێت، ئەگەر نا سناریوی جیاواز و ئەستەم لە بەردەم ئێرانی داهاتوودایە.

ئەو هەنگاوە بۆ ئۆپۆزسیونی کورد بە گشتی و ناوەندی هاوکاری بەتایبەتی گەلاڵەی ڕوونی داخواز و ویستەکانی کورد و پلانی بەڕێوەبردنی کوردستانە، بۆ ئەوەی کوردستان لە هەموو ئەگەرە جیاوازەکانی داهاتووی ئێران لە ئەمنییەت و ئەماندا بمێنێتەوە، ئەو گەڵاڵەیە دەبێ لە مێژووی ڕابردووی خوێناویمان لە ژێردەستەیی، لە واقعیەتی ئێستا و، داخوازە ڕەوا و بەرحەقەکانی گەلی کورد لە کوردستان سەرچاوەی گرتبێت و ببێت بە پشتیوانی ئەو پلانەی کە میکانیزمی جیاوازی بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قۆناغی جیاواز و دامەزراندنی دامەزراوە نیشتیمانی هەیە و میکانیزمی پاراستنی ئەو دامەزراوە نیشتیمانییانەشی بە ڕوونی و ژیری دیاری کردبێت.

نابێ ئەو ڕاستییەی ئێستای گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێران لەبیر بکەین و ئەو هەنگاوانە بەئاسان وەسف بکەین، بەڵام کردەنین بێتوو هەوڵی هەموو لایەنەی بۆ بدرێت، بە تایبەتی لە کوردستاندا. ئەگەری هاتنەئارای خێرا و هەماهەنگیی ئەو هەنگاوانە زۆر ئەستەم دێتە بەرچاو، بەڵام کام هەنگاو پێشتر ڕوو دەدات پێشبینی ناکرێت، بۆ نموونە کێ دەڵێ لە ڕۆژانی داهاتوو ئەو خۆپێشاندانە میلیۆنییەی کە "بەیتی ڕەهبەری" بە سەر ڕەهبەریدا دەڕووخێنێ نایەتە دی و هەموو هەنگاوەکانی دیکە بە دوای خۆیدا ناهێنێ، ئەوکات ئەوانە سەرکەوتووترن کە لە پێشتر و لانی کەم ئێستاوە ئامادەی هەنگاوی سەرکەوتن و ئامادەکاریی خێرا و وردی خۆیان کردبێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دوو مانگ پێش، کەم بوون ئەوانەی ئەورۆیان پێشبینی کردبوو، ئەوە بەڵگەیە کە سبەی زۆر جیاوازتر دەبێت لە ئەمڕۆ و تەنانەت لە ئەو پێشبینیانەش کە دەکرێت؛ کەواتە هەتا سەرکەوتن هەنگاوێکمان ماوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٥ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٣ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# فەرهەنگی پێشمەرگایەتی



**پژمان شەریعەتی**

چەمکی فەرهەنگ گشتگیرە و بەشێکی سەرەکی لە ژیانی مرۆڤایەتییە. "ئێدوارد تایلور" فەرهەنگ بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "تەواوەتییەک لە زانست، ڕەوشت، دین، هونەر، عادەت، دابونەریتەکان، باوەڕ و بیرکردنەوە و تواناییەکان کە مرۆڤ لە درێژەی تەمەنیدا فێریان دەبێت."

بەپێی ئەو پێناسەیە دەتوانین بڵێین کە هیچ مرۆڤێک بێفەرهەنگ نییە و لە بەرانبەردا ژیانی ڕۆژانە و بیرکردنەوەکان گرێ دراوە بە فەرهەنگ و هەرکام لەو خاڵانەی کە تایلور باسیان دەکات مرۆڤەکان لە درێژەی ژیانیاندا هەڵگری دەبن، یان لانیکەم بەشێکیان ئاوێتەی کۆمەڵگە دەبێت. بۆ نموونە ڕەنگە تاکێک دین هەڵنەبژرێت، بەڵام لە کۆمەڵگە لەگەڵ دیندارەکان لە پەیوەندیی ڕۆژانەدا دەبێت.

لە لایەکی دیکەشەوە، هەڵکەوتەی جوغرافیایی، دەسەڵات، سروشت، ڕەگەز و... کاریگەرییان دەبێت لەسەر فەرهەنگی تاک و کۆمەڵگە، هەروەها لە نێو کۆمەڵگەیشدا، پولێنبەندییەکانی کۆمەڵایەتی، بنەماڵە و پیشە دەبنە هۆی دابەشکاری و جیاوازیی فەرهەنگی و، وردە فەرهەنگەکان پێک دێنن، بەو واتایە کە هەرکام لەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە، بەپێی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بیرکردنەوە و ئامانجی دیاریکراویان دەبنە خاونی هەڵسوکەوتی جیاواز و بەو جیاوازییە خۆیان پێناسە دەکەن و تەنانەت بێئەوەی خۆیان بناسێنن بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەتوانن بەڕوونی بیانناسن.

بۆ نموونە لە ڕوانگەی پیشەیی، کاتێک کۆمەڵگەی پزیشکان لە بەرچاو بگرین، بەپێی هەڵسوکەوت، زمانی ئاخاوتنیان، پۆشینی جلوبەرگ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان دەتوانین بێئەوەی پزشکێک خۆی بناسێنێ، بەڕوونی بیناسین، یان گرووپێکی ئایینی، سیاسی، هونەری و تەنانەت عەشیرەیی و ... بەپێی پێوەرە فەرهەنگییەکان بەو هێما و خاڵانەی کە بووەتە ناسنامەیان بۆ کۆمەڵگە دیارن.

بەو پێشەکییە با بێینە سەر باسەکەمان کە بە تیتری" فەرهەنگی پێشمەرگایەتی" دەستمان پێ کرد. پێشمەرگە وەکوو وشە واتاکەی ڕوونە، بەڵام وەکوو ماهییەت و فەلسەفە دەبێت لە ڕوانگەی عەقڵانی و ئەندیشەیی پێناسەی بکەین. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەشێک لە کۆمەڵگە هەن کە پێشەنگن لە پاراستنی نیشتمان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، چ وەکوو هێزی نیزامی بێت چە ئەو هێزە فەرهەنگییانە کە لە وڵاتان وەکوو شوالیە و ساموورایی و ... ناودێر کراون و دەتوانین بڵێین قارمانانی نیشتمانین.

بەڵام پێشمەرگە لەگەڵ هەموو ئەو چینانە جیاوازیی هەیە، بۆ نموونە شوالیەکان تەنیا بەشێک لە فەرماندەرانی هێزە نیزامییەکان و پێشەنگێکی نیزامی بوون و بەرژەوەندیی هێزەکەیان لە سەرەوەی هەموو شتێک بووە. یان هێزە مودێرنەکان لە فۆرمی ئەرتەش و سپا لە وڵاتان بە هەر ناوێک وەکوو کوماندۆ، پارتیزان یان پلەبەندییە نیزامییەکان وەکوو ئەفسەر و ژێنراڵ، تەنیا تاکێکی نیزامین و ئەرکیان پاراستنی دەسەڵاتە و مانەوەی وڵاتەکەیانە، بەو پێیە دەیڵێینەوە کە پێشمەرگە جیاوازە، چوونکە تەنیا تاکێکی نیزامی نییە و ئەرکێشی پاراستنی دەسەڵات و سیستم نییە، بەڵکوو تەنیا هێز و تاکێکی جیهانە کە بوونی بە نیشتمان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و تاک و وڵاتەوە بەستراوەتەوە، ئەوەیش نەک تەنیا لە بواری نیزامییەوە بەڵکوو سەرەڕای توانایە نیزامییەکانی خاونی کەسایەتییەکی سیاسی و ئەندیشەیە کە کورد و کوردستان بۆ ئەو هێڵی سوورن. لە ڕوویەکی دیکەشەوە پێشمەرگە تەنیا جێبەجیکار نییە، واتە لە وڵاتانی دیکە هێزی سیاسی و دەسەڵاتدار بڕیار دەدا و هێزی نیزامی جێبەجیکارە، بەڵام پێشمەرگە خۆی بە ئەرکدار دەزانێت لە ڕاستای بەرژەوەندیی نیشتمانی و پاراستنی کەرامەتی تاک و کۆمەڵگەی کوردستاندا گیانفیدایی بکات و لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە بەپێی ئەندیشە و بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسی دەجوڵێتەوە و توانای شیکاری سیاسی و هەڵگری دیسکۆرسی تایبەتە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە دڵنیاییەوە پێناسە و خویندنەوەی پێشمەرگە زۆر ئەستەمە و لە چەند پاراگرافدا باس ناکرێ و کەمن ئەو کەسانەی بە شێوەی زانستی پێشمەرگە پێناسە دەکەن و کردوویانە. پێشمەرگە وەکوو ڕۆڵەیەکی قارمان خاون فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆیەتی کە بەپێی ئەو پێوەرە فەرهەنگییانەی کە پێشتر باسمان کرد هەموو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان و تەنانەت جیهان، پێشمەرگە و تاکێکی ئاسایی لەیەک جیا بکەنەوە.

فەرهەنگی پێشمەرگایەتی بووەتە بەشێکی بنچینەیی لە فەرهەنگی گشتیی کۆمەڵگەی کوردستان و کاتێک دێین لەم ڕۆژانەی شۆڕشی ژینا، دەڕاونینە شۆڕشگێڕانی شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خوێندنەوە لەسەریان دەکەین، دەبینین کە هەموویان هەوڵ دەدەن پێشمەرگانە بجووڵێنەوە و دەیانەوێ پێشمەرگە بن، بەو واتایە کە دروشمەکان لە ڕووی سیاسیەوە ئەندێشەیەکی مرۆڤتەوەرانە و کوردانەیان لەپشتە و، لە ڕووی پێشەنگایەتی و ڕێکخستنی و بوێری، دەیانەوێ پێشمەرگانە بڕۆنە پێشەوە، لە ڕووی بەربەرەکانی و سەنگەربەندی لەنێو شەقامەکان پێشمەرگانە ڕادەوستن، ئەوە بەو واتایەیە کە جیا لە پێشمەرگەکانی شار و شاخ، خەڵکی کوردستان کە بەفەرمی پێشمەرگە نین، بەڵام لە ڕووی فەرهەنگەوە هەڵگری فەرهەنگی پێشمەرگانەن، یان دەتوانین بڵێین پێشمەرگە وەکوو ئولگویەکی سەرەکی بی ئەملا و ئەولای خەباتگێڕییە لە کوردستان هەم لە ڕووی سیاسی هەم نیزامی.

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم ڕۆژانە پێشمەرگە ئاسا لە مەیداندان، هەرچەند ئەوەی پێشمەرگە پێی دەکرێت، تەنیا لە توانای هەر خودی پێشمەرگەدایە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین خەڵک پێشمەرگەی کردووە بە مەکتەبی ئەندیشەیی پراکتیکی و وەکوو قوتابییەکی بەتوانا مەیدانداری دەکات و ئەرکی خۆی لەم قوناغە لە شوڕش جێبەجی دەکات تاکوو قوناغی هاتنە مەیدانی پێشمەرگە نزیک بێتەوە.

قۆناغەکانی گوزار لە شورشەوە بەرەو سەرکەوتن دەستی پێ کردوە و، کورد بەباشی خەریکە بە فەرهەنگێکی پێشمەرگانە پلە بە پلە دەرواتە پێش و بەمەش پڕ ڕوونە کە سەرکەوتنمان مسۆگەرە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٥ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٣ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم!




**ئاسۆ مینبەری**

دەڵێن هیچ خۆشەویستییەک بارتەقای خۆشەویستیی دایک و باوک بۆ جگەرگۆشەکەیان نییە، خۆشەویستییەکی بێسنوور کە زۆر جار دایک و باوکان ڕوو لە منداڵەکانیان دەڵێن تا نەبن بە دایک و باوک لەو خۆشەویستییە تێناگەن! ئەوەی ئەم ڕۆژانە لە شەقامەکانی کوردستاندا دەبینرێت، دەمانباتە قووڵایی بیرکردنەوەیەکەوە و تووشی تێڕامانێکمان دەکا کە ڕەنگە لە هیچ قۆناغێکی ژیانماندا ئەزموونمان نەکردبێ.

لە شەقامەکانی کوردستاندا، ڕۆڵە دڵ پڕ لە خۆزگەکانی ئەم نیشتمانە بەرانبەر بە داگیرکەر دەوەستنەوە، لە بەرەنگاربوونەوەیەکی نابەرانبەر و نادادپەروەرانەدا و تەنیا بە یەک چەک، ئەویش بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن و بە گوللەی دوژمنی دڵ پڕ لە قین وڵامیان دەدرێتەوە. ئەوان شەهید دەبن و دەچنە ڕیزی نەمرانی گەلەوە، دوژمن لە تەرمەکەشیان دەترسێ و هەوڵی ڕفاندیان دەدات، ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیان بە پێچەوانەی ڕەوتی باوی کۆمەڵگە لە دیمەنێکی لێوڕێژ لە شیوەن و ڕۆڕۆوە، دەبێتە گۆڕەپانێکی بە لرفە لە هێزی گەل کە بە دروشمی شەهید نامرێ دەڕازێتەوە. کوڕ لە خەمی لەدەستدانی باوکدا، پەیامێکی ورەبەخش بە خەڵک دەدا و پێ لە سەر ئەوە دادەگرێتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان داگیرکەرە و دەبێ بەرەنگاری ببینەوە. باوک لە سەر گۆڕی کوڕە شەهیدەکەی دەڵێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"چونکە لە ٢٥ی گەلاوێژدا لەدایک بوو ناوم لێ نا کۆمار" و باس لە کوڵی دڵی زامداری بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی دەکات؛ بەڵام وەک قەڵایەک لە باوەڕ سوورە لە سەر ڕێبازێکی پیرۆز کە هەڵیبژاردووە و کوڕەکەشی لە پێناویدا شەهید بووە. دایکی جەرگسووتاو، بە چۆپی سوورەوە پێشوازی لە تەرمی کوڕە شەهیدەکەی دەکات و دایکێکی دیکە بە هەموو ئازاری لەدەستدانی کوڕەکەیەوە دەڵێ کوڕی من شەهیدە و پێشکەشی دەکەم بە کوردستان، کچی نیشتمان نەبم بەڵام ئەگەر تۆڵەی نەستێنم!

ئەمانە تەنیا نموونەیەکی بچووک لە دەریای خۆڕاگری و باوەڕی ئەو کەسانەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا و لە ڕەوتی نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکاندا، ئازیزانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە و، هەر ئێستا کوردستان پڕە لەم چیرۆکانە کە دەنگیان بە گوێی هەموومان گەیشتووە.

زیاتر لە دوو مانگە ڕووباری بە لرفەی هێزی گەل، کوردستانی کردووەتە جەهەنەمێک بۆ دوژمن. زیاتر لە دوو مانگە خوێن دەدەین و ئەم دیالۆگانە لە زاری کەسانێکەوە دەبیستین کە ڕەنگە هیچکات نەتوانین هەست بە ئازارەکەی دەروونیان بکەین. بیستنی ئەم وتە ڕاستەقینانە لە زاری زامدارترین کەسەکانی ئەمڕۆی نیشتمانی ئێمەوە ناخهەژێنە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەبیرمان دێنێتەوە کە دەبێ لە کوێی هاوکێشەی ئەم ژیانە داسەپاوەدا ڕاوەستین و بە دوژمن بڵێین بوەستە! چیدیکە ناتوانی بمانکوژی، ئازارمان بدەی و لە خاکی خۆمان وەدەرمان بنێی، ئەوە نیشتمانی ئێمەیە و بێگومان ئەوەی کە ئەبێ بڕوات تۆی نەک ئێمە!

کاتێک دایکێک لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی کوڕە شەهیدەکەیدا، دەڵێ کوڕی من شەهیدە و پێشکەشی دەکەم بە نیشتمان، هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەفای بۆ خاکەکەی ڕادەگەیێنێ، ئەرکی قورسی بەردەوامبوونیش دەخاتە ئەستۆی خەڵکەوە، بێگومان ئەمە بۆ هیچ دایکێک کارێکی ئاسان نییە کە بەو ڕادە لە خۆڕاگرییەوە و لەکاتێکدا کە خەریکە بۆ هەتاهەتایە تەرمی کوڕەکەی بە خاک دەسپێرێ بە وشەکانی هەم بتوانێ هەستی خەڵک بجووڵێنێ و هەم ئەرک بخاتە سەر شانی جەماوەر و لە ڕاستیدا ببێتە لیدری ڕاپەڕینەکان.

بێگومان یەکێک لە گرینگترین جیاوازییەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارەی کوردستان لەگەڵ نارەزایەتییەکانی پێشوو، ڕۆڵی ژنان لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکەیە. ئەگەر لە ڕابردوودا دایکان پێشیان بە منداڵەکانیان دەگرت تاکوو نەچنە نێو دۆخی ئاڵۆزی شارەکانەوە بۆوەی گیانیان بپارێزێ، ئێستا دایکان هاوشان لەگەڵ منداڵەکانیان لە گۆڕەپانی خەبات و ڕاپەڕیندا بەشدارن و بە نیشاندانی خواستی هاوبەشی دوو بەرەی جیاواز لە یەک قاپدا، داوای مافەکانیان دەکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەند ئەو نرخەی کە ئێستا لە کوردستان دەدرێت، زۆر زۆر قورستر لەوەیە کە لە باقی شارەکانی ئێراندا دەبیندرێت، بەڵام بێگومان ئەم نرخ و قوربانیدانە، جیاوازیگەلێکی بنەڕەتیشی هەیە، بۆیە گەیشتووەتە ئەم قۆناغە. مانگرتنی بەردەوامی ڕۆژانە، ڕاپەڕینی بەردەوامی شەوانە، بەشداریی خوێندکاران، بازارییان، ژنان، لاوان و تەنانەت مێرمندالآن لە ڕاپەڕینەکەی ئەمجارەدا، نیشان دەدات کە چۆناوچۆن هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئامادەی گیانفیدایی بۆ وەرگرتنەوەی خاک و نیشتمان لە داگیرکەرن.

لە ماوەی هەموو ساڵانی ڕابردوودا کە ڕژیمی ئێران حوکمی لەسەر کوردستان کردووە، ژنان هەمیشە و لە هەموو ڕووداوەکاندا پێشەنگایەتیان لەئەستۆ گرتووە، بەڵام دەڵێی ئەم قۆناغە لە خەبات، زیاتر هێزی ژنانی دەرخستووە و لەم قۆناغەدا زیاتر خەریکی سەلماندنی ئەو ڕاستییەن کە هەمیشە و لە هەر دۆخێکدا توانایی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنیان هەبووە و هیچکات پێناسەی باوی ڕژێمیان بە پێناسەی ڕاستەقینەی خۆیان نەزانیوە.

بیستنی ئەم ڕستەیە، "کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم" لە زاری دایکێکی دڵ بریندارەوە زیاتر لەوەی کە بارستایی خەمێکی قووڵمان پێ نیشان بدات، ئەو پەیامەمان پێ دەگەیێنێ کە سەرەڕای هەموو زامەکان، لەسەر پێین و بەردوامین تاکوو بتوانین بەو ئامانجە بگەین کە ڕۆڵەکانی کوردستان لەپێناو وەدیهێنانیدا گیانیان بەخت کرد.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٥ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٣ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# عومەر ئیلخانیزادە دەڵێت: ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران کاریگەری لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو حزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان هەبووە، بەڵام ئێمە پێشتر یەکمان گرتبووەوە.




**هاوڵاتی**

**عومەر ئیلخانیزادە جێگری سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی،**

**هاوڵاتی: هەردوو حزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەڕەسمی یەکگرتنەوەتان ڕاگەیاند، پاڵنەری سەرەکی ئەم یەکگرتنەوەیە چی بوو؟**

**عومەر ئیلخانیزادە**: ئێمە ساڵ و نیوێکە دیالۆگی یەکگرتنەوەمان هەیە لەباری سیاسی و گوتاری سیاسی و لەباری ڕوانین بۆ کاری حزبی و کاری ڕێکخستن، ڕوانین بۆ کۆمەڵگای کوردستان و ئەرکەکانی کۆمەڵە لەو بوارانەدا هەمووی یەکبووین و زۆر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چووبووینە پێشەوە، بەڵام یەک دوو کاری بچووک مابوون بەهۆی ئەو گیروگرفتانەی کە لەکوردستانی باشوور هاتەپێشێ بۆ ئێمە و هەم بەهۆی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەوە کات نەبوو تا لەکۆتاییدا لیژنەکەمان هەموو کارەکانی خۆی بردبووە پێشێ ئەو یەک دوو گیروگرفتە بچووکەش سپێردرا بەمن و بەڕێز کاک عەبدوڵای موهتەدی لەدانیشتەکانیدا ئەوانەش چارەسەرکراو پێمانوابوو کەئێستا کاتێکی زۆرباشە ئەگەر ئەو هەلومەرجەش نەهاتبایەتە پێشەوە زووتریش ئێمە دەمانتوانی ئەوە رابگەیەنین، ئێمە دوای جیابوونەوەی ساڵی ٢٠٠٧یش لەباری گوتاری سیاسییەوە هەر لەیەک دانەبڕاین.

**هاوڵاتی**: هۆکاری چیبوو لەدەرەوەی وڵات یەکگرتنەوەکەتان راگەیاندو لەناوخۆی کوردستان نەبوو؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: چونکە من هاتبوومە دەرەوە بۆ هەندێک کار تەمدیدکردنەوەی پاسپۆرتەکەم و کاک عەبدوڵاش لەدەرەوە بوو، نەماندەتوانی بڵێین با بووەستین و با بچینەوە کوردستان و پێمانوابوو دوای ئەوەی هەموو شتێک جێبەجێبووەو لیژنەکەش کاری خۆی رادەستی لیژنەی هاوبەشەکە کردبوو، باشترین کات ئەوەیە ئێستا مزگێنییەکی باشیشە بەخەڵکی کوردستان و بەهەموو ئەڵقەی کۆمەڵەش.

یەکگرتنەوەکە لەستۆکهۆڵم بوو لەسیمینارێک کەبەشێکی زۆری کادرەکانی هەردوولامانی لێبوو و بەشێکیش لەوانەی کە لەگەڵ حزب نەماون بەڵام کۆمەڵە لەوێبوون و خەڵک و میوانی دیکەو نوێنەری حزبە سیاسییەکانیش بوون.

**هاوڵاتی**: یەکگرتنەوەکەتان تاچەند پەیوەندی بەم نارەزایەتییانەی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە هەیە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: عەرزم کردیت ئێمە یەک دوو جاری تریش دیالۆگمان هەبووە پتر لەساڵ و نیوێکە لیژنەیەکی هاوبەشمان بۆ داناوە، حەوت کەس لەهەردوو لاوە بەسەرپەرشتی هاورێ عەبدوڵای موهتەدی و ساڵ و نیوێکە گفتووگۆ دەکەین، ئەسڵەن ئەو بزوتنەوەیەی ئێستا سەریهەڵنەدابوو زۆربەی شتەکانیشمان پێش ئەو رووداوانە بردبووە پێشێ، ئەرکی یەکخستنەوەی کۆمەڵە ئەرکی پێکهێنانەوەی کۆمەڵەیەکی گەورە لەکوردستانی ئێران، دەورێکی مێژوویی کەکۆمەڵە بوویەتی هەردوولامان بەئەرکی خۆمانمان زانیوەو بەهەموو وجودیشەوە کاری بۆ دەکەین و دڵنیاشم لەو ماوەیەداو چ لەناوەندی هاوکاری حزبەکانی کوردستانی ئێران یەک گوتار بووین چ لەمەسەلەی ئەو رووداوە شۆرشگێڕانەیەی کە لەهەموو کوردستان و ئێراندا هاتووەتە ئاراوە یەکدەنگ بووین و ئەوەش پاڵنەر بووە.

**هاوڵاتی**: واتە رووداوەکانی ئێران پاڵنەر بوو بۆ یەکگرتنەوەتان؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**عومەر ئیلخانیزادە**: دڵنیام لەم بابەتەوە تەئسیری دەبێت ئێمە پێش ئەوە یەکمان گرتبوو، بەڕاستی باپێت بڵێم ئێمە یەکمانگرتبوو لەخوارەوەو لەنێو هەموو ریزەکانمان لەسەرەوە لەکۆمیتەی ناوەندییەوەو لەکادیرەکانەوەو لەئەندامانمان و لەکەسانمان و لەشارەکانی کوردستان و لەناوخۆو لەدەرەوەی وڵات ئێمە بەهەموو شێوەیەک یەکمانگرتووبوو و نزیک یەکبووین و کاری هاوبەشمان کردووەو رۆژی کۆمەڵەمان نۆ مانگ لەوەوپێش پێکەوە کردو پێکەوە کارمانکردو لەئەنجامدا بەشی زۆری کاری ئێمە تەواوبوو و عەرزمکردیت یەک دوو گرێکوێرە مابوو رایی بکرێت.

**هاوڵاتی**: دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران فشاری زۆری بۆ خۆپیشاندەران هێناوەو شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا رووبەڕووی هەڵمەتی سوپای پاسداران بوونەتەوەو ژمارەی شەهیدەکان زۆر زیاتربوون، ئێوە وەک حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رۆڵتان لەم بارودۆخەدا چییە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: با عەرزت بکەم رۆژهەڵاتی کوردستان دەورێکی سەرەکی لەو بزوتنەوەیەی کەئەمرۆ لەئێراندا هەیە پەیداکردووەو کورد بۆ یەکەمجار لەمێژووی هەموو کوردستاندا لەلایەن خەڵک و نەتەوەکانی دیکەی وڵاتێک کەکوردی تێدایە پشتیوانی لێدەکرێت وەک ئولگو (نمونە) چاوی لێدەکرێت ئەو شۆڕشە لەکوردستانەوە بەدروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) و لەمەرگی ناجوامێرانەو کوشتنی ناجوامێرانەی کچێکی کوردەوە بەناوی ژینا ئەمینی سەقزی دەستیپێکرد، دەتوانم بڵێم کچێکی کورد گیانیلەدەستدا، بەڵام گیانی کرد بەبەر هەموو خەڵکی ئێرانداو کوردستان ٤٣ ساڵ بوو بەدژی ئەو رژێمە راوەستاوە نای گوتووە بەکۆماری ئیسلامی و خوازیاری سکۆلاریزم بووە، فرەچەشنی قبوڵکردووە لەکوردستاندا، تاک کەوتبووینەوە، ئێمە تەنها لایەن بووین، بەڵام ئێستا شۆڕشەکە پەڕیوەتەوە بۆ هەموو ئێران و تەنانەت لەجیهانیش پشتیوانی نێونەتەوەیی پەیداکردووە.

**هاوڵاتی**: پێتانوایە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرێگای سەرکوتکردن دەتوانێت کۆتایی بەخۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان بهێنێت، ئایا بەبڕوای ئێوە خۆپیشاندانەکان بەرەو کوێ دەڕوات؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: من لام وایە کۆماری ئیسلامی ئێران هەر بەهۆی سەرکوت و کوشتارو میلیتالیزم و دژە ژنی هەر هاتووەو ئیعتیرازات بەرەو رووی زۆرتر بووەتەوە ئینجا لەگەڵ خەباتێکی بێوێنە و بوێرانەی سەرانسەری لەگشت ئێراندا رووبەڕوو بووە، ئینجا پێشی وایە هەوڵی ئەوەدەدات کەکوردستان داببڕێت لەشوێنەکانی دیکە کوردستان بە مەکۆو سەنگەرێکی گەورەی ئەم ئیعتیرازو بزوتنەوانە دەزانێت هەر دەیەوێت وا بنوێنێت کە ئەوە حزبە کوردییەکانن خەباتی چەکداری ئەوەیان دەستپێکردووە و بەو شێوەیە کاردەکەن ئەو پیلانەی پوچەڵبووەوە ئەم لەئەنزەر خەڵکی ئێران هەم لەوەی ئێمە بڕیارماندا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەباتی مەدەنی وەک خەباتی مەدەنی بۆ خۆی بکرێت هیچ هێزێکی چەکداری تێکەڵ نەکەین ئەو پیلانەی شکستی خواردووە، هەربۆیە بەهەموو شێوەیەک چەندجار بۆمبارانی کردووین بەموشەک و درۆن، بەڵام جوابەکەی وەرگرتووەتەوە دوای هەر هێرشێکی کۆماری ئیسلامی خەباتەکە گەرموگورتر بووە، ئەم بەشەی کوردستان مەکۆیەکی شۆڕش و سەنگەرێکی قایمی شۆڕشی کوردستانە کە هەموو خەڵکەکەی لەگەڵ حزبە سیاسییەکان هاوتەریب و یەکدەنگ و هاوپەیوەندین، لەلایەکی ترەوە من پێموایە لەسەرەتای مانگی سێی ئەو خەباتەداین هیچ کات لەئێران وانەبووە کە هەموو ڕۆژێک ئیعتیرازو موبارەزە و هاتنە خیابان بەردەوام بێت و دیتمان لەباقی شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا مانگرتنە گشتییەکان دەستپێکردو ئەوە نیشاندەدات کەئیتر ئەو ئولگوەی لەکوردستان بوو ئەو یەکپارچەییەی لەکوردستان بوو چووەتە تاران، چووەتە تەورێز، ئازەربایجان بەگشتی بەلوجستان و هەموو جێگەیەک، بۆیە ئەو مانگرتنە گشتییانە ئەوە نیشاندەدات کە یەکگرتووییەکی گشتی خەڵک و بەشدارییەکی گشتی خەڵک لەبزوتنەوەکەدا هەیەو من ناڵێم کۆماری ئیسلامی تواناى سەرکوتی نەماوە، بەڵام بەدڵناییەوە ئەو شۆڕشە نانیشێتەووە بەدڵنیاییەوە ئێران تازە ناچێتەوە پێش دۆخی مەرگی ژیناو شۆڕشی ژینا بەردەوام دەبێت.

**هاوڵاتی**: بەبڕوای ئێوە ئێران ئامانجی چییە لەهێرشەکانیدا، یاخود دەیەوێت چ پەیامێک بگەیەنێت لەماوەی کەمتر لەدوو مانگدا ئەوە سێیەمین جارە هێرش بکاتەسەر بارەگای حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەهەرێمی کوردستان؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: یەکەم دەیەوێت ئێمە دنە بدات و تەحریکمان بکات کە بۆ بەربەرەکانێ و بمانکێشێتە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانێیەکی نیزامی و بەو شێوەیە جیامان بکاتەوە، جۆری خەباتی کوردستان لەگەڵ باقی شوێنەکانی ئێران و بەو شێوەیە بتوانێت سەرکوتێکی خوێناوی لەکوردستان بکات، من بەنموونە پێت دەڵێم لەبزوتنەوەی سەوزدا ئەوکات کوردستان زۆرکەم بەشداربوو، بەڵام وەختێک بزوتنەوەکەی خەواندەوە زۆرترین کوشتاری لەکوردستان کرد زۆرترین ئیعدامەکان لەکوردستان بوون، بۆیە ئەو دەزانێت کوردستان ئەڵتەرناتیف بووە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران، کوردستانە لەئەوەڵەوە نای وتووە کوردستانە مەکۆی دیموکراسیخوازی و فرەچەشنی و ئێستا لەلایەن گەلانی ئێرانیشەوە ئەوە قبوڵکراوە ئەوەش دووەمین دەلیلە، سێیەمین دەلیل ئەوەیە کە ئەو ئیحتیاجی بەوەیە کە بڵێ ئەوە لەدەرەوەی سنوورەکان شەڕێک و کێشەیەک سازبکات و ئاژاوەیەک بنێتەوە، کەمن پێموایە لەوەشدا سەرکەوتوو نابێت هەموو ئەمانە من بە پەلەقاژێی کۆماری ئیسلامی دەبینم دەزانم دەتوانێت خەسارمان بگەیەنێ و گەیاندوشیەتی، دەزانم دەتوانێت گوشاری زیاتر بخاتەسەر هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهەموو مەنتیقێک و بەهەموو ڕوانینێک کە لەعێراق و هەرێمی کوردستانیش دەیبینن ئێمە هیچ جوڵەیەکی چەکداریمان نەکردووە، ئێمە لەخاکی ئەو هەرێمەوە هیچ شتێکمان لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران نەبووەو نەکردووەو هیچ بیانوویەکمان نەداوەتە دەست و وەزعی ئەو هەرێمەو خەڵکەکەی و ئاسایشی هەمیشە بۆ حزبەکانی کوردستانی ئێران



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەتایبەتی بۆ کۆمەڵە لەهەموو دەورەکاندا مەسەلەیەکی گرنگ بووە.

**هاوڵاتی**: ئێران دەڵێت ئەگەر حزبەکانی ڕۆژهەڵات چەک نەکرێن هێرشی زەمینی دەکەینەسەر هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم داوای لەئێوە کردووە چەک دانێن؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: نەخێر داواکاری لەئێمە نەکراوە، پێشم وانییە قەد هەرێمی کوردستان تەسلیمی ئەوەبێت، ئێمە پێش ڕووخانی سەدام حسێنیش لێرە بووین و لەنێو ئەو گەلەدا بووین، ئێمە پشتیوان بووین لەڕاپەڕیندا پشتیوان بووین لەدروستکردنی هەرێمی کوردستاندا و گەلی ئێمە لەڕۆژهەڵات بەهەموو قودرەتی خۆیەوە پشتیوانی کردووە لەهەموو پێشکەوتنێک لەو هەرێمە، بۆیە ئەو داوایە لەلایەن هەرێمیشەوە دڵنیام ناتوانرێت قبوڵبکرێت لەلایەن ڕووناکبیران و خەڵکی ئەو هەرێمە، پەیوەندییەکی مێژوویی نێوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور هەیە، پێموایە ئەو داواکارییە ناتوانرێت قبوڵبکرێت و تائەو جێیەی ئێمە مەعلوماتمان هەیە دەوڵەتی عێراقیش بۆی ئاسان نییە هەر لەو ڕۆژانەشدا قەرارە پەرلەمانی عێراق کۆبێتەوە، جیا لەوە من بەفرۆفیشاڵی دەزانم ئێرانێک کە دەیەوێت لەکوردستانی عێراق هێرشبکاتە سەر ئێمە، لەنێو خاکی ئێرانداو لەنێو کوردستانی ئێراندا لەژێر پالامارو زەبری شۆڕش و ئاخێزێکی جەماوەری گەورەدایەو لەباری نێونەتەوەییەوە ترۆو ریسوا بووەو تەریک کەوتووەتەوە، من پێموانییە ئەوە کارێکی ئاسان بێت و ئەگەر ئەو کارەبکات کارێکی شێتانەیە کەمەرگی خۆی بەدواوە دێت، ئەو کوردستانی ئێرانی بۆ ڕانەگیراوە قابیلە بتوانێت ئەو کارە لێرە بکات و ئەوە کارێکی شێتانەو ئەحمەقانەیەو بەزیانی خۆی سەد لەسەد هەڵدەگەڕێتەوە، هەروەک چۆن هێرشەکانی بۆ ئێمەی کردووە هیچ شتێکی دەستکەوت بۆ ئەو نەبووە ئەگەر زەربەیەکی لەئێمە دابێت شۆڕشی ئێمەی پتەوتر کردووەو یەکگرتوویی زۆرتر کردووە.

**هاوڵاتی**: پژاک بڕیاریداوە ئاڵای کۆماری کوردستان لەمهاباد وەکو ئاڵایەکی هاوبەش لەگەڵ حزبە کوردییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان قبوڵ بکات، ئێوە چ ئاڵایەکتان پێباشە بۆ ئەم قۆناغە؟ هاودەنگن لەگەڵ ئەمە یاخود ڕای جیاوازتان هەیە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: نەخێر ئێمە هاودەنگ نین و خەڵکی کوردستانیش لەگەڵ ئەمە هاودەنگ نییە، ئێمە دەبینین لەهەموو دەرەوەی وڵات لەهەموو جێیەک لەئەوروپا خەڵک ئەو ئاڵایە هەڵدەدات، ئەوە بەمانای ئەوە نییە دواجار ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵای خۆی نابێت، چاو لەوڵاتانی ئەسکەندەنافی بکە هەموو ئاڵاکەیان سەلیبە ئەو سور و سپییە یەک زەردو شینە، یەک جۆرێکی دیکەیە، بەڵێ هەر ئەو شێوازە لەئاڵا هەر ئەو سێ ڕەنگە بۆ ئێمە دەمێنێتەوە و ئەوە ئاڵایەکە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کەدەسەڵاتێکی کوردی پەرلەمانێکی کوردی دەنگی بۆ داوەو ناسراویشە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت ئاڵای خۆی هەبێت و ئێمە دەست لەوەهەڵناگرین، پێمانوایە ئەوە جۆرێک دووبەرەکی سازکردنەو ئێمە چ وەک کۆمەڵە چ وەک ناوەندی هاوکاری نەکەوتووینەتە ئەو داوەوە ناکەوین.

**هاوڵاتی**: بەڵام ئەوە ئاڵای سەردەمی کۆمارە ئێوە بۆچی پێتان باش نییە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: قەیناکا ئەی ئاڵای سەردەمی کۆماریش دەکرێ گۆڕانی تێدا بکرێت، ئاڵای عێراقیش گۆڕانی تێدا کراوە، ئێرانیش تیایدا کراوەو وڵاتانی جۆراوجۆر ئاڵاکەیان گۆڕانی تێدا کراوەو دەبێت بچینەوە دەسەڵاتێکی یاسایی، ئەوە بگۆڕێت ئەمە کاری حزب نییە.

**هاوڵاتی**: ئێوە تەنها لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ناوەندی هاوکاری حزبەکانی ڕۆژهەڵات پەیوەندیتان هەیە، یاخود لەگەڵ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی تری ئێران بەگشتی پەیوەندی و هەماهەنگیتان هەیە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: ئێمە لەناوەندی هاوکاریداین و لەوێدا هاوپەیمانێتییەکمان هەیە کە پێشی وەفادارین و پێمانوایە دەبێت گەشەشی پێبدەین، لەهەمانکاتدا چ وەک ناوەندی هاوکاری چ وەک کۆمەڵە ئێمە خوازیاری هاوئاهەنگی لەگەڵ حزبەکانی دیکەش هەین و هەر لەو ماوەیەشدا هاوئاهەنگیمان هەبووە بۆ ڕاییکردنی ئەرکەکانی ئەو بزوتنەوەیەو سیاسەتێک کەدەیگرینەبەرو ئەوەش پەرە پێدەدەین و دیالۆگ و دانیشتنیشمان بڕیارداوە لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەکوردستاندا هەن دانیشتن و دیالۆگ دەکەین کە کاردەکەین ڕێگەچارەیەک ببینینەوە بۆ هاوئاهەنگی زۆرتر ئەگەر نەمانتوانی بەتەواوی هاوپەیمان بین و بەرەیەکی کوردستانی پێکبهێنین، کەهیوادارم بتوانین، بەڵام دەتوانین جۆرێک چەتری نزیکی و هاوکاری و هاوئاهەنگیمان هەبێت و ئێمە چ وەک ناوەندی هاوکاری حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران، چ وەک کۆمەڵە لەو بوارەدا گرفتێکمان نییە.

لەکۆتاییدا هیوادارم کەخەڵکی کوردستانی عێراق ئەو وتووێژە دەخوێنێتەوە بەهەموو وجودیەوە وەک هەموو جاران پشتیوانی ڕۆژهەڵات بن لەو قۆناغە سەختەدا، کەدەزانم سەختە، بەڵام دڵنیام سەرکەوتوویی هەر بۆ گەلی کوردە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "جیاییخوازی" ناوی ڕەمزی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی




**ڕەزا دانشجوو**

شۆڕشی ژینا لە کاتێکدا چۆتە نێو سێهەمین مانگی تەمەنی خۆیەوە، توانیویەتی پێشینەیەکی زۆر سەرکەوتوو لە زۆر بواردا نیشان بدات، پێشینەیەک کە بەڵێنی ڕۆژانی گەش بۆ خەڵکی ئێران دەدات، بەبێ گوێدان بە هەندێک هەوراز و نشێو لە ڕۆژانی شۆڕش، کە لە بەرانبەر ڕێژێمێکی دڕندە و بێبەزەیی وەک کۆماری ئیسلامی، تەواو ئاساییە، خوێندنەوە و لێکدانەوەی سەیری ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی قەبوڵکراو. سازمانی بێ سەر و لە هەمان کاتدا یەکگرتوو و ئامانجداری شۆڕشی ژینا توانایی هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەرگرتووە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا زۆر جار هەوڵی دا بە بەستنەوەی شۆڕش بۆ گرووپ و بزووتنەوەیەکی ناسراو دوژمنێکی دیاریکراو بۆ خۆی پێناسە بکات و بتوانێت ئاراستەی شۆڕش بگۆڕێت. هێرشی مووشەکی بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و پارتەکانی دیکەی کوردستان، تۆمەتی پێوەندیی ڕێبەری سوننەی ئێران بە عەرەبستان و هتد، بەشێک لەم هەوڵە وەهمییەی ڕێژیم بوو کە بەهۆی وریایی خەڵک و ڕەچاوی سیاسەتی ژیرانە لەلایەن ئەم لایەنانە شکستی هێنا. خاڵێکی تر هێرشی شۆڕشگێڕان بۆ سەر تەواوی پرەنسیپ و چوارچێوەی سیستمەیی کۆماری ئیسلامی بوو، کە بەکردەوە ئەگەری دەستێوەردان و هەر جۆرە نێوەندگیرییەکی لەلایەن تاقمێک ڕەوتی سیاسیی نێو ڕێژیم - ڕیفۆرمخوازەکانەوە -



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەهێشت. هێرشێکی وشیارانەی خەڵکی شۆڕشگێڕ بەتایبەت لاوان بۆ سەر هەموو ئەو بەهایانەی لەلایەن ڕێژێمی کۆماری ئیسلامییەوە پێناسە کرابوون، لە دروشمدان دژی ڕێبەری ڕێژیم تا نارەزایەتیدەربڕین بە حیجابی زۆرەملێ و هێرشکردنە سەر ئاخوندەکانی سەر بە ڕێژیم. بەڵام ڕەنگە گرینگترین دەرئەنجامی ئەم ڕۆژانەی شۆڕشی ژینا، یەکگرتوویی نموونەیی نەتەوەکانی ئێران بووبێت کە بووەتە کابوسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. هەر لەو دروشمانەی کە لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕش لە کوردستان و ئازەربایجان بۆ پشتیوانی لە یەکتر دەدرا تا دەگاتە پاڵپشتی بۆ زاهیدان و بەلوچستان لە شارەکانی دیکە، ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ نیشاندانی یەکڕیزیی گەلانی ئێران.

کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی بە هیچ جۆر نەیتوانی شەقام و دروشمە ئامانجدارەکانی خۆپیشاندەران بەلاڕێدا ببات، بە کەڵکوەرگرتن لە چیرۆکی کۆنی جوداییخوازی بۆ دوورخستنەوەی گەلانی ئێران لە یەکتر و بێهیواکردنی شۆڕشگێڕان لە ئاکامی شۆڕش لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵی دا بە بەکارهێنانی تاقمێک سێلیبریتیی حکومەتی و دووپاتکردنەوەی ئەم ترسە، یەکڕیزی خەڵک تێک بشکێنێت. ڕێژیم لەم بوارەدا بەتەواوی شکستی خوارد، چونکە بەگشتی ئەوانەی حازر بوون هاوکاری ڕێژیم بکەن کەسانێک بوون کە لای خەڵک بە باشی ناسراو بوون و قسەکانیان لای جەماوەر هیچ بایەخێکی نەبوو. لە قۆناخی دووهەمی ئەم پیلانەدا، ڕێژیم پەنای بۆ هەندێک لە بەکرێگیراوانی بیانی برد، کە تەنانەت بە ڕواڵەت لە نەیارانی ڕێژیمن بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەم ڕۆژانە پاشکەوت کراون. دیارە ئەمە بابەتەکە کەمێک ئاڵۆزتر دەکات و ڕەنگە تاقمێک کەس لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان تووشی هەڵە بکات. بەپێی ئەم پلانە، ئەو کەسانەی بەڕواڵەت دژی ڕێژیمن لە پەنا باسکردنی ڕاستییەکان بە هێنانە گۆڕی تیۆریی داتاشراو ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو جەماوەردا ساز بکەن و لە شۆڕش ساردیان کەنەوە.

لە درێژەدا شیکاری بۆ لێدوانی دوو کەس دەکەین کە بە ڕواڵەت دژبەری کۆماری ئیسلامین و لە ڕیزی خەڵکدا وەستاون، بەڵام ڕاستی مەسەلەکە شتێکی دیکە نیشان دەدات. خاتوو شیرین هانتەر (تەهماسب) ماوەیەک لەمەو بەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکا، وێڕای دەربڕینی هەستی هاوسۆزی بۆ خەڵکی ئێران باسی لە مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی ئێران کرد! مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی "جۆرج تاون" لە ئەمریکا، بە دڵنیاییەوە وەک شرۆڤەکارێکی سیاسی مافی خۆیەتی خەمی داهاتووی وڵاتەکەی بخوات. کەواتە کێشەکە لە کوێیە؟ تەنها گەڕانێک لە گووگڵ لەسەر خاتوو هانتەر و بابەتەکانی چ وەک وتووێژ وە چ وەک نووسینی بابەت دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش. بە شێوەکی باوەڕپێنەکراو زۆرێک لە چاوپێکەوتنەکانی خاتوو هانتەر لەگەڵ هەندێک لە دەزگاکانی هەواڵنێریی نزیک لە سوپای پاسداران وەک "مهر" و "مهر اندیشه" و... یە. لەوەش سەیرتر کاتێکە کە خاتوو هانتەر بە حیجابی ئیسلامییەوە لە بەرنامەی "شوکران"ی کەناڵی چواری کۆماری ئیسلامی ئێران دەردەکەوێت! پێویستە مرۆڤ لە خاتوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هـانتەر بیرسێت لە کاتێکدا زۆرێک لە مامۆسـتایانی زانسـتە سیاسییەکان لە زانکۆکـانی ئێرانـدا یـان لە زینـدانن یـان وانەوتـنەوە و بڵاوکـردنەوەی دەنـگ و ڕەنگیـان قەدەغەکـراوە، چۆنە کەسێک کە سـەردەمانێک نـوێنەری وەزارەتـی دەرەوەی ڕێژیمی شا لە لەندەن بووە، وا بووەتە جێی متمانە و باوەڕ و سەرنجی میدیاکانی نزیک لە سپای پاسداران؟

دوا بەشـی ئەم سـیناریۆ گاڵتەجـاڕییە ئەو هەواڵەیە کە چەنـد ڕۆژێـک دوای چـاوپێکەوتنەکەی خـاتوو هـانتەر، لەلایەن "تسنیم"، میدیای سپای پاسدارانەوە بڵاو کرایەوە. تەسنیم دەنووسێت: "چالاکیی جوداخوازەکان لە چەند ڕۆژی ڕابـردوودا بە جۆرێـک بـوو کە، جـگە لە نیگەرانیـی خەڵـک، هەنـدێک کەسـایەتیی بیـانییش خەڵکیـان سـەبارەت بە ئاکـامی ئەم خۆپیشـاندانانە وریـا کـردەوە. شـیرین هـانتەر، مامۆسـتای زانکـۆی "جـۆرج تـاون" و ئەنـدامی ئەنجـومەنی ئەمریکـی بـۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە تاقمێک لە جوداخوازەکان کە هەندێک کەس بە ئازادیی نەتەوەکان ناویان دەبەن، بەدوای جیابوونەوەدا دەگەڕێن، هەر جارێکیش تێکهەڵچوون دەبێت، ئەوان لەم هەڵە کەڵـک وەردەگرن"! چ پەیوەنـدییەکی قـووڵە، خـاتوو شیرین هـانتەر، ئێـوەش وەک سپای پاسـداران وشـەی ئـاژاوە و گێرەشوێنێ بۆ شۆڕشی گەلانی ئێران بەکار دەهێنن!

ئاشکرابوونی فایلێکی دەنگیی ڕەعنا ڕەحیم‌پوور، هەواڵنێری بی بی سی فارسی لە چەنـد ڕۆژی ڕابردوودا، دووبـارەبوونەوەی ئەم سیناریۆیە بوو لە فۆرمێکی تر لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاری جەوهەری. هەرچەندە ڕەعنـا ڕەحیم‌پـوور هەوڵـی دا لێشاوەکە بە ئاراسـتەیەکی تـردا پـاڵ بنێـت و بە ڕاگەیانـدنی ئەوەی کە ئەم فـایلە دەنگییـە دزەپێکـراوە و بەبـێ ئیزنـی ئەو بـڵاو کراوەتەوە، بەڵام خەڵک باش لە ڕاستییەکان تێگەیشتوون. لەم فایلە دەنگییەدا، کە بەخێراییی لە لایەن میدیاکانی نزیک لە سپای پاسدارانەوە پێشوازی لێ کرا، خاتوو ڕەحیم‌پوور هەست بە مەترسیی پێدانی کـات بە حیزبەکـانی کـورد و لـوڕ لە لایەن کانالی "ایران انترنشنال" دەکات و نیگەرانە لە هەڵوەشاندنەوەی ئێران. چ ڕستەیەکی ئاشنا!

دیـارە خـاتوو ڕەعنـاش وەک ڕۆژنامەنووسێک دەتوانێت خەمی داهـاتووی وڵاتەکەی بێت. بەڵام چەنـد پرسیارێکی سـادە لە خـاتوو ڕەحیم‌پـوورەوە دەتوانێـت بەشێک لە ڕاسـتییەکان ڕوون بکـاتەوە. خـاتوو ڕەحیم‌پـوور دەڵێـت ئەم فـایلە دەنگییـە دەرئەنجـامی گفتوگـۆیەکی ڕۆژانە بـووە لەگەڵ دایکـی و دزەپێکـراوە، هەرچەنـدە ئەمە نـابێتە هـۆی هـیچ گۆڕانکـارییەک لە مەبدەئی بـابەتەکە، بەڵام پرسیار ئەوەیە هەواڵنێرێک کە سـاڵانێکی زۆرە لە میـدیایەکی وەک "بـی بـی سـی"دا کـار دەکـات نازانێت دەنگی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە تۆمار دەکرێت؟ ئەمەش لە کـاتێکی وەهـا هەسـتیاردا! ئایـا خـاتوونی هەواڵنێـر هەمیشـە لە کـاتی پێوەنـدی لەگەڵ دایکیدا بە جێـی باسـی بنەمـاڵەیی شیکاریی پێشـهاتەکانی ئێـران و جیهـان دەکات؟ بەڵام دواتر سەبارەت بە قسەی تەواو ناڕاستی ڕەعنا ڕەحیم‌پوور چاوخشاندنێک کورت بە پۆستەکانی ئینستاگرامیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەیجی ئێران ئینتەرناشناڵ بۆ زانیاری ئەوەی چەند بابەت لەسەر حیزبەکانی کورد و لوڕ و... هەیە، ئاکامێکی زۆر ڕوون بە دەست دەدات. لە دوایین ۳۰۰ پۆستی ئێران ئینتەرناشناڵ لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا هیچ شوێنەواری ئەو لایەنانە و گفتوگۆکانیان نییە، لە کاتێکدا هەموو بانگەواز و قسەکانی ڕەزا پەهلەوی لەلایەن ئێران ئینتەرناشناڵەوە ڕوومال کراوە. بەڕاستی خاتوو ڕەحیمپوور هیچ بۆچوونێکی لەم بارەیەوە نییە، یان ئەرکەکە شتێکی ترە؟

خاتوو ڕەحیمپوور لە فایلە دەنگییە دزەپێکراوەکەی لەگەڵ دایکیدا، کە تێیدا شیکاریی سیاسی دەکات، ئاماژە بۆ دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەکا و ئەو کاریگەرییەی کە ئەم دروشمە دەتوانێت لەسەر داهاتووی وڵاتانی ناوچەکە و پرۆسەی دیموکراسی لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت ژنان هەیبێ. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا خاتوو ڕەحیمپوور بەڕاستی نازانێت ئەم دروشمە لە کوێوە و چۆن هاتە نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران و چۆن جیهانی هەژاند؟ نازانێت ئەو کەسانە کێ بوون کە یەکەم جار بە کورتکردنەوەی قژیان -وەک زیندووکردنەوەی نەریتێکی کۆن- بوون بە هێمایەک بۆ کۆمەڵگەی ژنانی ئازادیخواز لە جیهاندا؟ بەڵام تاڵترین بەشی قسەکانی خاتوونی هەواڵنێر ئەوکاتەیە کە نیگەرانیی خۆی لە لێدانی بەکرێگیراوێکی ڕێژیم لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە دەردەبڕێت!! بڵێی خاتوونی هەواڵنێر چۆن تاقەتی دیتنی شەهیدبوونی ژینا، نیکا، حەدیس، شادمێهر و سەدان لاوی ئازادیخوازی بێتاوانی هەبێت؟

ڕاستییەکە شتێکی ترە، جوداییخوازی ناوی ڕەمزی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییە، ئەو بەکرێگیراوانەی کە ڕواڵەت و شێوەیان جیاوازە لە بەکرێگیراوانی نێوخۆ، کەمێک پاک و خاوێنتر کراوات دەبەستن و بەڕواڵەت حیجاب لەسەر ناکەن، بەڵام بێگومان ئەرکەکانیان یەکە، لەنێوبردنی یەکڕیزیی و یەکگرتوویی گەلان ئێران بۆ پاراستنی کۆماری پەت و سێدارە. بەڵام ئەوەی کەسانێک وەک شیرین هانتەر و ڕەعنا ڕەحیمپوور نایزانن واقیعی قاتی شەقامە، ئەو گەلە شۆڕشگێڕ و یەکگرتوویە کە هەموو بەربەست و لەمپەرێک تێدەپەڕێنن، ئەو خەڵکەی بڕیاری لەنێوبردنی دیکتاتۆریان داوە، گەڕانەوە بۆ دواوە بوونی نییە، جا کە وایە بێدەنگ بن و لە گۆشەیەک دانیشن تا نەکەوتوونە ژێر پێڵاوی شۆڕشگێڕان.

ئەم بابەتە لە ژمارەی۸۳۵ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی سەرماوەزی ۲۷۲۲ = ۲۵ی نۆڤەمبەی ۲۰۲۲



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەڕین و بۆشایی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی



ئالان بەهرامی

لە ڕۆژانێکی مێژووساز داین. ڕاپەڕین دژ بە حکوومەتی ئیسلامی، سەرەڕای سەرکوتی خوێناوی بە گوڕو تینێکی زیاترەوە پێی ناوەتە مانگی سێیەمەوە. لەم نێوەشدا ڕۆژهەلاتی کوردستان کە دەستپێکەری ڕاپەرینی ئەمجارەشە، هەروا سەرتۆپ و پێشڕەوە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕاپەڕین لە کوردستان لە باری ڕووبەری جوغرافی، بەردەوامی، پێکهاتەی بەشدارانەوە لە پلەی یەکەمدا وەستاوە. ئەم پێشڕەوایەتییەی کوردستان لە کاتێکدایە کە هەر وەک لە چوار دەیەی ڕابردوودا بینراوە دەستی هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم بۆ نواندنی هەرچەشنە تاوانکاری و دڕندایەتییەک ئاوڵاتر لە ناوچەکانی ناوەندە. بە چەشنێک تا نووسینی ئەم دێڕانە دەیان کەس لە خۆپێشاندەرانی کوردستان کە لە نێویاندا منداڵیش هەیە، شەهید کراون، سەدان کەس بریندار بوون و بە هەزاران کەس گیراون و خراونەتە ژێر ئازار و شکەنجەی هۆویانەوە.

پێشڕەوایەتیی کوردستان بۆ چەند هۆکاریی مێژوویی و سیاسی دەگەڕێتەوە، کە لێرەدا بەکورتی ئاوڕیان لێ دەدەینەوە.

یەکەم بزووتنەوەی مێژوویی کورد بزووتنەوەی کورد لە نزیکی هەشت دەیەی ڕابردوودا، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە شوناسێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕزگاریخوازانەی هەبووە، شوناسێکی دیمۆکراتیک و مۆدێرنگەرایانەشی هەبووە. بۆیە هاوکات لەدژی داگیرکاری و نێوەرۆکی نادیمۆکراتیکی حکوومەتەکانی ئێران وەستاوەتەوە. هەر بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان هەردەم پتانسیێلی ئازادیخوازی و دژایەتی لەگەڵ سەرەڕۆیی و توتالیتاریسمی هەبوە. "نا"ی مێژوویی خەڵکی کوردستان بە "کۆماری ئیسلامی" لە سەرەتای دامەزرانی ئەم ڕێژیمەوە و خەباتی بێوچانی بزووتنەوەی کورد لەدژی ڕێژیم بەڵگەی ڕاستیی ئەم وتەیەن. هەر ئەم تایبەتمەندییەش بۆتە هۆی ئەوە کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی حکوومەتی ئیسلامیدا خەڵک و بزووتنەوەی کوردستان ڕووبەڕووی قورسترین شێوازەکانی سەرکوتی هەرچەشنە ئازادییەکی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی، تێرۆر و پەلاماری نیزامی و هەڵاواردنی ئابووری ببنەوە.

کەواتە ئەمەی ئەمڕۆ لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو دەدا، دەرکەوتەی بێئەملا و ئەولای ئەم هۆکارانەن کە لە سەرەوە باسیان کرا و هۆکاری گرنگی گەشەی وشیاریی نەتەوەییە. ئێستا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا ئامانجێکی هاوبەشی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ڕەشی حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای ئێران کۆ کردۆتەوە، بگرە لێبڕاوانەتر لەوانیش هاتوونەتە مەیدان بۆ ئەوەی کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە بێنن. چونکە باش لەم ڕاستییە گەیشتوون کە داهاتوویەکی گەش لەگرەوی ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندایە و دوای ڕووخانی ئەم ڕێژیمە سەدە نێوەڕاستییە دەرفەت دەرەخسێ کە چارەنووسی سیاسیی خۆیان جارێک بۆ هەمیشە بەدەستەوە بگرنەوە.

ڕۆژە چارەنووسسازەکان یەک بە دوای یەکدا تێدەپەڕن. ئەمڕۆ لە دوێنێ گرینگتر، سبەی لەمڕۆ گرینگتر. ئێستا ئیتر گومانی تێدا نەماوە کە ئەم ڕاپەڕینە وەک ئەو ڕاپەڕینانەی کە دە ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە، ئەگەری دامرکانەوەی نییە. ڕاپەڕین هەموو پانتایی جوگرافیای ئێرانی گرتۆتەوە، هێزی سەرکوت ڕاست بەپێچەوانەی ڕاپەڕین کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان بێهێزتر دەبێ، تواناى خۆی لەدەست دەدا. خەڵکی ڕاپەڕیو ئەزموونیان زیاتر بووە و باش لەم ڕاستییە گەیشتوون کە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان واتە ملدان بە ڕۆژانێکی ڕەشتر و خوێناویتر و تراژیکتر لە ڕۆژانی پێش ڕاپەڕین. بۆیە ئەم ڕاپەڕینە یەک ڕێگا زیاتری لە بەردەمدا نییە. بۆ پێشەوە تا سەرکەوتن!

ئێستا کە ڕاپەڕین کەوتۆتە قۆناخی بێگەڕانەوەوە، گەورەترین دەرفەت لە بەردەم بزووتنەوەی کورددایە، کە سەنگی خۆی لە هاوکێشەکانی مەیدانی سیاسەتدا نیشان بدا. ئەمەش ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر قورستر دەکا. هەرچەند سەنگی دەور و ڕۆڵی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەک بەرچاوترین هاوپەیمانیی ڕۆژهەڵات بەڕوونی هەست پێدەکرێ، توانیوە دەوری باش لە سەرهەڵدان و بەردەوامیی ئەم ڕاپەڕینەدا بنوێنێ، بەڵام ئەم ناوەندە بە هیچ شێوەیەک وەڵامدەری پێداوستییەکانی قۆناخی کۆتایی ڕاپەڕین و قۆناخی دوای ڕاپەڕن نییە. چونکە لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕاستییدا ناوەندی هاوکاری فۆرمێکی سەرەتایی ئەم دامەزراوە نەتەوەییەیە کە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لەم قۆناخەدا پێویستیی پێیەتی. بۆیە پێویستە ناوەند هەرچی زووتر پەرەی پێ بدرێ و بکرێتە چوارچێوەیەکی گشتگیرتر، کاراتر و وڵامدەرتر. مەبەست لە چوارچێوەی جێگای ئاماژە دەتوانێ پلاتفۆرم یان بەرەیەکی نەتەوەیی پێکهاتوو لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بێ کە ببێتە مەکۆیەک بۆ وەسەریەکخستنی هەموو هێز و تواناکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردانی تاراوگە.

هەرچەند لەمێژ ساڵە هەست بە بۆشایی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ و هەنگاوێکی شیاوی بۆ هەڵنەهێنراوەتەوە، بەڵام لەم قۆناخەدا کە گۆڕانی گەورە بەڕێوەیە، نەبوونی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی کە بتوانێ هەموو هێز و توانای نەتەوەکەمان لەژێر ساباتێکدا کۆ بکاتەوە، بە خەسارێکی گەورە دەژمێردرێ. بە تایبەت لەم هەلومەرجەدا کە ڕاپەڕین پێی ناوەتە مانگی سێیەم و ڕۆژانە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لەسەر شەقامەکان گیانیان بۆ ئازادی و سەربەستی دەبەخشن، کورد زیاتر لە هەرکات پێویستیی بە ناوەندێکی بڕیاری سیاسی و پلاندانان، باسکێکی بەهێزی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات، میدیایەکی نەتەوەیی و... هەیە.

### دوا وتە:

کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری گەشەی بیروبڕوای نەتەوەیی و شوناسخوازییەوە گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر جێگای دڵخۆشی. هەر بەم پێیەش چاوەڕوانیی لە حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆی هەیە لە ئاست پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیدا بن. کەواتە ڕوونە کە بەبێ دامەزراوەیەکی نەتەوەیی پێکهاتوو لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بژاردەگەلی کورد لە نێوخۆی وڵات و تاراوگە ناکرێ وڵامی ئەم چاوەڕوانییە ڕەوایە بدرێتەوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٥ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٥ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بڵێسە و گڕی ڕاپەڕین



ناسر سادقی

این نکتەی رمز اگر بدانی، دانی
هر چیز که در جستن آنی، آنی (مولانا)

ڕێبەر و پێشەنگی جووڵەی ئەم ڕاپەرینە شەهیدان و بنەماڵەی سەربەرزی ئەوانن، بابی شەهید کۆمار بە ئیلهاموەرگرتن لە بیست و پێنجی گەلاوێژ و هەزری کۆماری کوردستان جگەرگۆشەکەی ناودێر کردووە. چینی ژنان و کچان ئایەتی "ژن ژیان ئازادی"یان بە خوێنی خۆیان وەک میراتێکی هەرماو و بەڵگەی سەروەری بۆ داهاتوو بە ئەمانەت کردە دیاری. پەخشانی زێرین و ئەدەبی بەرگریی بابی شەهید میلان حەقیقی لە هەزاران فەرسەخەوە بووە سووژە و سەردێڕی تریبوونەکان و زایەڵەی سروودی نەسرەوتن بۆ بەردەوامیی ئەو بزووتنەوە حەقخوازە. لە ئامێزگرتن و باڵ بەسەرکێشانی گڵکۆڵەی میلان لە لایەن دایەگەورە و باوەگەورەیەوە بە ئاڵای کوردستان و جامانەوە پەیامێکی ڕوون بوو بۆ شۆڕشگێرانی دیاسپۆرا و تاراوگە. گازەندەی هاوژینەکەی شەهید فریشتە لە دوڵەت و ڕێکخراوە بێویژدانەکانی لە ئاست فرمێسکی کیژە بێنازەکەی، کاتێک پڕ بە گەرووی هاواری دایکی دەکا و مشتی پڕە لە خاکی گڵکۆکەی، ڕوحی مرۆڤ دەهەژێنێ، بەڵام ئەو بنەماڵەیە سەرەڕای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو کۆستە، هێشتا بە سەری بەرزەوە شانازی دەکەن کە لە ڕیزی بنەماڵەی شەهیدان و کاروانی خەباتن. ئەم چیرۆکە و شانازییەکانی لە زمانی دایکی شەهید پەیمان مینبەری، باوکی شەهید محەممەد حەسەنزادە، کوڕی شەهید غەفوور مەلوودی، برای شەهید ئازاد حوسێنزادە و شەهید مێهران ڕەحمانی و ... بەردەوام دووپات دەبنەوە.

مخابن زلهێزەکان بە درێژایی مێژوو چاویان کوێر و گوێیان کەڕە لەئاست مافە سرووشتی، زمانی و سیاسیەکانی نەتەوەی کورد و ئەو جوغرافیایە هەتا بووە ئەوە بەختیەتی. بۆیە ئەوەی دمێنێ هەر خۆمانین لە سەنگەری شۆڕش و بزووتنەوەی شاخ و شار. کێ لافاوی خرۆشاوی شەقامی لێ وەنە؟ کێ گڕکانی هەناسە و هەستی لاوان نابینێ؟ کێن شەوەزەنگیان کردووەتە ڕۆژی ڕووناک و برووسکئاسا لە چاوی نەیاران و خەنیمان ڕۆ دەچێ، سروودە حەماسی و نەتەوەییەکان دوژمنیان داماو و هەراسان کردووە. ئەوەی پێویستە خەڵکی ڕۆژهەڵات بیکەم، هەر لە کرماشان و سنە و سابلاغ و گشت شار و شەقامەکانی کوردستانەوە، کردوویانە و ئێستاش لە سەنگەردا ماونەتەوە و بەڵێنی لاوانی ئیلام لەسەر مەزاری شەهیدان ئاسۆی ڕوونن بۆ بەردەوامی ڕاپەرین. یارسانەکان بە ژێی تەمبوور ژانی گەل دەچڕن و ژانیان خستۆتە هەناوی ڕەشی ڕێژیمەوە. شاعیر بە شێعر، کیژ بە سەما، هونەرمەند بە مۆسیقا و گۆرانی دارستانی هێناوەتە سەما. لە شەقام هەڵپەرکێی ئازادییە. دایکی شەهیدان باش دەزانن تازە کەس ناتوانێ نێوبژیوانی ئەوان بێ لەگەڵ ئەو دوژمنە ڕادیکاڵ و دیکتاتۆرە گەل لە خوێن و خەباتی خۆش نابێ، مەحاڵە.

ئەوان چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک نین، جگە لە گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی. ڕۆژهەڵات تامەزرۆی چێژی سەرفرازی و سەرکەوتنە بەسەر فاشیستاندا. بەها پیرۆزەکان ڕەمزی سەرەکی و خاڵی هاوبەشی گەلن، خەڵکی ڕاپەریو، هەڵکردنی ئاڵای ئازادی لەسەر گڵکۆی  شەهیدان بەدوور نازانن، بەڵێ ئاسۆ ڕوونە.

گەل بە ئەندێشە و هزری شەهامەتەوە بە قوڵایی مێژوو، بە بیری سەربەستی لە گۆڕەپانی جەنگەوە، بە بوێری و سەرفرازی و ئەزموونی ڕابردوویان، تەژی لە هەست و چێژی سەرکەوتنن، خاک و چەک و چیاش سێکوچکەی هەرمانن بۆ کورد و گەل لێ بڕاوە بە عەشقەوە ئەو نیشتمانە سەر بخات. "سوارە" گوتەنی:

"لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٥ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٥ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢

## ڕۆژهەڵات لە درێژەی شۆڕشی ژینادا



هەژار ڕەشید برینجی

"هر کسی کو دور ماند از اصل خویش بازجوید روزگار وصل خویش."

ئەوە لە هەلبەستە زۆر جوانەکانی مەولانایە بە زمانی فارسی. ڕۆژی پێنجشەممە کوردستان ڕۆژێکی بۆ تاقیکاری دیاری کرد و ویستی هەڵیبسەنگێنێت کە گەلۆ نەتەوەکانی دیکەی ناو جوگرافیای بەناو ئێران چەندە کورد بە شەریکی خۆیان دەزانن! دەرکەوتەکەی ڕوونە و زۆر ناچمە سەر ئەوە چونکە من خۆم هەتا ڕادەیەکی باش دەمزانی ناو دڵی ئەوان چی تێدایە و دۆستە نێزیکەکانم ساڵیانێکی زۆرە هەستی من بۆ بیری نەتەوایەتی دەزانن. لەگەڵ ئەوەی من پێم وا نییە کورد شکستی هێناوە و پێم کۆتایی ڕێگاش نییە لەگەڵ ئێرانییەکان، ئەوەی دەمەوێت بپەرژێمە سەری بەردەوامیی خەباتی خۆمان



https://serchawe.com

و دۆخی ئێستا و دۆزینەوەی باشترین ڕێگای مومکینە کە کەمترین زیان بە کورد بگەیێنێت و خۆمان بە شتی لاوەکییەوە خەریک نەکەین.

## هەڵسوکەوتی حیزبەکان

لەگەڵ ئەوەی زۆر کەس ڕەخنە لە حیزبەکان دەگرن، بە بڕوای من حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی یەکەمەوە زۆر واقیعبینانە لەگەڵ ڕووداوەکان جووڵایەوە و بەتایبەت کاک مستەفا هیجری وەک ڕێبەری دیاری کورد لە ڕۆژهەلات زۆر باش دەیزانی کە لە کۆتاییدا ئێمەی کورد دەبێت ئامانج و ستراتێژییە نەتەوایەتییەکانمان بۆ گرینگتر بێت و پاراستنی گەلی کورد ئەرکێکی سەرەکییە.

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە کۆتا پەیامەکانی کاک مستەفا لە ماوەی ۳ مانگی ڕابردوو لەسەر ڕاگەیاندنی حیزبەکە و هەروەها هەژماری تویتەری بەڕێزیان ئەوە بە دیاری بەرچاو دەکەوێت کە کاک مستەفا پاراستنی لاوانی کورد و هەروەها بەرەوپێشبردنی ستراتێژی نەتەوایەتیی مەبەستە.

ئێستاش بە بڕوای من دەبێت ئامانجی ستراتێژیک و دوورمەودا هەر ئەوە بێت کە هەموو تاکتیک و هاوپەیمانی و هاودەنگییەک دەکەین بەڵام لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی گەلی کوردستان.

## باشووری کوردستان

خاڵێکی دیکە پەیوەندیی بە باشووری کوردستانەوە هەیە کە ئێستا لە ژێر زەختێکی زۆری ئێران و تورکیە و حکوومەتی ناوەندی عێراقدایە و ئەگەر حکوومەتی ناوەندیی سووریە بەهێز بێتەوە ڕەنگە ئەوانیش بێتە سەر.

لە ڕاستیدا بوونی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و پەکەکە و هتد بەهانەیە بۆ ئەو ڕێژێمانە و وەک تاکتیک بەکاری دێنن بۆ هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان ئەگینا لە هەمووی سەرەکیتر یەک خاڵە:

بوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مەسلەحەت و بەرژەوەندیی تاکتیکی و ستراتێژیی کورت مەودا و درێژمەودای ئەو وڵاتانە یەک ناگرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا ناچارن بە هۆی ئەو دیفاکتۆ یاساییەی کە هەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن. کەوابوو ئێمە بۆ ئامانجە ستراتیژییەکانمان چی دەکەین! منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو دۆستە هێژایانەی لەم یەک و دوو ڕۆژەدا باسیان لەوە کردووە کە "ڕەمزی مانەوەی هەرێمی کوردستان سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوایزی گەلی کوردە لە ڕۆژهەلاتی نیشتمان". ئەگەر ئەم سەرکەوتنە ڕوو بدات ئەوا مەترسییەکی گەورە لەسەر باشوور لا دەچێت. دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناو کێشەکانی باشوور دەبڕدرێت، بەغدا ئەوەندە بێمنەتانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەڵسوکەوت ناکات و دوو پارچەی کوردستان کە هێزە نەتەوەییەکان زۆرینەی کۆماڵگایە کە ڕێبەرایەتیی دەکەن دەتوانن زۆر بە ئاسانی هاوپەیمانی یەک بن وەک چۆن تەنانەت لەو ڕەوشە خراپەی ٣١ سالی ڕابردوو بە هەموو هەوراز و نشێوەکانییەوە هێزەکانی ڕۆژهەلات لە هەموو کاتدا بەرژەوەندییەکانی باشووریان پاراستووە. هەر بۆیە باشووری کوردستان ئەگەر پشت لە هێزەکانی ڕۆژهەلات بکات ئەوە لە ڕاستیدا هەنگاوێکی زۆر مەترسیدار دەبێت کە لە ڕۆژهەلات زیاتر زیان بە باشووری کوردستان دەگەیێنێت.

## دیپلۆماسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خاڵی سێهەم ڕاستییەکە کە دەبێت زۆر بە گرینگی بەرچاومان بێت و کاری بۆ بکەین ئەویش لاوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە پەیوەندییە نێودەولەتییەکاندا. بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی کە شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵات دەستی پێ کرد و گەورە بوویەوە بەڵام لە ڕاستیدا نەتەوەکانی دیکەی جوگرافیای ئێران دەنگەکەیان گەیاندە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، چونکە ئەوان لە ماوەی زیاتر لە ٤٠ سالی ڕابردوو هەر لەو بوارە هەوڵیان داوە و هیچی تریان نەبووە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەروازەی دیموکراسییە بۆ ئێران و هەموو ناوچەکە چونکە بەهێزترین جووڵانەوەی جەماوەریی هەیە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حدکا، کۆمەلە، پاک، خەبات، پژاک و هتد کەمیش بێت هێزی پێشمەرگەیان لە ڕەگی مل لە کۆماری ئیسلامی نێزیکترە و لە ماوەی ڕابردوو لە هەموو کات زیاتر ئەوە دەرکەوت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی کۆماری ئیسلامییە.

**هێزی پێشمەرگە لە ڕاستیدا لەسەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتە و تەنها لەودیو سنوورەکان نییە.**

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕاستیانەی لە سەرەوە باس کراون، ئێمە هۆکاری زۆر زۆر بەهێزمان هەیە بۆ دۆزینەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، بەڵام هەتا ئێستا یان بە تەواوی باوەڕمان بە دیپلۆماسی نەبووە یان ئیمکاناتمان بۆ دابین نەکردووە، یانیش ڕێکارە کلاسیکەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانمان لاواز بوون و دەبێت بیانگۆڕین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاگەیاندن

خاڵی چوارەم شێوازی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنە بۆ ئامانجە نەتەوایەتییەکان لە چوارچێوەی تاکتیکی ڕۆژانە و ستراتێژیی درێژخایەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری ڕاگەیاندنەوە فەقیرە. نەک هەر خۆمان هەتا ئێستا نەمانتوانیوە ڕاگەیاندنێکی بەهێزی پیشەییمان هەبێت، بەڵکوو نەمانتوانیوە بە باشی لە ڕاگەیاندنەکانی ئەوانی دیکەش کەڵک وەربگرین. سەرەکیترین هۆکاریش ئەوەیە کە بەداخەوە هەموومان پێمانوایە دەبێت لە هەموو بوارێکدا کار بکەین یان قسەمان هەبێت. ئەوە تەنها کێشەی ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات نییە بەڵکوو هەموو خەڵکانی جوگرافیای ئێران هەمان کێشەیان هەیە. بۆ نموونە هیچ ڕاگەیاندنێکی فارسی دەرەوەی ئێران کە بە بوودجەی زلهێزەکانی بەڕێوە دەچێت بە بەڕێوەبەریی ئێرانی، بە هیچ نەگەیشتووە هەتا بەڕێوەبەر گۆڕاوە بۆ بیانییەک ئەو جار هەموو ملیان داوەتە کار.

کۆماری ئیسلامی کولتورێکی زۆر خراپی تەنانەت لە ناو نەیارەکانیدا بونیات ناوە، ئەویش ئەوەیە"ئەگەر خۆت بۆت نەکرا مەهێڵە کەسی دیکەش بیکات" ئەوە سەرچاوەی هەرە گەورەی کێشەنانەوەی تاکەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بۆ یەکتری کە زۆرجار وای کردووە ئامانجە سەرەکییەکان و دوژمنان و ناحەزان لە بیر بکرێن لەبەر دژایەتیی خۆمان.

دەبێت تاکی کورد، ڕووناکبیری کورد، چالاکڤانی کورد، پێشمەرگە، سیاسیکار و ڕێبەری کوردان بزانن چۆن دەتوانن زۆر بە باشی لە ڕاگەیاندنی خۆیان و ئەوانی دیکە دەربکەون، جا ڕاگەیاندنی کوردی بێت، ئێرانی بێت یان نێودەوڵەتی. بە دیاریکراوی ئەم ڕۆژانە بینیم پێشکەشکاری تیڤییەکی ئێرانی زۆر لە نوێنەری حیزبەکان توندتر بوو بەرامبەر "جینۆسایدی" کۆماری ئیسلامی بەرامبەر کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە وشەی "جینۆساید" بەکار دێنم چونکە کاتێک پێشکەشکار دەڵێت "ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیکات قەتڵ و عامە"، دەبێ ئێمە بڵێین کە ئیتر ئەوە قەتڵ و عام نییە بەڵکوو جینۆسایدێکە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دەدرێت و دەبێ هەر لە ئێستاوە کار بکەین بۆ بە جینۆسایدناساندنی ئەوەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر کورد دەیکات!

## کۆتایی

لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا کە زۆرینەی ژیانمە و کون و کەلەبەری زۆرم لەو ماوەیەدا کردووە و شانسی ئەوەم هەبووە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەسەر عەرزی واقیع شاهیدی زۆر ڕووداو و کاری گرینگ بم، بەو قەناعەتانە گەیشتووم؛

- سیاسەتی کورد نابێت شەرمێونانە بێت. دەبێ ڕاشکاو بێت و شەرم لە باسکردنی داواکارییە ڕەواکانی ئەم نەتەوە بێ بەختە نەپرینگێتەوە.
- کورد دەبێ واقیعبین بێت و لە ئیحساسات و هەڵبەز و دابەز خۆی بە دوور بگرێت، چونکە هەموو باش دەمانناسن و ڕێک خاڵە لاوازەکان بە دژی ئێمە بەکاردێنن.
- کورد دەبێ پلانی هەبێت. بێ پلانی ماڵوێرانیی بە دواوە دێت وەک چۆن شۆڕشی ١٩٧٩ (١٣٥٧) بە وتەی زانایان لەبەر بێ پلانی دزرا.
- کورد پێویستی بە هێڵی سووری نەتەوەیی هەیە. لە بواری تاکتیک و سیاسەت و تێڕوانین هەرچەند جیاواز بین باشە، بەڵام بەزاندنی هێڵی سووری نەتەوەیی دەبێت ئیتر کۆتایی پێ بێت.
- ڕاستە ئێمە شۆڕشگێڕین و هیچ نەتەوەیەک لە جیهان هێندەی ئێمە ئامادە نییە بۆ پێشکەشکردنی ڕۆڵەکانی لە پێناو وڵاتەکەی، بەڵام یەک دڵۆپ خوێنی کورد هێندەی دونیا گرینگە و دەبێت بپارێزرێت و دەستکەوت بە کەمترین نرخ بێت. ژمارەی شەهیدەکانی ڕێبازی ڕزگاریی کوردستان بارتەقای ڕزگاریی هەموو کوردستانە هەتا ئێستا.
- سەرکەوتنی کورد لە پێناو بەهێزی کوردە. ئەو هێزەش لە هەموو بوارێکەوە بەتایبەتی هێزی ماددی، هزری، تەکنیکی، دیپلۆماسی و سەربازی. بۆ بەدەستهێنانی ئەو هێزانەش ئەرک دەکەوێتە سەر تاک تاکی کۆمەڵگای کوردی لە ناوخۆ و دەرەوە. لەبیریشمان نەچێت هێزی کۆمەڵگا لە هێزی تاکەکانەوە دێت. هێزی تاکیش لە پسپۆڕیدایە و هەموو کەس ناتوانێت لە هەموو بوارێک پسپۆڕ بێت.

سەرکەوتن بۆ کورد و کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٥ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، ویدەچێ پرۆسەیێکی دوور و درێژ و لە هەمانکاتدا پڕ لە هەورازوو نشێوبێ.



**خالید حەسەن پوور**

لەبەر ئەوە، لەلایێک ڕێژیم هەموو هێزی لەسەر پاراستنی خۆی داناوە و لە لایێکی دیکەوە دەسەلات یەک دەستە. بەڵام چوونکە خەڵک ئەو حکوومەتەی لەخۆی نازانێ و بە دوژمنی خۆی دەزانێ، ئاخرێکەی هەر خۆناگرێ و دەڕووخێ. هەر دروست بەو تێبینیەشەوە بوو کە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لەڕەوتی ئەو دوو مانگەدا، دیانگووت با ئێمەی کورد لە گۆڕەپاندابین، بەڵام پێویستە سیلەی چاوێکمان لە هەڵسوکەوتی جووڵانەوەی سەرانسەریبێ.

ڕاپەڕینی زیاتر لە دوو مانگی ڕابردوو، تەکانێکی گەورەی لە حاکمییەتدا و ڕێژیمی وەلەرزە خست. ئەو ڕاپەڕینە بەردی بناغەی ڕووخانی ڕێژیمی دانا و، ئەو دوو مانگە دەکرێ بە سەرەتایی دوورێک مەزەندە بکرێ کە بە دەورەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نێودێر بکرێ. ڕەوتی ڕووداوەکان نیشانییدا کە ئەگەر ئیرادە هەبێ و ناوەندیش دەگەڵ ڕووخ دەستداتێ، کۆماری ئیسلامی زووتر لەوەش چاوەڕوان دەکرێ دەڕووخێ. بێگومان ئەو ئامانجەش لەڕەوتی دەست و پەنجە نرمکردن دەگەڵ کۆماری ئیسلامی دێتەدی. هەرچەند ناوەندیش وەک ڕووخ ڕووخانی ڕێژیمی پێخۆشە، بەڵام بۆ جێگرەوەی ئەو ڕێژیمە دەگەڵمان ناتەبایە. بۆیە هەتا بەدیلێکی "سنترال محور" لە پشتی خۆی نەبینێ، زەحمەتە بەتەواوی مانا بێتە مەیدانێ!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەورۆ جارێکی دیکە گەلی کورد لە زۆربەی نیزیک بەتەواوی شاروگوندەکانی کوردستان، بە بانگهێشتنی ناوەندی هاوکاری مانییان گرت و دووکان و بازاڕیان داخست.

دەگەڵ ئەوەی ژمارێکی بەرچاوو لە رۆڵەکانی کورد شەهید و بریندار بوون و ئەوە خەسارەتێکی گەورەیە، بەڵام هەتا ئێرەش ڕاپەڕین دوو دەستکەوتی گەورەی هەبوە کە، یەکییان یەکییەتی و یەکپارچەیی گەلی کورد لە ئێراندایە، ئەویتر هێنانەوەی خەباتی سیاسی و تێکۆشانە بۆ نێوو ژینگەی ڕاستەقینەی خۆی کە نێوو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکە.

هەرچەند ئەرۆ بۆ مانگرتنە کشتییەکە ناوەند دەگەڵ رووخ هاواهەنگ نەبوو، بەڵام نابێ نائوومێدبین، و پێمان وابێ هەتاسەر هەروا دەبێ. لەوێش بەردی بناغەی رووخانی ڕێژیم داندراوە و ئەو دیوارە ناتەواوە زۆری ناکێشێ هەر تەواو دەبێ. بەڵام نابێ لەبیرمانبچێ، وەک کووڕی شەهید غەفووری مەولوودی لەکاتی ناشتنی تەرمی بابییدا گووتی؛ "ڕێژیم لە تاران فاشیستە و لە کوردستان داگیرگەرە"

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بۆچی باشور پشتیوانی ڕۆژهەڵات نیە؟




سەردار عەزیز

ڕۆژهەڵات لە دۆخی شۆڕشدایە. هەمیشە لە هەناو دۆخی شۆڕشدا، هەستێکی ڕەوایی باڵا بونی هەیە. ئەم هەستە وەها لە کەسی بە شۆڕش هەستاو دەکات چاوەڕێی ئەوە بکات کە ئەوانیتر، مرۆڤایەتی، بە دەنگییەوە بێن. بێدەنگ بونی باشور بەرامبەر دۆخی ڕۆژهەڵات، نائومێدبون و نارەزایی و تورەیی لای ڕۆژهەڵاتییەکان دروستکردوە.

لێرەدا بە کورتی دەمەوێت توێکارییەک بۆ ئەم پرسە بکەم. سەرەتا دەپرسم ئەکتەرە سیاسی و فیکری و کۆمەڵاتییەکانی باشور کێن؟

یەکێتی و پارتی وەک دوو هێزی سەرەکی، چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکرێت کە پشتیوان بن. هەژمۆنیەتی ئێران بە سەر یەکێتیدا لە باڵاترین ئاستیدایە. هەڕەشە و فشاری بەرامبەر پارتی بە هەمانشێوە. بەڵام یەکێتی و پارتی دوو گروپن لە دۆخی شەڕی ناوخۆدا دەژین، هەرگیز ناتوانن پشتیوانی هێزێکی تر بن، چونکە هەمیشە دەترسن لە بونێکی تر. ئەمەش



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کرۆکی نەبونی ئاشتییە لە باشور. خەڵکی باشور بە گشتی ئەم دۆخەیان ناوەکی کردوە، بە مانایە پیادەی دەکەن و هەستی پێناکەن.

هێزەکانی دەرەوەی ئەم دوو لایەنە، بە گشتی هەوڵدەدەن شەرعیەتیان لەوەوە وەربگرن کە دژایەتی ئەم دوو لایەنە بکەن. ئەم هەوڵی دژایەتییە، بەشێک لەم گروپانە بردوە بۆ ناو پرسی دژایەتی کورد و قەوارەی کوردی و هەتا بە فاشیستکردنی مرۆڤی کورد و کوردبون. ئەگەر کوردبون فاشیزم بێت ئەوا هیچ هاوبەشییەک نامێنێت لە نێوان دوو کورددا، ئەگەر هەبێت دەبێت لە ناو ببرێت. ئەگەر ناسیونالیزمی کوردی فاشیزم بێت، وەک دەڵێن، ئەوا هیچ بەهانەیەک نیە بۆ پشتگیری خەڵکانێکی تر تەنها لە بەر ئەوەی کە کوردن.

ئیسلامیەکان، رەنگە پێویست نەکات ئاماژەی پێبدەین، بە سەنتەربونی دژە سەرپۆش ئیسلامییەکانی کردە دەرەوەی ئەم شۆرشە و تەنانەت بە دژایەتیشی دەزانن. هەروەها لە کرۆکدا هاوبەشییەک هەیە لە نێوان دیدی قوتب و خومەنیزمیدا، سەرباری جیاوازی تایفییان.

بەڵام بۆ خەڵکی بە گشتی حەماسی نیە؟ دوو فاکتەر هەن، یەکەم ئەزمونی باشور، کە نەوت هەموو بەهایەکی گۆڕییەوە بە پارە. هەروەها ئەو دۆخی جەنگەی لە ناو باشوردا هەیە. دۆخێک کە هەموو جوانیی و داهێنان و بیرکردنەوە و بەرپرسیارێتی و هاوبەشێتی ڕسواکردوە.

ڕۆژهەڵات شایستەی پشتیوانین، نەک لەبەرئەوەی کوردن، بەڵکو دراوسێیەکن لە بەردەم مەرگدا بە چەندین شێوە. تەنانەت لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆشتەوە بیری لێبکەیتەوە، هەر مافێک بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات بون و مانەوەی تۆ بەهێزتر و مسۆگەرتر دەکات. سەرباری ئەوەی کە ئەوەی ڕۆژهەڵاتییەکان دەیکەن جوانە، مرۆڤانەیە، ڕەوایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن – ڕێکەوتی: ۲۵ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا لە نێوان ڕەمز و ئایدۆلۆجیادا



سپێدەساڵحی

لە شۆڕشی ژینادا یەکێک لەو شتانەی کە دەبێت بە وردی و پێداگرییەوە لەسەری بوەستین، هەڵوێستی باشووری کوردستان لە هەمبەر ڕابوونی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پاش کوژرانی ژینا لە تاران لەلایەن پۆلیسی ڕەوشتەوەیە. ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان هەم بەهۆی هاوبەشێتی و یەکێتییەکی ڕێژەیی زمانی و کولتوورییەوە، هەم بەهۆی جیۆگرافیایەکی یەکدەست (هەڵبەت لەناو سنوورێکی دەسکرد!) لە هیچ جومگەیەکی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا، دابڕاو نەبوون لە یەکتر و هەردەم ڕووداوەکانی پانتا جۆراوجۆر و جیاوازەکانی هەردوو پارچەکە، کارلێک و لێکەوتەیان لەسەر یەکتر هەبووە و دەبێت. ئەمە جەبر و قەدەرێکە و هیچ کات بەربەستی بۆ دروست ناکرێت.

پاش ئەوەی کە کوژرانی ژینا نارەزایەتیی ڕەمزی و سەمبولیی لادان و لابردنی بالاپۆش (ئەوەش تەنیا لەچک و ڕووسەری) لێ کەوتەوە، باڵە سەلەفی و نەریتییەکانی کۆمەڵگە (هەم لە ڕۆژهەڵات و هەم لە باشوور) بە ئەخلاقیزەکردن و دەرهەستکردنی بابەتەکە، ویستیان ڕەمزەکە لە سیاقە مێژوویی و سیاسییەکەیەوە دەربێنن و بیخەنە سیاق و کۆنتێکستێکی ئایینییەوە، بەو شێوەیە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (وشیارانە یان ناوشیارانە) دژی دادخوازی و مافخوازی و خەباتی هەژاران و نەتەوە و ستەمدیدەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەستانەوە.

پێش هەر شتێک دەبێت لە پێناسەکردنی سەلەفی لە لێکدانی "باڵی سەلەفی" ددان بە خۆماندا بگرین و بە باشی لێی ورد بینەوە، ئەگەر وەک وشە و مانا گشتییەکەی لێکی بدەینەوە "سەلەف" واتە ڕابردوو و سەلەفی واتە ئەوانەی ئارەزوو و مەیل



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و حەزیـان بـۆ بەهـا و دنیـای ڕابـردووە، ئەمەش بە دیـوەکەی تریـدا مانـای ئەوەیە کە هەرجـۆرە هەوڵێـک و دەیـاردە و دەرکەوتەیەکی دنیای تـازە و نـوێ بەلایانەوە ڕەت و نادروستە. دەبێ بزانین کە سەلەفیبوون تەنیا لایەن و بـاڵی ئـاینی نـاگرێتەوە، هەمـوو ئەو بەنـاو تێڕوانینە کۆنبـاو و ئەخلاقنـوێن و ڕووکەشبینانە دەگرێتەوە کە وەک نەریتـی لە مێـژینە و ڕابردوو، بەڵام بەسەرچووی کۆمەڵگە هاوکاری و یاریدەی نیگای سەلەفی و سەلەفییەت دەکەن.

واتە سـەلەفییەت و نەریتپەرسـتی یەک ڕۆحـن بە دوو دەرکەوتە و مکیـاج و نـوێنەری کـۆمەڵایەتی و ئایـدۆلۆجی و ئەخلاقییەوە.

نەریتپەرستی ئـارەزووی کـۆمەڵایەتییە بـۆ زاڵبـوونی نەریتە کۆنەکـان، ئەگەرچی بەپێی یاسا شەرعییەکانیش نەبن، بەڵام شتێک لە پیرۆزی و ئەخلاقگەریتی بەپێی پێـوەری کۆنبـاو تێیانـدا هەبێت، ڕەنگە دەستنیشـانکردنی نموونە و حاڵەتەکـانی نەریتپەرستی لە کۆمەڵگەیەکی شڵەقاوی وەک ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست و لەوانەیش کوردستان (ڕۆژهەڵات و باشوور)، کـارێکی ئاسان نەبێت و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و توێژینەوەی مەیدانی و کردەکی ڕژدی بوێت، بەڵام ئەوەندە بەسە کە بزانین نەریت و سـەلەفییەت پـاڵپشت و هـاوزێی یەکتـرن بـا هەنـدێ جیاوازییشـیان هەبێت، بەڵام هەمـوو کـات یەکتـر نـۆژەن و بەهێـز دەکەنەوە.

ئەم جیاکاری و تەتەڵەکردنە بـۆیە بـاس دەکەم، تـا بـزانین تێڕوانینـی دژەمۆدێرن و تـازەگەریی، تەنیـا پێوەست نییە بە دنیـای شـەرع و ئـاینەوە، ئەگەرچـی ئـاین سـەرەکیترین دژبەری ئەم نوێبـوونەوە و کـرانەوەیە بـووە هەر لە سـەرەتای سەرهەڵدانی نوێگەری و مۆدێرنیزمەوە، بەڵام چ ئاینێک؟

ئاینێک کە خەونی ڕابـردوو و سەلەفیگەری پێیە و تـا ئەو شوێنەی بـۆی دەکرێت لە پێکهـاتی نەریتـی کـۆمەڵگەیش سـوود وەردەگرێت، کەواتە دەگەین بەم ئەنجامە کە سەلەفییەت ئەگەرچی ئـاڵاهەڵگری شەڕ دژی نوێبـوونەوە و تـازەگەرییە، بەڵام بە تەنیا نییە و ڕۆحی کەونینەی نەریتی کۆمەڵگەی لەگەڵ خۆیدا پێیە و لەهەر کوێ بریندار بوو یان مەترسی هاتە سەر، بانگهێشتی ئەو ڕۆحە دەکاتەوە و هەڵدەستێتەوە. نموونەی ئەمە ئەو تێڕوانین و خوێنـدنەوە ئـاینییەیە لە کولتـووری کـۆنی کورد و ئەدەبی کلاسیکی کوردی کە دەڵێن هەموو کولتـوور و ئەدەبـی کـورد، لە خزمەت ئـاینی ئیسلامدا بـووە و کـورد کـاتێ تووشی نەگبەتی و شکست بوو کە لە ئیسلام دابڕا و دژی ئیسلام بووەوە.

ئەمە گوتەی هەندێ مەلا و بانگخواز و تەنانەت نووسەری سەلەفیی ئاینییە لە باشوور و ڕۆژهەڵات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرەتا دەبێ بزانین ئەم ڕستانە سەفسەتەیەکی ئاینی باویان تێدایە و بۆ ڕوونبوونەوەی، دەبێ بپرسین لە کام جومگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کورد بە مانا ڕاستەقینەکەی دژی ئیسلام وەستاوەتەوە و مەترسییەک بووە بۆ سەر ئیسلام؟

ئێمە لە خەباتی کۆمەڵەکانی کوردستانیشەوە لە زاری خەڵکی گوند و جووتیارانەوە بیستوومانە کە دەیانگوت، وامان دەزانی ئەمانە کۆمۆنیستن و نوێژ ناکەن، کەچی سەرەڕای ئەوەی نوێژیان دەکرد، یارمەتی ئێمەشیان دەدا لە دروێنەکردندا. جیاواز لەوەی ئەم حاڵەتە چەندە جێی ڕەخنە بێت و چۆن هەڵبسەنگێنرێت، دەبێ بزانین کە تا ئێستە هیچ بزووتنەوە و ڕەوتێکی ڕژدی دژ بە ئیسلام لەناو کورددا نەهاتووتە ئاراوە، ئەوەی هەبووە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە و لە هەندێ حاڵەتدا چاکسازیخواز بۆ خوێندنەوە لە ئاین بووە، بەڵکو دۆخی شوێن و جیۆگرافیای کولتووری لە ئەحکام و فەتوا سەیروسەمەرەکانیان لە کوردستان لەبەرچاو بگرن.

ئەو ڕەوت و باڵانەی کە بە ناوی ئیسلامەوە دێنە گۆ و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بێ ئیمانی ناو دەبەن و دوورە ئەخلاقی دەزانن، با یەکەم جار پرسیار بکەن کە ڕەمز لە پانتای سیاسی و کۆمەڵایەتیدا چ واتایەکی هەیە کە بەسەر گۆڕی ژیناوە نووسرابوو؟ با بیر لەو دۆخە مێژوو و سیاسی و تەناهییە بکەنەوە کە لەلایەن ئیسلامێکی سیاسیی-شیعی بەسەر زیاتر لە ٨٠ ملیۆن کەس لە جیۆگرافیایەکی فرەڕەنگ و فرە ئیتنیک و فرەکولتووردا سەپاوە، کۆی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەرەو دارمانی ئەخلاقی و ڕەوشتی بردووە؟ ئەوانە با بپرسن بۆچی بوون بە کەواسووری پێش لەشکر و بێ حیجابی و نەبوونی بالاپۆش لە فەلەستین و سووریا پێملیان ناکات بەوەی کە پشتی ئەو مسوڵمانە عەرەبانە بەردەن، بەڵام لە ڕۆژهەڵات ئەمە گوناح و بێ ڕەوشتییە و دەبێ پشتی تێبکرێت؟! ڕۆژهەڵاتێک کە پێشەنگی ئەخلاق و بیری سۆفیگەریێتی و مەعنەوییەت بووە.

دوابەدوای ئەوەی کە شۆڕشی ژینا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەربڵاو بووەوە و گلە و گازندەی چالاکان و نووسەرانی ڕۆژهەڵات لە باشوور خرایە ڕوو، کۆمێنتێک بەناوی عەلی حەمەساڵح پەرلەمانتار و چالاکی سیاسی بڵاو بووەوە کە باسی بێ ئاینیی ڕۆژهەڵاتییەکان دەکات و هۆکاری پشتگیری نەکردنیان لەلایەن باشوورەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بابەتە، ئەمە ئەگەر ڕوانینی ئەو کەسایەتییەیان هەر کەسایەتییەکی تر بێت، دەریدەخات کە لەسەر مژارە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکی و مانای سیاسەتی سەردەم هیچ نازانێت، لە هەناوی سەلەفییەتێکی مەکیاجکراو بە ڕەخنەگرتن و دەعیەی ماف ستاندنی خەڵکدا نغرۆ بووە! ئۆباڵی ئەم جۆرە تێڕوانینانە ڕاستییەکەی لە پلەی یەکەم نەک بە گەردنی خەڵکی باشووری کوردستان (وەک هەندێک کەس بە هەڵە باسی دەکەن)، بەڵکو بە گەردنی ئەو گوتارە ئاینییە توندئاژۆ و سەلەفییەیە کە دنیا لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەلاقەی گوندەکەی خۆیەوە دەبینێت و دەیەوێ تەنیا لەو دەلاقەیەوە لەگەڵ دنیا و خودا و کائینات قسە بکات و ئەم گوتارە بۆ خەڵکی باشوور بەرهەم دەهێنێتەوە.

دیارە کە دەڵێین خەڵکی باشوور، مەبەستمان ئەوانەیە کە سەربە دوو گوتاری سەلەفییەت و نەریتپەرستین، ئەگەرنا کەم نەبوون ئەوانەش کە نەک لەم ڕابوون و شۆڕشە، بەڵکو لە هەموو پێچ و پەنایەکی مێژوویی و سیاسی لە پشت خەڵکی ڕۆژهەڵات بوون و هەن. لە پلەی دووەم ئۆباڵی ئەم پشتنەگرتن یان کەم بە دەنگەوە هاتنە، گوتاری ناکارا یان کەم کارای ڕۆشنبیرییە کە لە دۆخی سەخت و دژواری باشووردا، کارامەیی و کاریگەری لاواز بووەتەوە و ئەمە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەرمایە و ئیرادەی کۆمەڵایەتی، هەروەها هاوڕۆحی و هاوپێوەندی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات، ئەم دوو لایەنە لە ڕووی خەساری کۆمەڵایەتییەوە خوازراو یان نەخوازراو، یەکتر پشتقایم دەکەن و بنکە و پێگەی دۆگماتیزم و سەلەفییەت و داخرانی فیکری پتەو و قایم دەکەن.

گوتاری ڕۆشنبیری کوردی دەبوو دوای ڕاپەڕین تا ئێستە، لەم دەرفەتە کەڵکی وەربگرتایە کە جێبێی بەو گوتارە توندئاژۆ و بەرتەسکە ئایینیە لەق بکرایە کە ئاین تەنیا بە یەک خوێندنەوە مانا دەکاتەوە، هیچ لە سیاقی مێژوویی و سیاسیی دیاردەکان تێنافکرێت و لە مینبەرەکانەوە بەردەوام بەچکە داعش و توندئاژۆمان بۆ پەروەردە دەکەن. لە حاڵێکدا کورد وەک کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی و بەڕەوشت بەردەوام لەگەڵ ڕووداوەکاندا هاتووە، لە پانتای گشتیدا کورد هێشتا کۆمەڵگەیەکی ئەخلافگەرا و نەریتییە و و قژ و پرچ و کەزیە بەر لەوەی مانای بێ ئاینی و بێ ئەخلاقییان هەبێت، ڕەمزی ئەدەبی و مەعنەوی و سیاسی بوون و هەن، با تێهەڵبچینەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ٢٠٢٢ی ئێرانییەکان و ستراتیژیی هاوبەشی تورکیا و ئێران: کورد وەکوو قۆچی قوربانی!



پەرویز ڕەحیم

د. پەرویز ڕەحیم قادر، دکتۆرا لە ئاسایشی نەتەوەیی و مامۆستای زانکۆ

لە دوای کوشتنی "ژینا ئەمینی" لە ١٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٢، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاشان ناوچەکانی دیکەی ئێران لە دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاپەڕین. ئەم ڕاپەڕینە لە ڕووی ئاستی داواکاری و بەرەنگاربوونەوەکان و، هەروەها لە ڕووی ئاست و ماوە و مەودا و جوگرافیا و بەرفراوانی و بەربڵاوی لە تەمەنی ٤٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا بێوەنەیە و کۆی سیستەمە سیاسییەکەی خستۆتە مەترسییەوە و، تەنانەت بەپێی بیروڕای پسپۆڕ و شارەزایانی کاروباری ئێران بە دەستپێک یان سەرەتای ڕووخانی ئەم سیستەمە تیۆکراسییە دادەنرێت یاخود لانی کەم لە گەشبینی بۆ مانەوەی ئەم سیستەمە وا دادەنرێت کە چیتر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران ناگەڕێتەوە بۆ پێش کوژرانی ژینا ئەمینی و شۆڕشی ئەم جارەی ئێرانییەکان لەژێر ناونیشانی: ژن، ژیان، ئازادی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم نێوەندەیشدا، ئێران لە لایەک لە ئاستی ناوخۆییدا کوشتار و سەرکوتکردنێکی بێوێنەی دەست پێ کردووە بۆ دامرکاندنەوەی ئەم شۆڕشە و، لە لایەکی تریشەوە لە ئاستی دەرەکیدا سیاسەتی هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان و حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی لە ناوچە سنوورییەکان و کۆیە، زرگوێز، پردێ و جێژنیکان گرتۆتە بەر کە تا ئێستا بەهۆی هێرشەکانییەوە لانی کەم ٢٢ کەس گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە ٧٠ کەسیش بریندار بوون. ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆژنامەی وۆڵستریت جۆرناڵ لە ڕاپۆرتێکدا لە ١-١١-٢٠٢٢ ئاشکرای کردبوو کە ئێران ئامادەکاریی کردووە هێرشی سەربازی بکاتە سەر سعوودیا و هەولێر و، تەنانەت پێشووتریش هێزی بەرەو سنوورەکانی ئازەربایجان جووڵاند و مانۆری سەربازیی ئەنجام دا.

ڕاستییەکەی بەهۆی هۆشداریی ئەمریکا و ڕاگەیاندنی پاڵپشتی لە سعوودیا لە هەمبەر هەر هێرشێک، ئەوە ئێرانی پاشگەز کردووە، بەڵام ئاڵقەی لاواز لەم نێوەندەدا هەرێمی کوردستان و حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، کە چەندان جار هێرشیان کراوەتە سەر. (١) هەروەها ڕۆژی پێنجشەممە (٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢)، نوێنەرایەتیی تاران لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نامەیەکیدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، داوا دەکات حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، چەک بکرێن. جگە لەمانەیش، لە ڕێکەوتی ٢٥ - ١١ - ٢٠٢٢، محەممەد پاکپوور، فەرماندەی هێزە وشکانییەکانی سوپای پاسدارانی ئێران ڕای گەیاند، یەکەی زرێپۆش و هێزە تایبەتییەکانیان لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران بڵاو دەکەنەوە.

هەموو ئەمانەیش وای کرد کە لە ڕێکەوتی ٢٣ - ١١ - ٢٠٢٢دا ئەنجومەنی وەزاریی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق بە سەرپەرشتیی محەممەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق و ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجومەنەکە و سوپاسالاری پێشمەرگەی کوردستان کۆ بووەوە و بڕیار درا بە دانانی پلانێک بۆ بڵاوکردنەوەی هێزەکانی پاراستنی سنووری عێراقی بۆ گرتنەدەستی خاڵی سفری سنوورەکان بە درێژاییی سنوورەکان لەگەڵ ئێران و تورکیا.(٢) بە شێوەیەکی گشتی کۆماری ئیسلامی دوو بژاردەی خستۆتە بەردەم حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان: داماڵینی چەکی حزبەکانی ڕۆژهەڵات و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان لەگەڵ ئێران لەلایەن سوپای عێراقەوە، یان ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان. لە هەردوو مەرج و حاڵەتەکەیشدا هەم هەرێمی کوردستان و هەمیش حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیان دەکەن. بەم واتایە کە بۆ ئێران لە هەردوو حاڵەتەکەدا یارییەکی دۆڕاندن - براوەیە بە قازانجی خۆیان. لێرەدا سەرەکیترین بنەماکانی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی لەم هەڕەشە و هێرشانە دەخەینە ڕوو:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**یەکەم**، لە ئاستی ناوخۆیی بەهۆی هاوسنووریی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوە ئێران بەتەواوی ئەو ناوچەیە میلیتاریزە دەکات. لەم ڕێگەیشەوە ڕێگە لەسەر سەرهەڵدان و چالاکییەکی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان لە ئێران دەگرێت. لێرەدا دۆخەکە بەتەواوی ئاسایشی دەکات و هەر نارەزایەتییەکی جەماوەری دەکەوێتە چوارچێوەی هەڕەشە ئاسایشییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**دووەم**، بەهۆی ئەم هێرشانەوە ئێران تۆڵەی لە حزبەکانی ڕۆژهەڵات دەکاتەوە، کە بە هەڵگیرسێنەری ئەم شۆڕشەی ئێستا-کە سیستەمەکەی بەرەو ڕووخان بردووە- دەزانێ؛ بەم واتایەی کە هەم یەکەم قوربانی کە بووە هۆی سەرهەڵدانەکە، کوردە و هەمیش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بە بانگەوازی حزبەکان ئەم شۆڕشە دەستی پێ کرد و ناوچەکانی تری ئێرانیش بەهۆی کەڵەکەبوونی داواکارییەکانیان پێشوازییان لێ کرد و، بووە شۆڕشێکی سەرتاسەریی ئێرانییەکان و سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستای تێ پەڕاند.

**سێیەم**، لەم ڕێگەیەوە ئێران هەڕەشەکان، دەکات بە دەرفەت؛ بەم واتایەی کە ئێران لاوازیی حکوومەتی عێراق و لەسەرکاربوونی هێزەکانی شیعەی لایەنگری ئێران لە پاش هەڵبژاردنی ١٠-١٠-٢٠٢١ دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕێگەی بەغداوە گوشار لە هەرێمی کوردستان بکات بۆ ڕازیبوون بە مەرجەکانی ئێران. ئەمەیش وا دەکات کە کاریگەریی ئەم حزبانە لاواز بێت و وەکوو ڕابردوو نەتوانن هیچ چالاکییەکیان هەبێت. جگە لەمانەیش، ئێران کەڵک لە بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت کە لە ئێستادا ناکۆکیی نێوان هێزە سیاسییەکان لە لایەک و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی بەغدا و هەولێر، بە دەرفەتێکی گونجاو دەزانێت و پێی وایە کە هەرێمی کوردستان زۆر لەوە لاوازترە کە لانی کەم لە ڕووی سیاسییەوە بتوانێت جگە لە ئیدانە و سەرکۆنەکردن کاردانەوەیەکی ئەوتۆ و شوێندانەری هەبێت.

**چوارەم**، کۆماری ئیسلامی لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت کوردەکان لە ئێران سەرکوت بکات و بەم پێیەیش بە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن کاریگەریی نەرێنی لەسەر بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێران دادەنێت، چونکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی نفووزی حزبە سیاسییەکان و سیاسەتی ڕابردووی ٤٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامییەوە هەردەم ئامادەتر و ڕێکخراوترە بۆ شۆڕش و داماڵینی دامودەزگە حکوومییەکان لە ئێران. بۆیە ئێرانییەکان پێیان وایە کە لەم ڕێگەیەوە ڕێگە لە مەترسییەکی گەورە دەگرن لە داهاتوویەکی نزیکدا.

**پێنجەم**، کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ئەم هێرشانەوە، چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکی، دەیەوێت ئەم پەیامە بدات، کە ئەو شۆڕشەی ئێستا هۆکار و ڕیشەکانی، ناوخۆیی نین و تەنانەت خۆڕسک و سروشتی نین، بەڵکوو بەهۆی هاندان و بەگشتی کاریگەریی فاکتەر و ئەکتەری دەرکییەوە سەری هەڵداوە. لەم ڕێگەیشەوە کۆماری ئیسلامی بەردەوام پێداگری لە بەرنامە و پیلانی ئیسرائیل و ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، کە یارمەتیی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن بۆ ڕووخانی ئەم سیستەمەی ئێستای ئێران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**شەشەم**: کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەکوو ترسی تورکیا لە ڕۆژاوای کوردستان، هەردووکیان دڵەڕاوکێی ئاسایشیی هاوبەشیان هەیە کە لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم شۆڕشە، ئەوە ناوچەی دژەفڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکرێت یان ئەوەی کە وەکوو هەرێمی کوردستان ئەمریکییەکان یارمەتیی کورد بدەن، کە کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. بۆیە دەیەوێت بە جێگیرکردنی هێزەکانی عێراقی لە لایەک، هەروەها لاوازکردن و چەککردن و تەنانەت دەرکردنی ئەم هێزانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگە لەو ئەگەرە بگرێت؛ چونکە ئەمە بە مسۆگەربوونی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەزانێت.

**حەفتەم**: کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی بەردەوامیی ئەم هەڕەشانەوە، هەروەها هێرشە مووشەکییەکان و هەڕەشەی هێرشی سەربازی بۆ قووڵاییی خاکی هەرێمی کوردستان، دەیەوێت کە هەم حکوومەت و هەمیش دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هان بدات کە خۆیان ئەم پلانەی چەککردنی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها نیشتەجێکردنیان لە کەمپەکان و تەنانەت دەرکردنیان لە هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی عێراق- وەکوو موجاهیدینی خەلق-، جێبەجێ بکەن و ئەمەیش وا دەکات کە لێکترازان و تەنانەت دوژمنایەتییەکی قووڵ لە نێوان ئەم دوو پارچەیەی کوردستان- کە نزیکترین و توندوتۆڵترین هاوپەیوەندیی نەتەوەیییان هەیە- ڕوو بدات.

**هەشتەم**: ئێران مەبەستیەتی کە لە ڕێگەی ئەم هێرش و هەڕەشانە هێزەکانی سوپای عێراق لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان جێگر بکات و لەم ڕێگەیەوە بەتەواوی هەرێمی کوردستان گەمارۆ بدات و تەنانەت لە قۆناغی دواتردا هێزەکانی حەشدی شەعبی جێگیر بکات. ئەمەیش بەتەواوەتی هەرێمی کوردستان لە هەر چوار لایەوە گەمارۆ دەدات و هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کە لاواز دەبێت، ناچار دەبێت مل بۆ داواکارییەکانی بەغدا - کە لەلایەن ئێرانەوە ئاراستە دەکرێت - کەچ بکا؛ وەکوو دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و تەنانەت دۆسییەی نەوت و گاز و هتد. ئەمەیش هەم سەربەخۆییی ئابووری و هەمیش سیاسی و سەربازیی هەرێمی کوردستان لەناو دەبات. لە لایەکی تریشەوە ئێران بەردەوام دڵەڕاوکێی ئاسایشیی هەیە کە چونکە سنوورەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن عێراقەوە کۆنترۆڵ ناکرێن، ئەوە ئەمریکا و ئیسرائیل چاودێریی ئێران دەکەن و، تەنانەت پێی وایە کە دزە دەکەنە ناو خاکەکەی. بۆیە لە ڕێگەی سوپای عێراق و لە قۆناغی داهاتوویشدا لە ڕێگەی حەشدی شەعبییەوە دەیەوێت ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە و بەسەر ئەو مەترسییەدا زاڵ ببێت. جگە لەمانەیش ئێران لەم ڕێگەیەوە، پلان و ستراتیژییە دێرینەکەی دێنێتە دی، کە بەستنەوەی تارانە بە دیمەشق و لوبنان بۆ تەواوکردنی "هیلالی شیعی". هەر بۆیە پێ دەچێت ئێران ڕێککەوتنێکی نهێنیی لەگەڵ تورکیا و ڕووسیا کردبێت لەم بارەیەوە؛ چونکە لە کاردانەوەیەکی سەرنجڕاکێش و بێوێنەدا، ئیسرائیل سیاسەتی نەریتیی خۆی لە جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا لە هەمبەر ڕووسیا گۆڕیوە و بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی ئێکسیۆس کە لە ڕێکەوتی ٢٣ - ١١ - ٢٠٢٢ بڵاو کراوەتەوە، ئیسرائیل زانیاریی یارمەتییەکانی ئێرانی بۆ ڕووسیا لە ڕووی پێدانی درۆن و مووشەکی بڵاو کردۆتەوە.

ئەم ستراتیژییەی ئێرانیش بە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان بە پاساوی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان، دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە؛ چونکە ئێران هەست بە گەمارۆ دەکات لە سنوورەکانی، بەتایبەتی کە ترسی هەیە بەهۆی ئەوەی کە دانوستانە ئەتۆمییەکانی لەگەڵ ڕۆژاوا گەیشتۆتە بنبەست، ئەوە ئەگەری لێدان لە بنکە و دامەزراوە ئەتۆمی و تەنانەت مووشەکییەکانی لە ئارادایە. هەر بۆیە دەیانەوێ لەگەڵ تورکیا پێکەوە بە دابەشکردنی ناوچەی نفووز دەسپێشخەری بکەن.

**دووەم**، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم ستراتیژییە هێرشبەرانەی ئێران ئەوە بوو کە، حزبەکانی ڕۆژهەڵات ناچار بە وەڵامدانەوەی سەربازی یان چەکداری بکات کە تاوەکوو ئێستا ئەم ئامانجە بەهۆی هۆشیاریی ئەو حزبانە نەهاتۆتە دی. بەم واتایە لە ئەگەری کاردانەوەی چەکداریی حزبەکان لە بەرامبەر هێرشەکان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانیان، ئەو کاتە ئێران هەم خۆپیشاندەرانی زۆر بەخێرایی سەرکوت دەکرد و ڕای دەگەیاند کە ئەمە گرووپی چەکدارن نەک ناڕازی و خۆپیشاندەر و کەسی سڤیل و، هەمیش هاوسۆزی و هەماهەنگیی نێوان گەلانی ئێرانی لەناو دەبرد و لێکترازانی لە نێوان گەلانی ئێران دروست دەکرد لە ڕێگەی بەرجەستەکردنەوەی مەترسیی جیابوونەوەی کوردەکان و، لەم ڕێگەیشەوە خۆپیشاندەرانی شارەکانی دیکەی ئێران لە ترسی دابەشبوونی ئێران کۆتاییيان پێ دەهات و کۆماری ئیسلامی خۆی وەکوو پارێزەری ئێران دەناساند، کە بە لاوازبوونی ئەم ڕژێمە، ئەوە ئێران دابەش دەبێت. لێکەوتەی ئەمەیش ئەوە دەبوو کە ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆ و دەرەوە لە دژی کورد بوەستنەوە و بۆ ماوەیەکی نادیار ئەم ڕژێمە درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. لە ڕاستییشدا، سیاسەتی ڕابردووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و لێکترازان لە نێوان گەلانی ئێران و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە کە دژی ڕژێمیش بووە، هەر ئەمە بووە. جگە لەمانەیش، ئاستی نێودەوڵەتیی ئێران نیشانی دەدا کە ئەم شۆڕش و ڕاپەرینە، مەدەنی و ئاشتییانە نییە بەڵکوو چەکدارییە و جۆرێکە لە یاخیبوون و لەم حاڵەتەیشدا ئەو هاوسۆزی و هاوخەمی و پشتیوانییە بێوێنەیەی ڕای گشتیی وڵاتانی جیهان، پاشەکشەی دەکرد و ئێران سەرکەوتوو دەبوو لە سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی شۆڕشی ٢٠٢٢ی ئێرانییەکان.

### تورکیا و شۆڕشی ئێرانییەکان: کورد وەکوو قۆچی قوربانی لە نێوان ئێران و تورکیادا

بە شێوەیەکی گشتی، تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژاوای کوردستان چەند بەربەست و ئەکتەرێکی لە بەردەمدا بوو کە گرنگترینیان بریتی بوون لە: ئێران و ڕووسیا لە لایەک و ئەمریکا و ئەورووپییەکان لە لایەکی ترەوە. لە ئێستادا بەهۆی دەرچوونی هێزەکانی ڕووسیا لە سووریا، هەروەها پێویستیی ڕووسیا بە تورکیا لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە وای کردووە کە، ڕووسیا ڕازی بێت یان لانی کەم کاردانەوەیەکی کردەیی نەبێت و تەنانەت لەم ڕێگەیەوە گوشار بۆ ئەمریکا دروست بکات لە سووریا و ناکۆکی بخاتە نێوان ئەندامانی ناتۆ، یاخود لە ئەگەری کاردانەوەی ئەمریکا، ئەوە تورکیا زیاتر لە ڕووسیا نزیک ببێتەوە. لە لایەکی تریشەوە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و شۆڕشی ئێرانییەکان لە دژی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وای کردووە کە ئێرانییەکان- کە لە ڕابردوودا دژی دەستوەردانی تورکیا بوون- لە ئێستادا هیچ چارەیەکیان نەمێنێت جگە لە ڕازیبوونیان بەم هێرشەی تورکیا و، لە بەرامبەریشدا ئێران پاڵپشتیی تورکیا وەربگرێ بۆ چەند مەبەستێک:

ئامانجی ئێران ئەوەیە کە تورکیا لەگەڵ کابینەی نوێی ئیسرائیل هاوبەشی نەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران، چونکە لە ڕابردوو تورکیا بۆ نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل چەند پلان و هێرشێکی ئێرانی لەناو خاکی تورکیا پووچەڵ کردەوە کە مەبەستیان کوشتن و ڕفاندنی ئیسرائیلییەکان بوو و، تەنانەت ئەو کەسانە کە لەلایەن ئێرانەوە ڕاسپێردرابوون دەستبەسەر کران و ئیسرائیل سوپاسی تورکیای کرد لەم بارەیەوە؛ ئەوە جگە لەوەی کە پاش هەڵبژاردنی پێشووەختەی ئیسرائیل دەرکەوت کە هێزە توندڕەوەکانی دژبەری ئێران، وەکوو بنیامین ناتانیاهۆ و حزبە هاوپەیمانەکانی، جارێکی تر زۆرینەیان هێنایەوە و ڕاسپێردران بۆ پێکهێنانی حکوومەت و، ئەمەیش مەترسییەکی گەورەی بۆ ئێران لەم ساتەدا دروست کردووە کە هەم کێشەی لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپییەکان هەیە سەبارەت بە دۆسییەی ئەتۆمی و بەبنبەستگەیشتنی و هەمیش سەبارەت بە هەناردەکردنی درۆن و مووشەک بۆ ڕووسیا و بەکارهێنانی لەلایەن ڕووسیاوە لە دژی ئۆکراینا.

جگە لەمانەیش ئێران لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپییەکانە، سەبارەت بە کوشتن و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەر و ڕاپەڕیوانی شۆڕشی ئێرانییەکان، لەژێر گوشاردایە کە دواییینیان دەرچوونی بڕیاری (A/HRC/S-35/L.1) ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٢٤ - ١١ - ٢٠٢٢ بوو بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی "دۆزینەوەی ڕاستییەکان" لە پاش کوشتنی ژینا ئەمینی سەبارەت بەو کەیسانەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانان خراونەتە ڕوو وەکوو بەشێک لە پێشێلکارییەکانی ئێران لە هەمبەر ئێرانییەکان، بەتایبەتی لە بەلوچستان و کوردستان و ناوچەکانی دیکە کە ئێران بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران هێزی سەربازیی لە بەرامبەر کەسانی سڤیل بەکار هێناوە. هەروەها بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کۆماری ئیسلامی سەدان نارازیی کوشتووە کە بەشێکی زۆریان منداڵ و ئافرەتن و، دەیان هەزار کەسی گرتووە و ئەشکەنجە داوە و دەستدرێژیی سێکسیی کردۆتە سەریان و مەترسیی ئەوەیش هەیە بە تۆمەتی "دژایەتی لەگەڵ خوا" و "ڕووخانی سیستەم" سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا بسەپێنێت.

جگە لەمانەیش، لە ئێستادا ئێران و تورکیا و ڕووسیا هاوپەیمانی یان سێکوچکەیەکیان پێک هێناوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە بەرامبەر ئەمریکا و ئەوروپییەکان، هەروەها لەلایەن "چین"یشەوە تا ڕادەیەک پشتیوانی دەکرێن؛ ئەمەیش وای کردووە کە ئێران بۆ ڕزگاربوون لە مەترسییە ئاسایشییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان پەنا بباتە بەر تورکیا و، ڕازی بێت بە مەرجەکانی بۆ ئەوەی کە ئەو سێگۆشەیە بەردەوام بێت. هەرچەندە ئامانجەکانی تورکیا جیاوازتر بێت لە ئێران، بەڵام خاڵی کورد و سووریا و هاوپەیمانی لەگەڵ ڕووسیا لەم هاوکێشەیەدا پێکەویان دەبەستێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تورکیاش نیگەرانە بە ڕووخانی ئەم سیستەمەی ئێستای ئێران؛ نەکا کورد لە ئێران وەکوو پارچەی سێیەم لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە ببێتە خاوەن ستاتۆیەکی سیاسی و یاسایی و ئەمەیش کاریگەریی لەسەر کورد لە تورکیا هەبێت و، تەنانەت لەم ڕێگەیەوە تورکیا گەمارۆ بدرێت. هەروەها تورکیا نیگەرانە کە ئەگەر یارمەتیی ئێران نەدات، ئەوە ئێران یارمەتیی پەکەکە و یەپەگە بدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی تورکیا لە عێراق و سووریا و تەنانەت لە ناوخۆی تورکیا.

ئێران بە ڕازیبوونی بۆ هێرشەکانی تورکیا مەبەستێکی تریشی هەیە، کە ئەویش ئەوەیە کە لەم کاتەدا تورکیا ئازەربایجان بۆ دژایەتیی ئێران هان نەدات کە هەوڵی پشتیوانی لە تورکە هاوزمان و هاونەژاد و هاومەزهەبەکانی لە ئێران لە ورمێ و تەورێز و ئەردەبیل و زەنجان و... بدات بۆ ڕاپەڕین لە دژی ڕژێمی ئێران؛ چونکە جگە لەوەی کە تورکەکان دووەم ئێتنیکن لە ڕووی قەبارە و ژمارەی دانیشتووان لە ئێران، لە ڕووی مەزهەبییشەوە بەهۆی شیعەبوونیانەوە پاڵپشتییان گرنگە بۆ ئێران؛ ئەمە جگە لە نفووزی باڵایان لە ڕووی ئابووری و، هەروەها ئەگەری ڕێککەوتنیان لەگەڵ کوردەکان بەهۆی هاوسنووریی جوگرافیاییان لەگەڵ یەکتری لە دژی ئێران.

هەروەها ئێران دەیەوێت لە ڕێگەی تورکیاوە ڕێگە لەوە بگرێت کە ئازەربایجان لەگەڵ ئیسرائیل لە دژی ئێران چالاکی بکەن لەناو سنوورەکانی ئێران، چونکە بەردەوام ئێران ئازەربایجان تۆمەتبار دەکات کە بۆتە بنکەیەک بۆ چالاکییەکانی ئیسرائیل لە دژی ئێران.

لە هەموو ئەمانەیش هەستیارتر بۆ ئێران ئەوەیە کە، بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕە جیۆسیاسییەی کە لە دوای جەنگی دووەمی کاراباخ لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان ڕووی دا، ئەوە دالانی زەنگەزوور لە نێوان نەخچەوان و ئازەربایجان بکرێتەوە و بەتەواوەتی ئێران گەمارۆ بدات کە لە ئێستادا تەنیا سنوورێکی نزیکەی ٤٠ کیلۆمەتریی لەگەڵ ئەرمینیا ماوە و لەم ڕێگەیشەوە ئێران گەمارۆ بدرێت و تورکیا بەتەواوەتی زاڵ ببێت و ئێران لە ناوچەی قەوقازی باشوور بەیەکجاری دابڕێت و بەم پێیە هیچ دەرچەیەکی بۆ سەر دەریای ڕەش و ئەورووپا نەمێنێت و لە کۆتاییشدا پێگەی جیۆسیاسیی لە ناوچەکە دابەزێت و تووشی گەمارۆی ئابووری و جیۆسیاسی ببێتەوە.

هەموو ئەمانە وای کرد کە لە ڕێکەوتی ٢٠ - ١١ - ٢٠٢٢ هێزی ئاسمانیی تورکیا هێرشی کردە سەر پێگەکانی هەسەدە و، ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکە ناوی "چنگ-شمشێر"ی لێ نراوە؛ ئەوەیش دوای هەفتەیەک لە تەقینەوەکەی ئەستەنبوڵ هات لە ڕێکەوتی ١٣ - ١١ - ٢٠٢٢ کە شەش کوژراو و دەیان بریندارى لێ کەوتەوە. ئێستا سوپای تورکیا بەنیازە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی بەرفراوان لە باکووری سووریا دەست پێ بکات بۆ زیاتر سەرکوتکردنی ئەو هێزە کوردانەی کە ئەنقەرە بە بەرپرسی تەقینەوەکانی ئەستەنبوڵ دەزانێت. سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**چنگ-شمشێر ڕای گەیاند:** "تەنیا لە ئۆپەراسیۆنی ئاسمانیدا سنووردار نابێت؛ دواتر بڕیاری لەسەر دەدرێت کە پێویست بە بەشداریی چەند هێزی وشکانی دەکات. بەو شێوەیە هەنگاو دەنێین."

بێ گومان جگە لە لێکەوتەی ناخۆشی زۆر بۆ دانیشتووانی باکووری سووریا و بەرکەوتنی کەمپی ئاوارەکان بە ئاگری جەنگ، لە ئەگەری هێرشە گەورەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژاوا، ئەوە دەتوانێت سوودی بۆ چەکدارانی سەر بە داعش بگەیەنێت؛ چونکە لە ئەگەری دروستبوونی جەنگ لە نێوان تورکیا و هێزەکانی هەسەدە، پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی داعش دەوەستێت و هێزەکانی سووریای دیموکرات چیتر توانای شەڕی داعشیان نابێت.

ئەمە ئەو ئامانجانەن کە تورکیا و ئێران لە سووریا بەدوایەوەن؛ چونکە لەم ڕێگەوە هەم ڕەوایەتی دەدەنە کردەوەکانی دواتریان لە سووریا و بەردەوامیی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە بری گۆڕینی و، هەمیش ئەمریکا و هاوپەیمانان کە لە ئێستادا هەم لەگەڵ ئێران و هەمیش تورکیا لەسەر زۆر پرسی ناوخۆیی و دەرەکی ناکۆکییان هەیە، سەرقاڵ دەکەن. لێرەوە جگە لەوەی ئەم دوو دەوڵەتە (ئێران و تورکیا) کێشەکانیان هەناردەی دەرەوە دەکەن، لە هەمان کاتیشدا بە دروستکردنی دوژمنی دەرەکیی وەکوو داعش، ترس و دڵەڕاوکێی ئەوە لە ناوخۆی وڵاتەکانیان بڵاو دەکەنەوە کە بە لاوازبوونی دەسەڵاتدارانی ئێستا، ئەوە ئەگەری دزەکردنی تیرۆریست و گرووپە تیرۆریستییەکان لە ئارادایە. ئەم پلانە بۆ هەر یەکە لە ئێران و تورکیا ئامانجی جیاوازیان هەیە. بۆ تورکیا ئەم هاوبەشییە ستراتیژییە لەگەڵ ئێران لەسەر چەند بنەمایەک ڕاوەستاوە کە **گرنگترینیان بریتین لە:**

**یەکەم**: لە ئاستی ناوخۆییدا هەر نارەزایەتییەک بە پاساوی جەنگی دژەتیرۆر سەرکوت دەکات.

**دووەم**: ئەردۆغان بە بەرزکردنەوەی بارگرژییەکان لە دەرەوەی سنوور، لە ئاستی ناوخۆییدا خۆی وەکوو پارێزەرەی ئاسایشی نەتەوەیی دەناسێنێت و لەم ڕێگەیەوە بەسەر ڕکابەرەکانی لە هەڵبژاردنی مانگی ٦ی ساڵی ٢٠٢٣ زاڵ دەبێت.

**سێیەم**: لێرەدا تورکیا هێزەکانی هەسەدە سەرقاڵ دەکات و لەم ڕێگەیەوە دوو بەرەیان بۆ دەکاتەوە: لە لایەک داعش هێرشیان دەکاتە سەر و لە لایەکی دیکەیشەوە، هێزەکانی هاوپەیمان و لایەنگری خۆی لە سووریا گەمارۆیان دەدەن و لەم ڕێگەیشەوە تواناکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات لەناو دەبات.

**چوارەم**: ئەگەر تورکیا سەرکەوتوو بێت، ئەوە ڕەوایەتی لە هێزەکانی هەسەدە وەردەگرێتەوە لە جەنگی دژەتیرۆر و، بەم پێیەیش خۆی وەکوو ئەکتەری سەرەکی و ڕەوا بۆ جەنگی دژی تیرۆر بە وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی جەنگی دژی تیرۆر دەناسێنێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**پێنجەم**، لە هاوکێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی تورکیا، هێزە کوردییەکان، بەتایبەتی هەدەپە، دەخاتە ژێر گوشارەوە کە ئەگەر پشتیوانی لە ڕۆژاوای کوردستان بکەن، ئەوە ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی و سزا دەبنەوە و لەم ڕێگەیشەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوو ناتوانن هاوپەیمانێتییەک لە دژی ئەردۆغان پێک بێنن یان وەکوو هێزێکی ئەلتەرناتیف دەربکەون؛ لە هەمان کاتیشدا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لێیان دوور دەکەونەوە بۆ ئەوەی بەر تووڕەیی و ڕقی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی تورکیا نەکەون و دەنگەکانیان بۆ ئاک پارتی و ئەردۆغان نەڕوات. ئەمە هەم ناکۆکی لەناو ئۆپۆزیسیۆن دروست دەکات و هەمیش پێگەیان لاواز دەکات و ناچاریان دەکات بە دوای سیاسەتی ئەردۆغان بکەون. لە کاتێکیشدا کە هێزە کوردییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا شوێنکەوتووی سیاسەتی ئاسایشیی ئەردۆغان بن، ئەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەنگدەر دەنگ بەو هێزە دەدات کە خاوەن دەستپێشخەرییەکەیە نەک ئەو هێزانەی کە شوێنکەوتوون.

**شەشەم**، بە لاوازکردنی هەسەدە لە ڕۆژاوای کوردستان، ئەوە قووڵایی ستراتیژیی "پارتی کرێکارانی کوردستان" (پەکەکە) لەناو دەچێ و زیاتر دەخرێنە ژێر گوشارەوە و لەمەیش گرنگتر، ئەو ڕەوایەتییە سیاسی و سەربازی و ئاسایشییەی کە ڕۆژاوای کوردستان لە ڕووی ئیدارە و جەنگی دژەتیرۆرەوە وەریان گرتبوو کاڵ دەبێتەوە.

**حەفتەم**، لە لایەکی تریشەوە، بەهۆی هێرش و هەڕەشە و گوشارەکانی تورکیاوە، هێزەکانی هەسەدە ناچار دەبن کە پەنا ببەنە بەر ڕژێمی سووریا کە بیانپارێزێت یان بە ناردنی سوپای سووریا بۆ سەر سنوورەکانی تورکیا و سووریا، کە ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکراتیکە، وا دەکات لە ئەم هێزانە گەمارۆ بدرێن و ئەمەیش ئامانجێکی ستراتیژۆی ئەردۆغانە کە لەم ڕێگەیەوە هەم پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشار ئەسەد ئاسایی بکاتەوە و هەمیش لە ڕێگەی ڕژێم و حکوومەتی سووریاوە لە ڕۆژاوای کوردستان بدات. ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ دەڵێت: "تورکیا بەو مەرجەی هێزە سەربازییەکانی ڕژێمی سووریا لە سنووری تورکیا بگەڕێنەوە، لە ئۆپەراسیۆنەکانی لە سووریا ڕادەوەستێت". تورکیا مەرجی ئەوەیشی هەیە کە دەبێت کشانەوەی شەڕڤانانی کورد و دانانی خاڵی سەربازیی هاوبەش لە نێوان سوپای تورکیا و سووریا بێتە ئاراوە، ئینجا ئامادەیە سنووربەزاندنەکانی بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان ڕابگرێت.

**هەشتەم**، لە ڕوانگەیەکی تریشەوە، بە بەهێزبوونی ڕژێمی سووریا و کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆسەر لە ڕۆژاوای کوردستان، ئەوە تورکیا دەتوانێت وەکوو تاکە ئەکتەر و بەدیل و دەروازە بۆ ئەمریکا و ئەورووپییەکان دەربکەوێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سووریا و هاوکێشە ناوخۆییەکانی سووریا لە ئێستا و بۆ داهاتوو و، هەروەها بەردەوامیی جەنگی دژی تیرۆر لەو وڵاتە.

**نۆیەم**، لەم ڕێگەیەوە تورکیا زەمینە خۆش دەکات بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ڕۆژاوای کوردستان و نیشتەجێکردنی هێزەکانی لایەنگر و نزیک لە تورکیا لە ناوچە کوردستانییەکانی ڕۆژاوای کوردستان لە سووریا و دابڕانی باکوور و ڕۆژاوای کوردستان لە یەکتری و، هەروەها ناردنەوەی پەنابەرانی سووریا و نیشتەجێکردنیان لەو ناوچانە وا دەکات کە تورکیا بەتەواوی بەسەر ڕۆژاوادا زاڵ ببێت و کێشەیەکی ناوخۆییشی سەبارەت بە بوونی زیاتر لە سێ ملیۆن و شەش سەد هەزار پەنابەری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سووری لەو وڵاتە - کە بۆتە خاڵی لاوازی ئەردۆغان- چارەسەر بکات.

## کۆبەند

هەرچەندە هێزەکانی پێشمەرگە بەپێی دەستووری ٢٠٠٥، پاسەوان یان پارێزەری هەرێمی کوردستانن، بەڵام پێ دەچێت لاوازیی بەغدا و بێهەڵوێستیی ئەمریکا لە پاڵ جەنگی ئۆکراینا و ڕووسیا وای کردبێت کە دەستی ئێران و تورکیا بە جێبەجێکردنی پلانەکانیان لە پاش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ کراوەتر بێت. بۆیە ستراتیژیی نوێی ئەم دوو دەوڵەتە لە هەناردەکردنی کێشەکانیان بۆ دەرەوە، بۆ کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی زۆر مەترسیدارە. پێویستە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا ئەم کێشەیە بەئاسایشی بکرێت بۆ ئەوەی هەم هەرێمی کوردستان نەبێتە بەشێک لە ستراتیژیی ئەو دوو وڵاتە بۆ لێدان لە کورد و پاشان لاوازکردنی خۆی وەکوو ئەکتەرێک و، هەمیش شکست بەم ستراتیژییە مەترسیدارە بهێنرێت کە گەمارۆدانی هەرێمی کوردستانە لە پاڵ دەستبەسەرداگرتنی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان.

لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم ستراتیژییەی تورکیا و ئێران، گۆڕانی گەورەی جیۆپۆلیتیکی لە ژیانی هەرێمی کوردستان ڕوو دەدات. هەرچەندە تێپەڕینی کات و ئەگەری گۆڕانکاری لە ناوخۆی ئێران ئەم هاوکێشەیە دەگۆڕێت، بەڵام لە ئێستادا دەبێت وەکوو ئەولەوییەتی سەرەکیی خەڵک و حکوومەت سەیر بکرێت و وەکوو هەڕەشەیەکی ژیانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و هەموو میکانیزم و ئامرازە دیپلۆماسییەکان بۆ ڕەواندنەوەی ئەم مەترسییانە بەکار بهێنرێت. جگە لەمانەیش ئاشتەواییی ناوخۆیی، ئەولەوییەت و پێویستییەکی جددی و هەنووکەیییە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و پارچەکانی دیکە. هەرچەندە خاڵی هیوابەخش ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان چەند کارتێکی بەدەستەوەیە، بەڵام بەهۆی پەیوەستبوونی بابەتەکە بە ئاستی نیشتمانییەوە، ناکرێت لە ڕاگەیاندنەکان و بەئاشکرا باس بکرێت و پێویستە لە ناوەندە حزبییە تایبەتەکان و ناوەندە سیاسییە بڕیاربەدەستەکانی هەرێمی کوردستان تاوتوێ بکرێن.

١- بۆ نموونە، ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولی ٢٠٢٢، هێزی وشکانیی سوپای پاسداران دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی دژی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕاگەیاند و داوای لە خەڵکی هەرێمی کوردستان کرد لە بنکە و بارەگای ئەو حزبانە دوور کەنەوە. دوای چوار ڕۆژ و لە ٢٨ی هەمان مانگ، سوپای پاسداران بە مووشەک و درۆن هێرشی کردە سەر قەڵای دیموکرات و بارەگای حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆیە، زرگوێز و شێراوا؛ لە ئەنجامدا ١٨ کەس گیانیان لەدەست دا و زیاتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون. ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەم، جارێکی دیکە ئێران هێرشی کردە سەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە، زرگوێزیش لە سنووری سلێمانی کرایە ئامانج کە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەو سنووورەدان. لە هێرشەکەی کۆیەدا دوو کەس گیانیان لەدەست دا و هەشت کەسیش بریندار بوون. دوایین هێرشی ئێران بۆ سەر هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژی سێشەممە (٢٢ - ١١ - ٢٠٢٢) بوو کە بە مووشەک هێرشی کردە سەر بارەگای پارتی ئازادیی کوردستان لە کۆیە؛ هێرشەکە هیچ زیانێکی گیانیی لێ نەکەوتەوە و تەنیا زیانی گیانیی بەدواوە بوو.

٢- لە کۆبوونەوەکە تاوتوێی بابەتی سنووربەزاندن و پێشێلکارییەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەر سنوورەکانی عێراق کرا، لە پاڵ بۆردوومانی چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، کە بووەتە هۆی ترسانی هاووڵاتیان و زیانگەیاندن بە خۆیان و موڵک و ماڵیان. بۆیە ئەنجومەنەکە بۆ وەستانی ئەو پێشێلکارییانە، لە پاڵ هەوڵە دیپلۆماسییەکان، ئەو بڕیارانەی دا:

**یەکەم**، دانانی پلانێک بۆ بڵاوکردنەوەی هێزەکانی پاراستنی سنووری عێراقی بۆ گرتنەدەستی خاڵی سفری سنوورەکان بە درێژاییی سنوورەکان لەگەڵ ئێران و تورکیا.

**دووەم**، دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی پاڵپشتیی لۆجیستی بۆ فەرماندەییی هێزەکانی سنوور و زیادکردنی توانای مرۆییان و دابینکردنی پارەی پێویست و کەرەستەی سەربازی و هیتریش بۆیان، بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

**سێیەم**، بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە توانای مرۆییی وەزارەتی ناوخۆ، بۆ بەهێزکردنی بنکە تەناهییەکانی سنوورەکان.

**چوارەم**، هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی یەک و دووی سەرەوە؛ ئەوەیش بە مەبەستی یەکخستنی هەوڵە نیشتمانییەکان بۆ پاراستنی سنوورەکانی عێراق.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس – ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# دۆخی ئێران: گرنگیی "پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی" نوێ




**مەریوان وریا قانع**

س: درەو

کوردانی خۆرهەڵات، ئەو بەشەی کۆمەڵگان لە ئێراندا کە بەردەوام مافە نەتەوەیی و کولتوریی و ئینسانییەکانیان ژێرپێ نراون و وەک کەمینیەکی ئەتنیی و دینیی ناجۆر و نەخواستراو، مامەڵەکراون. سیاسەتی کەمینەبوون لە ئێراندا، وەک لە بەشی زۆری وڵاتە نادیموکرسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، سیاسەتێکە تێکەڵ لە ئینکارکردنی بونیان، پەراوێزخستنی ناوچەکانیان، ڕێزنەگرتنی مافەکانیان، مامەڵەنەکردنیان وەک هاوڵاتییەکی یەکسان، تا ئاستی دانانی فشاردانی بەردەوام لەسەریان و لە کۆتاشدا پەلاماردانیان. لە پشتی ئەم جۆرە سیاسەتەوە سێ ستراتیژیەتی سەرەکیی کاریکردوە و تا ئەم ساتەش کاردەکات. یەکەم، وێناکردنی بوون و ئامادەگی کوردە لە ئێراندا وەک کێشەیەکی ئەمنی و وەک هەڕەشە و مەترسیی لەسەر وڵاتەکە. دووهەم، وەڵامدانەوەی توندوتیژانەی ئەو خواست و مافە ئەتنیی و دینیی و نەتەوەییانەی کورد داوایاندەکات و بەرگریان لێدەکات. سێهەمیان بە سەربازیکردنێکی بەردەوام و بەرفراوانی بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی کورد لەناویاندا دەژیی.

لە دوای شۆڕشی ئێرانیشەوە، لە ساڵی ١٩٧٩دا، بەشێکی گرنگیی ناوچە کوردییەکان کراون بە ناوچەی سەربازیی و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و پاسدار و هێزی سەربازی تریان تیادا، نیشتەجێکراوە. ئەم دۆخە وایکردووە زۆرجار ناوچە کوردستانییەکان وەک سەربازگەیەکی گەورە دەربکەوێت و ئەوەیشی تیایدا سەروەربێت، دۆخ و یاسا سەربازییەکان بێت. بەپێی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ژمارەی ئەو گیراوانەی لە ئێراندا دەگیرێن و لە سێدارەدەدرێن بەشی هەرە زۆریان، کوردن. ئەم پەلامارە تا ئەو شوێنە دەڕوات چالاکەوانانی پەروەدەیی لەسەر وتنەوەی وانە بە زمانی کوردیی بە منداڵان بگیرێن و لە زیندان توندبکرێن.

لەبەرامبەر ئەم دۆخە نالەبار و ئەم شێوازە لە مامەڵەکردندا،ا فۆرمی جیاوازیی بەرگریکردن لەو بەشەی کوردستاندا گیراوەتەبەر، لەناویشیاندا خەباتی چەکدار، کە خۆشحاڵانە، شێوازی سەرەکیی و بنەڕەتیی بەرگریکردن نەبووە. لەوانەش بۆ نموونە، خۆپیشاندان، ناڕەزایی دەربڕینی هێمن، داخستنی دوکان و بازاڕ، ڕاگرتنی دەوامی فەرمانگاکان، هتد... لە ئێستاشدا زیاد لە دوو مانگە شەپۆلێکی بەهێز و بەرفراوانی ناڕەزاییدەربڕین لە بەشێکی گەورەی ئێراندا لە ئارادایە، ناوچەی جیاواز و گروپە ئەتنییە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە بەشدارن لەم ناڕەزایەتیی دەربڕینەدا. بە تایبەتی ئامادەگیی بەرفراوانی ژنان و گەنجان ئاکاری سەرەکیی ئەم شەپۆلە نوێیەیە.

لە ناوچە کوردییەکاندا ناڕەزاییدەربڕینەکان زۆر بەخەستیی ئامادەن و ژمارەی قوربانیەکانیش تا دێت ڕوو لەزیادبوونە. ئەگەرچی ناڕەزاییدەربڕینەکان سەرەتا بە کوشتنی خانمێکی کورد لە شاری تاران دەستییپێکرد، بەڵام ئەوەی ئەم شەپۆلە گەورەیەی ناڕەزاییدەربڕین لەوانیتر جیادەکاتەوە، ڕەهەندە جێندەرییەکەیەتی کە تیایدا ژنان وەک ژن بەرگریی لە کۆمەڵێک مافی سەرەتایی خۆیان دەکەن. بەگژاچوونەوەکە لە یەکەم دەرکەوتنیدا وەک بەگژاچوونەوەی ژنانی ئەو وڵاتە بەگژ ئەو حیجابە ئیسلامییەدا دەرکەوت، کە دەوڵەت و حوکمڕانان بەزۆر کردویانەتە سەر هەموو ژن و منداڵێکی مێینە لەو وڵاتەدا. بەڵام لە قووڵایدا، بەگژاچوونەوەی ئەم حیجابە زۆرەملێیە، ڕەمزی بەگژاچوونەوەی کۆی ئەو سیستمە سیاسیی و دینیی و ئەخلاقیی و ڕەمزییەیە کە بەدەوری ئەو حیجابەدا دروستکراوە و دروستبووە. ئەوەی خەڵک لێی نارازییە و بەگژیدادەچێتەوە. چۆنیەتی ئامادەگیی دەوڵەت و حوکمڕانانە لەناو ژیانی شەخسیی و ناشەخسیی ئەواندا، ئامادەگییەک سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤبوونیان لێ زەوتدەکەن.

لە ئێستادا شارە کوردییەکان لە ناوچەیەکی پەراوێزیی ناو دەسەڵاتدارێتیی ئایەتوڵاکانەوە، گۆڕاون بۆ کرۆک و سێنتەری ناڕەزایی دەربڕینەکان و ژمارەیەکی گەورەی خەڵکانی سەر بە چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان، ژنان و پیاوان و گەنجان، دیندار و نادینیی، بەشدارن لەم شەپۆلە تازەیەی ناڕەزایەتیی دەربڕیندا. وەڵامدانەوەی ڕژێم بەم خەڵکە ڕاپەڕیوە، هێجگار توند و خوێناوییە، توندتر و خوێناویتر بە بەراورد بە ناوچەکانی تری ئەو وڵاتە. خەڵکانێکی زۆر لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستاندا شەهیدکراون و ناوچەکانیان بە تەواوی بەسەربازیکراون. کەلەپوری درێژی چەوساندنەوە و حوکمی سەربازیی لە ناوچە کوردستانییەکاندا، بە تەواوی زیندوکراوەتەوە و کراوە بە ژێرخانی ئەو کاردانەوە توندەی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەم ساتەدا بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، نیشانیئەدات. ئەو خوێنە زۆرەی مێژوویەکی درێژە لەم ناوچەیەدا ڕژێنراوە، بووە بە ژێرخانی ئەو خوێنڕشتنە زۆرر و گەورەیەی ئەم ساتەی ئێستا. لەمەشدا شوناسی کوردبوون و کۆی ئەو داواکارییانەی بەم شوناسەوە گرێدراون، ڕۆڵی سەرەکیی دەبینن.

لەدوای زیاد لە دوو مانگ لە ناڕەزاییدەربڕین و لەدوای ئەو وەڵامدانەوە توند و خویناویەی ڕژێم، ئێستا ئیتر لە ناوچە کوردستانییەکاندا خواستە سەرەتاییەکانی ناڕەزاییدەربڕینەکە، کە خواستی ئازادی شەخسیی و ڕێزگرتنی مافەکانی تاکەکەسە لەوەدا چ فۆرمێک لە ژیان و چ جۆرێک لە دەرکەوتن لەناو ژیانی گشتیدا هەڵبژێرن، تێکەڵبووە بە مێژووی ئەو داواکارییە سەرەکییانەی کە بە شوناسی کوردبوون و بە مێژووی چەوساندنەوەی ئەم شوناسەوە، گرێدراون. پێموایە لە کاتێکدا کوردستان بووە بە سێنتەر و خاڵی قورسایی ناڕەزاییدەربڕینەکان لە ئێستاداهاوکات گۆڕانێک لە خواستەکاندا دروستبووە. وەک لەسەرەوە باسمکرد چەوساندنەوەی نەتەوەیی و پەراوێزخستنی شوناسی دەستەجەمعی گروپە ئەتنیی و نەتەوەییەکان بەشێکە لە مێژووی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی لە سەدەی بیستەم و لە مێژووی ئەم ساتەی ئەو دەوڵەتە.

بۆیە ئەوەی ئێستا خەڵک دەشێت بیریلێبکاتەوە، ستراتیژیەتی دەرچوونە لە دۆخی کەمینەبوون، لە ڕێگای خواستی هاوڵاتیبوونی یەکسان و خواستی سەلماندنی مافە کولتوریی و زمانەوانەیی و نەتەوەییەکانەوە. گرێدانی ئەمانەش بە خواستی دابەشکردنێکی هاوسەنگ و دادپەروەرانەی دەسەڵات لەنێوان تاران، وەک پایتەخت، و ناوچە جیاوازەکانی ترم وەک بەشێک لە دەوڵەت لە وڵاتەدا. جۆرێک لە نامەرکەزیەتی سیاسیی دروستبکرێت کە برێکی گەورە لە ئازادیی بە ناوچە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە و دانیشتوانەکانیان، ببەخشێت. ڕەنگە خواستی دروستکردنی دەوڵەتێکی فیدراڵیی لە ئێراندا ئەو ئەرکە سیاسییە گرنگە بێت لە ئێستادا بهێنرێتە پێشەوە و وەک دەرچەیەک لەو بەناوەندییکردنە ترسناکەی دەسەڵات لە وڵاتەکەدا بیریلێبکرێتەوە.

بە حوکمی ئەوەی کورد بەسیاسیکراوترین کەمینەی ئەتنیی و نەتەوەیی ناو ئێرانە، واتە لە ڕووی سیاسییەوە لە هەموو گروپە ئەتنییەکانی تری ئەو وڵاتە چالاکتربووە و چالاکترە، بتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکیی لە دەستپێشخەریکردندا بۆ بونیادنانی سیستمێکی دیموکراسی فیدراڵی ببینێت. ئەم دەستپێشخەریەش بکات بە بەشێک لەو زمانە سیاسیەی ئەم شەپۆلە تازەیەی ناڕەزاییدەربڕین لەو وڵاتەدا قسەیپێبکات. بەمەش کۆتایی بە سیاسەتی بەناوەندیکردنێکی قۆرخکەر و تاک لایەنەی ئەو وڵاتە بهێنێت، کە تا ئەم ساتە ئامادەیە و کاردەکات. ئەوەی پێویستە ڕووبدات ئەوەیە کە نابێت گروپێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حوکمڕان لە شارێکی وەک تاراندا، بە دە ملیۆن دانیشتوانەوە، بڕیار بۆ سەرجەمی شار و ناوچەکانی ئێران بدات کە ژمارەی دانیشتونیان زیاد لە دە جار لە دانیشتوانی تاران، گەورەترە.

بێگومان گەشەدان بەم زمانە دیموکراسییە و گەشەدان بە بیرکردنەوە لەوەی دەسەڵات لە ئێراندا چیتر بەو شێوەیەی ئێستای مەرکەزی نەبێت و دابەشبکرێت بەسەر ناوچە جیاوازییەکاندا، بەر لە هەمووشتێک، ڕووی بە ڕووی ئەو عەقڵیەت و کەلەپورە مەرکەزیەدا ئەتەقێتەوە کە زیاد لە سەدەیەکە لە ئێراندا ئامادەیە و کاردەکات. عەقڵیەت و کەلەپورێک هەموو خواستێکی سەر لەنوێ دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە وڵاتەکەدا وەک پیلان و هەڕەشە و خینەتکردن نمایشدەکات. لە پێش هەمووانیشەوە بەر ئەو ناسیۆنالیزمە ئێرانییە دەکەوێت کە فارسبوون بنەماکەیەتی و بەئەمنیکرنی مەسەلەی کەمینە نەتەوەییەکانی ناو ئێران، ژێرخانە سیاسیی و سایکۆلۆژیی و ئەخلاقییەکەیەکەی دروستدەکات. ئەوەی پێویستە دروستکردنی جۆرێکی نوێ لە "پەیمانی کۆمەڵایەتیی" و فۆرمی تازەی "متمانەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیی" ە لەودیوی وێناکردنەکانی ئەو ناسیۆنالیزمە داخراوەوە کە بە هەردوو قاچییەوە لەناو دیندا وەستاوە.

لە دۆخی نەگۆڕان و بەردەوامیداندا بە هەمان عەقڵیەتی سیاسیی حوکمڕان، ئەوەی دەشێت ڕووبدات لە دوو ئەگەر تێپەڕناکات.

**یەکەم**. ئەگەری سەرنەکەوتن و بەئەنجامنەگەیشتنی ناڕەزایەتییەکان، کە بێگومان هاوشاندەبێت بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی تۆڵەکردنەوەی سیاسیی لە خەڵکە ناڕازیی و یاخییەکەی وڵاتەکە، لە پێش هەمووانیشەوە خەڵکی کوردستان.

**دووهەم**. لە ئەگەری سەرکەوتندا، بونیادنانەوەی سیستمێکی سیاسیی دەسەڵاتگەر ی نوێ، بەڵام بەبێ عەمامەی دینیی ئایەتوڵاکان.

هەر دوو ئەگەرەکەش دوو ئەگەری تراژیدین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**شەن سابیر**

کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بەشەی کۆمەڵگەی کوردین کە هەمیشە لە کاردانەوە و پاڵپشتیدا بوون بۆ ئەو ڕووداوانەی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕوویان داوە، چ لە دەمی خۆشی و چ لە ناخۆشیدا، یەکەمین شەهیدی کۆمەڵە سەعیدی موعینی بوو لە باشوور لە شەڕی دژ بە ڕژێمی بەعس شەهید بوو، بەشداری هێزی چەکداریی سەرجەم حیزبەکانیان بێ جیاوازی لە شەڕی دژ بە داعشدا چ لە باشور چ لە ڕۆژئاوا، ڕادیکاڵترین ئاکتی خوێندکاران لە ئێراندا ئێستاش لە یادی هەڵەبجەدایە، باوەش کردنەوەیان بۆ کوردانی باشوور لە دەمی ئاوارەبوونی ١٩٩١، لە بوون بە سەرۆک کۆماری جەلال تاڵەبانی، ڕاگەیاندنی فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان، ڕیفراندۆم، لە سەروبەندی گرتنی ئۆجەلاندا لەکاتێکدا خەڵکی باکور خۆیان لە بێ ئومێدیدا بوون، بۆ پاڵپشتی و سەرکەوتنی هەدەپە، لە بوومەلەرزەی وان، شەڕی سوور و شەڕی خەندەقەکان، هەمیشە پاڵپشت بوون و هەڵوێستدار وەک هێمای نەتەوەیی، سەدەها زیندانی و شەهیدیان لەو ڕێگەیەدا داوە.

ڕۆژئاوا لە ڕۆژێکەوە دروست بووە چ وەک خۆبەخش چ وەک گەریلا ڕۆژهەڵاتییەکان بە سەدان شەهیدیان داوەو ئێستاش لە گۆڕستانەکانی کۆبانێدا گۆڕی زۆرترین ڕۆژهەڵاتی دەبینرێ لە ئاستی کاراکتەری دیار و پاڵەواندا لەوانە مۆسا کۆبانێ و ڤیان پەیمان و ڕێزان جاوید و ...هتد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە ئێستاشەوە بە سەدان و هەزاران چالاکوانی ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژئاوا هەن و بەردەوامن!

هەر ئەم بەرجەستەیی بوونەی پاڵپشتی کردنیان ناخودئاگا فۆرمێک لە دنیابینی لای کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان دروست کردووە کە وەک هێزێکی پشتیوانی ببینرێن و لە پەراوێزدا دابنرێن، بەجۆرێک ئەم بەپەراوێز بوونە ڕەگی وەها داکوتیوە، لە ئێستای دۆخی ڕۆژهەڵاتدا لە دونیادا ڕۆژانە کاردانەوە و دەنگۆ و باسەکان فۆکەسی تایبەت هەیە لەسەریان، لێ؛ کوردانی پارچەکانی دیکە وەک بڵێی ڕۆژهەڵاتیان بە بیرچوونەوە سپاردبێت و هیچ هەڵوێست و خەمخۆرییەک لە ئاستی پێویستدا بۆ ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵات نانوێنن و ناهەژێن!

لەم ڕۆژانەدا هەر دۆستێکی ڕۆژهەڵاتیم دەبینم لە چاوانیاندا ئەوە دەخوێنمەوە کە بە زمان نایدرکێنن، خواستێکی عەقڵمەند و بچوک (هاودڵ و هاوپشتمان بن)، هەستی شکاو و هیوای ڕوخاویان لە چوارچێوەی شەرمەندەییم دەگرێ و هیچ وەڵامێکم نییە بۆیان!

ئێمە سەد ساڵە شیوەنی چوارپارچەی لەتکراوی کوردستان دەکەین و لە ئەدەبیات و هۆنراوەو سروودەکانمان جەخت لە یەکبوونی کوردانە بێ بەرچاوگیری جیاوازیی و نزیکی و دووریمان، لێ ئێستا گومان دەکەم کوردستانی ئێمە لە سەری کۆڵانەکەی خۆمان یا بازگەی شارەکەمان تێپەڕی نەکردووە و نەزانیوە.

دوژمن کوردستانی کردە چوارپارچە و خۆمان هەزاران پارچەی دیکەمان لێکردەوە، ئەوان جارێک ژێردەستەیان کردین خۆمان هەزاران جار یەکتریمان تەحقیر کردووە، ئەوان ئێستاش تەقەیەک لە مەهاباد بکرێت موشەکێک دەنێن بە هەولێرەوە، کۆبانێ تۆپباران دەکەن...هتد ئەمە واتە هێشتاش ئەوان بە یەکمان دەزانن و جیاوازیمان لەنێوان ناکەن، بەڵام خۆمان ڕۆژانە زیکری جیاوازیمان دەڵێینەوە و نەفرەتبارانی یەکمان کردۆتە هەوا بۆ سییەکانمان، لە ڕقی خۆماندا وەها گەوزاوین ئیدی خودایەکیش هەبێت بە شایستەی ئاوڕدانەوەیەکمان نابینێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەو ڕاستیەی سەدساڵە تورکیاو ئێران لەبیرخۆیانی دەبەنەوە




**ئەبوبەکر عەلی**

لەئێستادا شایەتی هێرش وپەلاماری هەردوو سوپای تورکیاو ئێرانین بۆسەر خاکی هەرێم بەبیانووی بوونی بارەگاکانی هێزە کوردییەکانی ڕۆهەڵات وباکوور لەباشوری کوردستاندا.

بەڵام لەڕاستیدا هۆکاری قوڵ وڕاستەقینەی ئەم دۆخە پەکەکەو هێزەکانی ڕۆژهەڵات نییە، بەڵکو ئامادە نەبوونە بۆ داننان بەکێشەی کوردستان و دۆزینەوەی چارەسەرێکی عادیلانە وئاشتیخوازانە بۆی،چونکە ئەم شەرە سەدەیەکە بەفۆرمی جیاواز درێژەی هەیە.

بەواتایەکی تر هێزە کوردییەکانی باکورو ڕۆژهەڵات( بەدەر لەوەی بوون ونەبوونی چەک لەئێستادا چ خزمەتێک دەکات) دەرهاویشتەو بەرەنجامی چارەسەر نەکردنی کێشە نەتەوەییەکەن، ئەوکێشە چارەسەر ببوایە، لەئێستادا شوێنەوارێک لەئۆپۆزیسیۆنی چەکداری کوردستانی نەدەبوو.

چارەی بنەرەتی وکۆتایی ویەکجارەکیش تەنهاو تەنها لەگرەوی چارەسەری پرسی نەتەوەیی کوردوکوردستاندایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چونکە جەوهەری کێشەی کورد سیاسیە نەک ئەمنی، جگەلەچارەسەرێکیش کورد پێی ڕازیبێت، کەلەئێستادا لەچوارچێوەی دەوڵەتەکاندا دەرناچێ وئەوپەڕی فیدراڵییە، ئەم ململانێ وشەڕە لەفۆرمی جۆراو جۆردا بەردەوامی دەبێت.

سەرجەم هێزو پارتەکانی ئێستاش لەناوببرێن، پارت وهێزو ڕێبەرایەتی تر دێتە مەیدان، چونکە زۆر بەکورتی چوارەم نەتەوەی گەورەی ناوچەکە واتە کورد، سەدساڵە دۆخی سەیرکردنی وەک کەمینە ڕەتدەکاتەوە، چ جای لەهەندێ شوێن وەک کەمینەش دانی پیانانرێت!

سەد ساڵ بەسە بۆ دەرکەوتنی ناکامی ونائەخلاقیبوونی گرەو کردن لەسەر سڕینەوەو بەکەمینەو ئەمنیکردنی مەسەلەی کورد و کۆتایی هێنان بە ناسیۆنالیزمی کوردی وخواستی بەرابەریی نەتەوەیی.

سەد ساڵی تر درێژە بەمە مەدەن، چونکە هەروەک چۆن هەڵتەکاندنی بناغەکانی قەڵای ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەعێراقدا، ڕەگەکانی لە ڕوخاندنی شۆڕشی ئەیلول وڕێکەوتننامەی جەزائیردایە، دەکرێت زەهری چارەسەر نەکردنی ئەم کێشە دەوڵەت وولاتی تریش لەئاییندەدا بەهەمان چارەنووس بەرێت، چونکە مانەوەی کێشەی کورد بەم جۆرە پێویستی بەسیستەمی سیاسی کێشەدارەو هەرئەویش بەسە لەئاییندەدا واتاو ئاماژەکانی دەوڵەت لەقۆناغی پاش مۆدێرنەدا بەرەو زەردوویەکی کوشندە بەرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕیفۆرم خوازانی حکومەتی چرخی پێنجەمی ماشێنی حاکمیەتی ئیسلامی



**سایتی پەیام**

"بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە ڕاگەیەنەرەکاندا بڵاو بوونەتەوە هێندێک لە کەسایەتیە ئیسلاح خوازەکان لە جەلەسە و کۆبوونەوەی کاربەدەستانی سەرەوەی حکومەتدا، کۆمەڵێک ڕێکاریان بۆ کۆتایی هێنان بە ناڕیزایەتیە سەراسەریەکان پێشکەش کردوە.

ئەوان ڕێزیان لە هەڵسوکەوتی هێزە ئەمنیەتیەکان گرتوە سەبارەت بە سەرکوت و بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتیەکان لە کوردستان و لەبارەی گوشاری سەر هێزە نیزامیەکانیش نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە."

زیاتر لە دوو مانگ سەرکوت و جەنایەتی حکومەتی ئیسلامی بۆ تێکشکاندنی خۆڕاگری و خەباتی خەڵک چارەساز نەبووە. ئێستا حاکمیەتی ئیسلامی جارێکتر دەستەودامێنی سوپاپی ئیتمینان یان چەرخی پێنجەمی ماشێنی دەوڵەتی، واتە ئیسلاح خوازەکان بۆتەوە.

ڕیفۆرم خوازانی حکومەتی کە باڵی بەزیو و بەرغەزەبی حاکمیەتی ئیسلامین، دوو دەیە دەرفەتیان هەبوو تا دروشم و بەرنامە بێ ناوەرۆک و فریوکارانەکانیان بەکردەوە دەربێنن، بەڵام بە نیشاندانی ئەوپەڕی بێ لیاقەتی و بێ کیفایەتی لە خۆیان توشی شکستێکی ئابڕووبەرانە بوونەوە. سەرکردەکانیان زیندانی، خرانە حەسر، و یان خانەنشین کران و بەشێکیشیان هەروا لە گەندەڵی و سەرکوتدا بەشدارن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشی نوێی خەڵکی ئێران لە درێژەی ڕەوتی خۆیدا دەمێکەیە سنوری گوفتمان و سیاسەتەکانی ئیسلاح خوازانی بەزاندوە و دروشمی ئیسلاح تەڵەب، ئوسول گەرا، ئیتر تەواوە ماجرا ی بە ڕوونی فۆرمۆلە کرد.

ئیسلاح خوازانی دەرکراو لە دەسەلات و پەراویز خراو لە لایەن خەڵکەوە ئیتر سەنگێکی سیاسی کاریگەر نین و ئەمەش بۆ هەرسێ لایەنی معادلەکە، واتە حکومەت، خەڵک و خودی ڕیفۆرم خوازەکان بە ڕۆشنی دەرکەوتوە.

بەڵام بۆچی دوو مانگ دوای سەرکوت و جەنایەت، خامنەیی و هاوبەشەکانی دەستبەدامێنی ئیسلاحتەڵەبەکان بوون، کاتێک دەزانن تا ئەو ڕادەیە سووک وچروک و لاواز بوون؟

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حاکمیەت و دەزگای سەرکوت هەستیان بەوە کردوە کە توندوتیژی بە تەنیا وڵامدەرەوە نییە و دەبێ بە کۆمەڵێک مانۆڕی سیاسی، ڕیزی خەڵک توشی دووبەرەکی بکرێت و کاتێکی زیاتر بۆ هێزە سەرکوتگەرەکان و حەسانەوەیان فەراهەم بێت. دیداری موجتەبا خامنەیی لەگەڵ کچەکەی ڕەفسەنجانی، کۆبوونەوەی شمخانی و ئیژەیی لەگەڵ چەند کەس لە ڕیفۆرم خوازەکان لەم ڕاستایەدا دەکرێ ڕوون بکرێتەوە.

ڕێبەرانی گەندەڵ و ترسەنۆکی ئیسلاح خوازانی حکومەتی کە زۆربەیان لە ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتیەکاندان لە سەرکوت و کوشتاری نارازیان و زیندانیانی سیاسیدا خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە شەرمەزارین. بۆ هەست کردن بە بێشەرمی ئەم تاقمە هەر ئەوەندە بەسە کە لە ئاست جەنایەتەکانی حکومەتی ئیسلامیدا خۆیان کوێر دەکەن و سەبارەت بە توندوتیژی نواندن و سەرکوت پیرۆزبایی ئاراستەی حکومەت دەکەن. ئەم دەلاڵ و گەندەڵە سیاسیانە هیچ باسی قەتڵە حکومەتیەکان ناکەن، تەنانەت نیگەرانی جەنایەتکاران و بەکرێگیراوانی ڕژیمیشن.

شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵک لەدژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران لە ئارادایە. نارازیان و خەڵکی وەگیانهاتو بە هیچ شتێک کەمتر لە روخانی کۆماری ئیسلامی و بونیاد نانی نیزامێکی سیکۆلار کە تێیدا ئازادی، بەرابەری و مافەکانی مرۆڤ دابین و زەمانەت کرابێت ڕازی نابن.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان سەنگەری شۆڕشە



**وەرگێڕانی بۆ کوردی: کاوە عومەر**

**دیمانەی خەلیل کەیوان لە بەرنامەی پرسیار لەگەڵ حەمید تەقوایی**

**بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵ جەدید کۆکراوەتەوە**

**خەلیل کەیوان**: بۆچی نارەزایەتییەکانی کوردستان زووتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران گەیشتە قۆناغی ڕاپەڕین؟ ڕژێم دوای بانگەشەی بۆ کوردستان بە دوای چ ئامانجێکەوەیە؟ پێویستە چی بکرێت بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی کوردستان؟ ئایا بەشداری حزبە چەکدارەکان لە کوردستان سیاسەتێکی دروست بووە؟ لە چ هەلومەرجێکدا فەرمانی چەک و ڕاپەڕینی چەکداری دەدرێت؟ ئەم پرسیارانە لەگەڵ حەمید تەقوایی تاوتوێ دەکەین.

**حەمید تەقوایی**: کوردستان لە بەشەکانی دیکەی ئێران یەکگرتووترە لە دژی نیزام. ئەم بەشەی وڵات بە کردەوە لە قۆناغی ڕاپەڕینی شارەکاندایە. بۆچی شۆڕش لە کوردستاندا گەیشتووەتە ئەم ئاستە پێگەیشتنە و بۆچی ڕژێم بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران پەنای بۆ توندوتیژی زیاتر بردووە لە کوردستان؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حەمید تەقوایی: پێموایە ئەمە چەند هۆکارێکی هەیە. هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە شۆڕش و خەبات لە کوردستان لە دوو مانگی ڕابردوودا بەرفراوانتر و هێرشبەرانەتر بوو لە چاو شارەکانی دیکەی ئێران. مانگرتنی سەرتاسەری کە لە لایەن حیزبەکانەوە بانگەوازی بۆ دەکەن، لەوانەش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، چەندین جار لە کوردستان ئەنجام دراون و ئەم مانگرتنانە تا ئێستاش بەردەوامن. لە لایەکی دیکەوە لە ڕێوڕەسمەکانی یادکردنەوەی گیانبەختکردووەکان، وەک ڕێوڕەسمی چلەی مەهسا لە سەقز و ئازیزانی دیکە، کۆبوونەوەی هەزاران و چەند دەیان هەزار کەسی لە کوردستان ڕێکدەخرێن. هەروەها شەڕی شەقامەکان لە شارە جۆراوجۆرەکان، دەستبەسەرداگرتنی ناوەندە حکومییەکان و هتد، لە دوو مانگی ڕابردوودا لە دوای شۆڕشەوە بە بەردەوامی لە کوردستان بەردەوام بووە. بۆیە خاڵی یەکەم ئەوەیە کە کوردستان لە مەیدانی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی زۆر زیندووتر و پرجۆشتر بووە. هۆکاری مێژوویی هەیە بۆ ئەوەی ئەمە وابێت. خەبات لە کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. لە شۆڕشی ١٣٥٧دا لە کوردستاندا شاهیدی ئەو جۆرە خەباتانە بووین. پێش ئەوە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان چەکیان هەڵگرت و دژی هێزەکانی سەرکوت وەستانەوە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە کوردستان کۆمەڵگایەکی حزبییە، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان، لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکان، لایەنەکانی دژ بە حکومەت، چالاکن و بنکەیەکی جەماوەرییان هەیە. هە روە ها چە ککردن و هە ڵگرتنی چە ک بە شێکە لە نە ریت و کولتووری خەباتکارانەی خە ڵکی کوردستان. هەموو ئەمانە ئەو فاکتەرانەن کە وایکردووە لە کوردستان دۆخێکی وامان هەبێت.

خاڵی دواتر ئەوەیە کە حکومەت بە هێرشکردنە سەر کوردستان هەوڵدەدات ئەو پرسە بکاتە شەڕی ناوچەیی پارێزگا سنوورییەکان. وەک دەبینین چەندین جار بە فرۆکەی بێفرۆکەوان و مووشەک هێرشی کردووەتە سەر ناوەندەکانی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەو هیوایەی ناچاریان بکات وەڵامی چەکداری وەربگرنەوە. ڕژێم هەوڵ دەدات پرسی جوداخوازی، پرسی شەڕی فارس و کورد، شەڕی نەتەوەیی و هتد ئاگرەکەی خۆشبکات و شۆڕش بکاتە جۆرێک لە ململانێی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، بۆ جۆرێک لە شەڕی ناوخۆ.

و لە کۆتاییدا دوا خاڵ ئەوەیە کە دەسەڵات دەیەوێت عەقڵی گشتی بە لرێدابیات و میتۆدەکەی تاوانی ترسناکە. وەک تەقەکردن لە فرۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئۆکرانی لە مانگی یەکی ساڵی ١٣٩٨. لە شۆڕشی ئێستادا سووتاندنی زیندانی ئەوین نموونەیەک بوو و هێرش بۆ سەر شا چێراغ نموونەیەکی دیکە بوو. ئێمە شاهیدی کوشتارین لە کوردستان. ڕێژیم دەیەوێت لەگەڵ ئەنجامدانی تاوانە زەبەلاحەکانی بەناو ڕووخساری کێشەکە بگۆڕێت و جگە لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی سەر شەقامەکان، سەرنجی خەڵک بۆ پرسەکانی دیکە ڕابکێشێت. و بەم شێوەیە دەستەواژەیەکی تر و گوتارێکی تر و زەمینەیەکی تر بۆ بانگەشەکانی خۆی بدۆزێتەوە. ئەمانە هەموو هۆکارێکن کە بوونەتە هۆی هێرشی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دڕندانەی حکومەت بۆ سەر کوردستان.

**خەلیل کەیوان**: ڕژێم بە ئامانجی جیاکردنەوەی کوردستان لە پارچەکانی دیکەی ئێران، پڕوپاگەندەی بەرفراوانی دەستپێکرد. هەوڵێکی زۆری بۆ گەیاندنی حزبە چەکدارە کوردییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی خەرج کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ئامانجی ڕژێم بەم سیاسەتە چییە؟

**حەمید تەقوایی**: بەڕای من حکومەت دەیەوێت جۆرێک لە شەڕی چەکداری بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێت. لە زاهیدانیش هەمان شتی کرد. بەڵام حیزبە چالاکەکان لە کوردستان زۆر زیرەکانە مامەڵەیان کرد و نەکەوتنە ئەو تەڵەیەوە. بەڵکو خەڵکیان ئاگادار کردەوە و وریایان کردنەوە کە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی پلانی حکومەتە لەم قۆناغەدا. لە زاهیدانیش، ڕژێم هەمان شتی کرد و شکستی هێنا. ئامانجێکی دیکەی ڕژێم "تۆمەتبارکردنی" لایەنە چەکدارەکان بە جوداخوازی و دروستکردنی دووبەرەکی لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بوو. ئەم فێڵەش کاریگەری نەبوو. وەڵامی خەڵک ئەوە بوو کە "کوردستان چاو و ڕووناکی ئێرانە"، "کوردستان، زاهیدان، پەیوەندیتان پیرۆز بێت" یان دروشمی ئەم دواییە "بەلووچ، کورد، ئازەری، ئازادی و یەکسانی" بوو. بەم شێوەیە ئەم پیلانگێڕییە بە تەواوی پووچەڵکرایەوە. لە زاهیدان ڕژێم پێی وابوو دوای ئەو هەینییە خوێناوییە خەڵک دادەخەن، لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە نارەزایەتی جەماوەری بەردەوام ڕۆژانی هەینی دووپات دەکرایەوە. لە کوردستانیش بە هەمان شێوە. هێرشی دڕندانەی ڕژێم نەک تەنیا خەڵکی کوردستانی بێدەنگ کردووە و پاشەکشەی پێنەکردون ، بەڵکو بە پێچەوانەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی شارەکانی کوردستان بەربڵاوتر و ڕادیکاڵتر بووە.

**خەلیل کەیوان**: لەم دواییانەدا کۆمەڵێک لە مەلای سوننە، یان مامۆستایان بە زمانی کوردی، باسیان لە پێویستی ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردنی ڕژێم کردووە. مەولوی عەبدولحەمید ئیمامی جومعە زاهیدان پێشتر داوای ڕیفراندۆمی بەرزکردبووەوە. بیرۆکەی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟

**حەمید تەقوایی**: پێشتر چەندین جار ڕیفراندۆم لە لایەن لایەنە ڕاستەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە پێشنیار کرابوو. بەڵام هەم ئەوکات و هەم ئەمڕۆش ئەم بابەتە بەتەواوەتی پەیوەندی بە خەبات و نارەزایەتیی خەڵکەوە نییە و بەتایبەتی ئەمڕۆش بەو شۆڕشەی کە لە شەقامەکاندا دەگوزەرێت، چ لە کوردستان و چ لە شارەکانی دیکەی ئێران. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە پرسی دەسەڵاتدارێتییەوە هەیە، بەزۆری پێشنیاری ڕیفراندۆم دەکرێت بۆ دیاریکردنی سیستەمەکە دوای ڕووخانی حکومەتێک، یان لە هەر حاڵەتێکدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی سیستەم و حکومەتێک. تەنها لەم حاڵەتەدا هێزێکی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چارەنووسسازە و بۆچوونی خەڵک بۆ ئەو بەدیلە خوازراوە ڕادەکێشێت کە لە پرۆسەی شەڕکردن بۆ ڕووخاندنیدا کاریگەری و شکۆیەکی کۆمەڵایەتی بەدەستهێناوە.

کەواتە ئەمڕۆ لە هەر گۆشەیەکەوە سەیری بکەن، لە کاتێکدا هێشتا شەڕێکی ژیانی هەیە، شەڕێک بۆ مانەوە چ لەلایەن خەڵک و چ لەلایەن حکومەتەوە، قسەکردن لەسەر ڕیفراندۆم تەنها دەتوانێت سەرنج بۆ بابەتێکی خەیاڵی و مەحاڵ بەلاڕێداببات.و واقیعیەتی پرۆسەی ڕووخاندنی حکومەت خاو بکاتەوە.

ئەمڕۆش ئەو هێزانەی وەک مەلا و مامۆستا و پیاوانی ئایینی سوننەکان پەرە بە ڕیفراندۆم دەدەن. ئەمەش جێگەی نییە. ئەم شۆڕشە نارەزایەتی یان دژایەتی خوێندنەوە یان ئەم جۆرە مانۆڕەی هێزە ئایینییەکان لە هیچ ئاستێکدا قبوڵ ناکات. دژە ئایین بوون لە ناوەڕۆکی ئەم شۆڕشەدایە، جا سوننە بێت یان شیعە یان هەر چینێکی تری ئایینی. ئەم شۆڕشە دەیەوێت دەستی ئایین لە حکومەت، لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک، لە ژیانی تایبەتی خەڵک، لە پەروەردە، لە یاسا و لە هەموو شوێنێک ببڕێت، و کۆمەڵگە لە ئاین پاک بکرێتەوە. وە ئەمەش لایەنێکی ترە کە پلانی ڕیفراندۆم لەلایەن مەلا سوننەکانەوە ناکاریگەر و بێهودە دەکات.

**خەلیل کەیوان**: خۆشبەختانە بزووتنەوەیەکی بەرفراوان لە سەرتاسەری ئێراندا بۆ پشتیوانی لە خەباتەکانی گەلی کوردستان پێکهاتووە. هەروەها ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆن چالاک کراون. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و لاوانی گەڕەکەکانی تاران داوای مانگرتنی گشتی و نارەزایەتی سەرتاسەریان کردوە بۆ ڕۆژی پێنجشەممە، سێهەمی ئازەر، لە پشتیوانی خەڵکی کوردستان. لەگەڵ فراوانتر بوون و یەکگرتوویی ڕیزی نارەزایەتییەکان، حکومەت توندوتیژی زیاتر دەبێت. کوژرانی سەدان کەس، دەستگیرکردنی بەربڵاو، کارەساتی زاهیدان، هێرشکردنە سەر زیندانەکانی ئەوین و شاهچەراغ، ئێستاش لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان. ئایا مانگرتن و نارەزایەتی بەتەنها دەتوانێت ئەم خولە توندوتیژییە بوەستێنێت؟

**حەمید تەقوایی**: خاڵی یەکەم ئەوەیە کە حکومەت هەموو ئەو توندوتیژیەی کە باست کرد ئەنجامی داوە و تاوانی خراپتر و قێزەونتریش ئەنجام دەدات. هیچ گومانێکت لەم بابەتە نەبێت. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە، ئایا ئەم دڕندەییە کاریگەری هەبووە؟ تەنانەت خەباتی خەڵکی خاو کردووەتەوە؟ بەڕوونی وەڵامەکە نەخێرە. نەک هەر شایەتحاڵی ترساندن و دانیشتنی خەڵک نین، بەڵکو تەواو پێچەوانەی ئەوە دەبینین کە خەباتی خەڵک هەر ڕۆژە قووڵتر و فراوانتر و بەهێزتر بووە و چین و توێژی زیاتری کۆمەڵگاش پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە. بۆیە لە ڕوانگەی سیاسی و ستراتیجییەوە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەموو ئەم تاکتیکانەی حکومەت کە باست کرد هەموویان بێ جیاوازی شکستیان هێناوە. ڕۆژانە تەقە لە خەڵک دەکرێت، بەڵام لە مەراسیمی پرسە، لە حەوتەکان، لە چلەکاندا، دەبینین کە جەماوەرێکی گەورەتر دێنە سەر شەقامەکان بۆ یاد و یادکردنەوەی گیاندووەکان و ئەم پرۆسەیەش بەردەوامە بۆ بەرژەوەندی شۆڕش و بە زیانی حکومەت بووە. وەک خەڵک دەڵێن "هەر کەسێک بکوژرێت هەزار کەسی لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت."

بۆیە خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ڕژێم بەو هەموو دڕندەیییەی کە بەکاری هێناوە، نەلە کوردستان و نە لە شارەکانی دیکەی ئێران سەرکەوتوو نەبووە.

خاڵی دوای پرسیارکردن ئایا مانگرتنەکان دەتوانن کاریگەر بن؟ دەبێ وا بێت. دەبینیت جیاوازی بنچینەیی نێوان مانگرتن و خۆپیشاندان و گردبوونەوەی سەر شەقامەکان ئەوەیە کە ئابووری دەوەستێنێت و حکومەت لە ڕووی ئابوورییەوە ئیفلیج دەکات. بەسە تەنها خەیاڵ بکەین کە کرێکارانی کەرتی خزمەتگوزاری، میترۆ، هێڵی ئاسن، پاس، کرێکارانی شارەوانی بۆ ماوەی دوو هەفتە مانگرتن بگرن. دیارە کۆمەڵگا ئیفلیج بووە و حکومەت دەکەوێتە سەر ئەژنۆ. بەڕای من دەسەڵاتی مانگرتن لێرەدایە، هەر بۆیەش هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، هەر لەو ڕۆژەوە کە ئەم شۆڕشە دەستی پێکرد، جەختمان لەسەر گرنگی مانگرتن کردەوە و خۆشبەختانە ئەمڕۆ شاهیدی دروستبوونی مانگرتن لە کەرتە جیاجیاکاندایین، لە کوردستان و لە شارەکانی تریشدا.

هەروەها بانگەوازی مانگرتن بۆ سێیەم ڕۆژی ئازەریش بەتەواوی هەمان ئامانجی ئیفلیجکردنی حکومەت پەیڕەو دەکات. دەبێت بتوانین بەرەی نوێ لە دژی حکومەت بکەینەوە. خۆپیشاندان و گردبوونەوەی شارەکان بەربڵاوتر بێت، بەرفراوانتر بێت، بگاتە ئاستی سەدان هەزار و ملیۆنان، گومانی تێدا نییە، بەڵام هاوشان لەگەڵیدا مانگرتنی گشتی لە کەرتە کرێکارییەکان، کرێکاران ، فەرمانبەر، بازرگان، مامۆستا، قوتابی، قوتابی لە هەموو شوێنێک و ڕاگرتنی چەرخی ئابووری. بەڕای من ئەم دوو شێوازی شەڕە پێکەوە و بە تەبایی دەتوانێ زەربەی کۆتایی لە حکومەت بدات و ئەم تاوانکارانە بڕوخێنێت.

**خەلیل کەیوان**: ڕۆڵی چەک لەم کارەدا چییە؟ کەی فەرمانی ڕاپەڕینی چەکداری دەدرێت؟

**حەمید تەقوایی**: گومانی تێدا نییە کە دواجار کۆمەڵگا دەبێت چەک هەڵبگرێت. ئەم جەنایەتکارانە بە خۆپیشاندان و مانگرتن ناڕوخێن. لە کۆتاییدا ڕاپەڕینی شارمان دەبێت، هێرشمان دەبێت بۆ سەر ناوەندە حکومییەکان، هێرشیشمان دەبێت



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆ سەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و هتد. ئێمە بەم ئاراستەیە دەڕۆین، بەڵام پێویستە شتێک لەبەرچاو بگیرێت: چەکدارکردنی شۆڕشێک جیاوازە لە شەڕی پارتیزانی، شەڕی چریکی و شەڕی ناوخۆ. پڕچەککردنی شۆڕش کاتێک مانای هەیە، کاتێک کاریگەرە، کاتێک کار دەکات، ئەوکاتە کاریگەری دەبێت کە پشت بە بەشێکی مەزنی کۆمەڵگا دەبەستێت کە لە ئێستادا بە فۆرمەکانی تر خەبات دەکەن. واتە ئەگەر بە خەیاڵتدا بێت خۆپیشاندانی سەدان هەزار یان ملیۆنان کەس لە شەقامەکاندا هەیە، ئەوا ڕاپەڕین و هێرشێکی چەکداری مانای هەیە، چونکە دەسەڵاتی قەرەباڵغی پشتیوانی لێدەکرێت. ئەگەر وا نەبێت، ئەگەر وا گریمانە بکەیت کە بەشێک لە کۆمەڵگا لە ئاستی خۆپیشاندانی چەند سەد کەسێک یان زۆرترینی چەند هەزار کەسێک چەک هەڵبگرن، ئەوانی دیکە کە ناتوانن بەشداری ئەو بزووتنەوەی چەکدارییە بکەن، چالاک نابن، دەکەونە پەراوێزەوە، دەبنە چاودێر، هەرچەندە لەنگری لەهێرشی چەکدارانەش دەکەن، بەڵام بەشداری خودی بزووتنەوەکە ناکەن. لە ئەنجامدا ئەوەی دەتوانێ ڕاپەڕینی چەکداری و گورزی کۆتایی بێت، دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە شەڕی چریکی، پارتیزانی سەرشەقام کە دواجار حکوومەت دەتوانێت شکستی پێبهێنێت. ئێمە تەنها کاتێک دەتوانین ڕاپەڕینێکی چەکداری سەرکەوتوومان هەبێت کە کۆمەڵگا چەک هەڵبگرێت لەسەر بنەمای شەپۆلێکی نارەزایەتی جەماوەری، لە شێوەی مانگرتنی سەرتاسەری و خۆپیشاندانی بەربڵاوی شارەکاندا. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە، پێموایە ئەمڕۆ چ لە کوردستان بێت یان لە شارەکانی تر، هێشتا کاتی ڕاپەڕینێکی چەکداری نەهاتووە، بەڵام دەبێت لە ئاسۆی کۆمەڵگادا هەبێت، لە دیدگای کۆمەڵگادا هەبێت و پێویستە بێت کەخەڵکیش بزانن کە، لە کۆتاییدا، ئەبێت بە ڕاپەڕینێکی چەکداری کاری حکومەتی کۆتای پێ بهێنیت.

**خەلیل کەیوان**: بەڕای ئێوە هەڵوێستی شۆڕش چییە؟ تێڕوانینی دۆخەکە چۆن دەبینیت؟

**حەمید تەقوایی**: پێموایە هەندێک هۆکار کە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا تێبینیمان کردووە گرنگ و بەرچاون لە هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستادا. یەکێکیان ڕاپەڕینی شارەکانە کە نمونەیەکی دیار بوو لە شارەکانی کوردستان و لە شارەکانی تریش شاهیدی ئەوە بووین. ڕاپەڕین واتە بەربەست خستنە سەر شەقامەکان، هێرشکردنە سەر ناوەندە حکومییەکان، کۆنترۆڵکردنی هەندێک گەڕەک، هێرشکردنە سەر دەرکەوتە حکومییەکان وەک وێنە، لافیتە، تابلۆ و ئاڵای حکومەت لە شەقامەکان، گۆڕینی ناوی شەقامەکان و دواجار کۆبوونەوەی چەند هەزار کەس کە لە بنەڕەتدا بۆ یادی گیانبەختکردووەکان شان لە پرسەکانیان یان حەوتەمیان یان چلەکانیان ئەنجام دەدرا و لەم کۆبوونەوانەدا لەگەڵ هێزەکانی سەرکوتکەردا پێکدادان دەکرا. ئەمانە هەموو نموونەی نوێن کە پێموایە ئەوە نیشان دەدەن کە کۆمەڵگە لە لایەکەوە دەچێتە قۆناغی ڕاپەڕینی شارەکانەوە، لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر دێتە سەر شەقامەکان. هاوکات لەگەڵ ئەم هۆکارانە مانگرتنەکانیش تەشەنە دەکەن. جگە لە مانگرتنی خوێندکاران و مانگرتنی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاسبکاران و بازرگانان، ئێستا شاهیدی دروستبوونی مانگرتن لە زۆرێک لە ناوەندەکانی کرێکارین. لە ئێستادا ئەم مانگرتنانە پچڕپچڕن، واتە لە بەشێکدا بۆ چەند ڕۆژێک بەڕێوەدەچن و کۆتاییان دێت و بەشێکی دیکەش دێتە سەر. بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ئەمانە سەرەتای مانگرتنی سەرتاسەری و مانگرتنی گشتین. هیوادارم ڕۆژی سێهەمی ئازەر ڕۆژێکی دیار بێت لە پێکهێنانی مانگرتنی گشتی و بەردەوامیش بێت.

بەڕای من تێکەڵکردنی ئەمانە شۆڕش دەخاتە قۆناغێکی نوێی بەهێزەوە و حکومەت لاوازتر و دواکەوتووتر دەکات. ئەم قۆناغە دەکرێ بە قۆناغی مانگرتنی سەرتاسەری و ڕاپەڕینی شارەکان ناوی ببرێت. وەک وتم ڕاپەڕینی چەکداری کاتێک سەرکەوتو دەبێت کە پشت بە جەماوەری جەماوەری سەر شەقام و مانگرتنی سەرتاسەری ببەستێت. بۆیە مەرجی پێشوەختە بۆ ئەوەی شۆڕش بتوانێت دواجار زەربەی کۆتایی بدات و حکومەت بڕوخێنێت ئەوەیە کە زنجیرەیەک مانگرتنی سەرتاسەری و کۆبوونەوەی جەماوەریمان هەبێت لەسەر ئاستی سەدان هەزار و ملیۆنان کەس لە شارەکاندا.

پێموایە ئێمە بەم ئاراستەیە دەڕۆین و بۆ هەر سێ پێشهاتەکان ڕێکخستن و کۆبوونەوە لە گەڕەک و لە کارگە و زانکۆ و ناوەندەکانی کاردا زۆر گرنگە، ئەم جۆرە ڕێکخستنە خەریکە بەرفراوانتر دەبێت. نەک هەر ئەوە، ئەو شورایانەی کە هەمانە، وەک شورای ڕێکخستنی نارەزایەتی کرێکارانی گرێبەستی نەوت، شورای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی ڕۆشنبیران، شورا جۆراوجۆرەکان و لیژنە جۆراوجۆرەکانی چالاکانی کرێکاری، ئەمانەش خەریکە چەند هێندە دەبن، دێنە مەیدان و چالاک دەبن. بەڕای من کۆی ئەمانە شۆڕشی ئێمەی گەیاندۆتە قۆناغێکی نوێ و تەواو ئومێدبەخش.

٢ی ئازەری ١٤٠١

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان – ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتی سەرچاوەی بنەڕەتیی سەرهەڵدانی فەلسەفە و زانستن



دڵشاد کاوانی

"لە کوێ زانست نەبێت، نەزانی خۆی بە زانست ناودەبات"

مێژووی مەعریفە دووپاتی دەکاتەوە کە ناسینی سەرەتایی مرۆڤ لە سەرسوڕمان و وەهم و خەیاڵ بە جۆرە جیاوازەکان پێکهاتووە. بەم شێوەیە چیرۆکی جیهان و ژینی مرۆڤ هەرچەندە چڕ و پڕی ئەفسانەیی بێت، دەربڕینێکی زیندووە بۆ زانینی مرۆڤ سەبارەت بە خود و پەیوەندیی نێوان خود و گەردوون. دروشمە زانستییەکانی ئەمڕۆ ئەم ڕاستییە ڕەت دەکەنەوە وەک ئەوەی لەبیریان چووبێت کە ئەفسانەی سەردەمی کۆن تۆوی زانستی ئەمڕۆن. وەک ئەو ٦٠ چیرۆکەی لە پێنج کتێبە پیرۆزەکاندا هەیە زۆر لەیەک دەچن جگە لە هەندێک خاڵە وردەکانی دەستپێکردن.

کتێبی ئینجیل بەشی سەردەمی کۆن بەتەواوەتی چیرۆکەکانی تەوراتە و تەوراتیش سەرچاوەی زەبوور و زەبووریش مەسحەفە، هەر بۆیە قورئانی پیرۆز چەندین جار جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە هەمان سەرچاوەی کتێبە پیرۆزەکانی پێش خۆیەوەیە. چیرۆکی ئادەم و حەوا و چیرۆکی یارالمیش لە بنەڕەتدا یەک بووە و شەڕە تائیفییەکان لە مێژووی ئیمان و باوەڕدا چیرۆکی یارالمیشیان بەسەر پۆلەکاندا دابەش کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە چیرۆکی یارلەمیشەوە دەزانرێت کە مرۆڤ تەنها ڕووداوێک نییە و برینەکانی خودا و گەردوون و بێشوماریی بوونەوەرەکانی نێو گەردوون مەرجدار دەکەن. خۆناسینی مرۆڤ لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و خودا، مرۆڤ و گەردوون و مرۆڤ و مرۆڤ پێکدێت و هەر پەیوەندییەک چەندین بوار دەگرێتەوە. لە بەشی شەشەمی زەبوردا ئەم خولەی مەعریفە لە ڕێگەی وێنە و چیرۆکەوە نیشان دەدرێت.

ئەفسانە سەبارەت بە جیهان و ئازارەکانی مرۆڤ لە هۆز و گەلانی هەموو کەشوهەواکاندا زۆرن. لەنێو ئیغریقیەکاندا ئەفسانەیەک لە بارەی قەرەخانەوە هەبوو: خودا پێشتر بێ زەوی و ئاسمان بوو. قەرەخان خودا "مرۆڤ"ی وەک ئامانجی نیعمەتەکەی دروست کرد و لەژێر دەریاچەیەکی گەورەی (دەریا) دانا. "پیاو" کە مەبەست لێی ئادەمە بێزار بوو لە ژیان لەژێر ئاودا بۆ ماوەیەکی زۆر و داوای لە قەرەخان خودا کرد کە بیباتە دەرەوە بۆ شوێنێکی ئارام. قەرەخان خودا فەرمانی بە "مرۆڤ" کرد کە تا دەتوانێت خاک وەربگرێت و بیهێنێتە سەر ڕووی ئاوەکە. "پیاوەکە" تەنوورە و چەقۆکەی پڕ کرد لە خاک و بەپێی ڕێنماییەکانی خودا قەرەخان خاکەکەی لەسەر ڕووی ئاوەکە دانا. زەوی لە ئاسماندا بڵاو کردەوە و لەوەوە ئاسمان و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان دروست بوون. لەو کاتەوە، "مرۆڤ" بووەتە چەقۆی گەردوون، و نەوەکانی لەدایک بوون، و نەوەکانی نامێنن. ئەم ئەفسانەیە لە هەندێک ڕووەوە هاوشێوەی چیرۆکی کتێبی پیرۆزی میهرەبانییە، لە فیشۆیی. بەڵام هەروەها گوزارشت لە بیروباوەڕی گەلانی کۆن دەکات، وەک مرۆڤەکان، کە ئاو و خاک شکۆمەند دەکەن. "مرۆڤ" نزیکەی تەواو بەخشراوە بە سروشتی مرۆڤ، بەڵام جەستەی لەگەڵ هەموو پێکهاتەی گەردووندا یەک دەگرێتەوە و کردارەکانی بە فەرمانی خودا یەک دەگرنەوە. بوون و ڕەفتاری مرۆڤ ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی بوونی ڕۆحی و ماددییە. ئەگەر ئەفسانە بە زانستێکی سەرەتایی بزانین، ئەوا تێڕوانینی باوباپیرانی دوور لە بارەی گەردوون و مرۆڤ بەرجەستە دەکات. ئەم بیرۆکانە دەوڵەمەندن بە خەیاڵ و ئامادەن بۆ ڕەنگدانەوەی مەجازی. بەڵام وێنەسازی تۆخمە فیکرییەکانی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەم تۆخمانە بە ڕوونی هەندێک تایبەتمەندی پرۆسەی مەعریفی نیشان دەدەن.

جەیمس چێرگواردی بەریتانی: لە بەرهەمی "خاکی کۆنی مو"دا بۆی دەرکەوتووە کە چیرۆکی یارمیش کە ١٧ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە خاکی مو نووسراوە، نزیکەی هەمان چیرۆکی یارمیش لە تەوراتدا بە شیکردنەوەی هیرۆگلیفەکان لە بەڵگەنامە بەردینەکانی دۆزراوەوە لە هیندستان و مەکسیک و شوێنەکانی تر. بە بڕوای نووسەر شارستانیەتەکانی هیندستانی کۆن و میسر و بابل چەند پاشماوەیەکن لەو شارستانییەتە درەوشاوەی پێش خۆی و نوقمبوونی کیشوەرەکەش دەرئەنجامی درەوشاوەیی کولتووری دایک بووە. لە چوارچێوەی تۆمارە زەوییە کۆنەکانەوە، مارە حەوت سەردارەکە وەک خوڵقێنەر، هێزی جەوهەری سەرهەڵدەدات. مارە حەوت سەرەکە حەوت زیرەکی هەیە و ئەو حەوت فەرمانەی کە لەلایەن ئەووەوە هاتووە وا دەکات هەموو گەردوون گەشە بکات



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مرۆڤ دەیەوێت بگاتە نهێنییەکانی بوونەکەی. من کێم؟ من خەڵکی کوێم؟ بۆ کوێ دەچم؟ پرسیارەکانی وەک... زانایان تا ئێستاش بە هاوکاریی ئامێرە مۆدێرنەکان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێن. دروستکردنی گەردوون و یاساکانی کات بە ڕوونی لە چیرۆکی یارلەمیشدا دەرکەوتووە کە لە مو مەیناڵاندەوە دەستکەوتووە، بە بڕوای جەیمس چەرگوارد، مرۆڤەکان سوودمەندی ئەو چیرۆکەن و لە سەردەمی ئەفسانەیی پەیوەندییە ئینسان و گەردوونییەکان لەنێو گەورەکاندان لە مێژووی زانستدا.

پەیمانگای ئۆنتاریۆ بۆ توێژینەوەی پەروەردەیی، زانکۆی تۆرۆنتۆ کارل بێریتەر (کارل بێریتەر) لە کتێبی "پەروەردە و هۆشیاری لە سەردەمی زانین"دا چەمکێک بە ناوی "تیۆری فۆلکلۆر" پێشنیار دەکات. بە بڕوای کارل بێریتەر، تیۆری جەماوەری بۆچوونی مرۆڤەکانە لە غیابی تیۆری زانستیدا. تیۆری گشتی دەتوانێت بەبێ لێکۆڵینەوە و بێ فلتەر بوونی هەبێت. بەگشتی دەروونناسی عەقڵی باو (دەروونناسی عەقڵی ساغ) بیرۆکە و تێبینی و ئارگیومێنت و پلان و ئامانج و بنەماکانیش ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر پەیوەندی نێوان هۆشیاری و جیهانی بابەتی دروست بێت، ئەمە ئەنجامەکەی زانین و ئەگەر نادروست بێت، باوەڕی درۆ. تیۆری گشتی لە دەروونناسی خوێندەواری و تیۆری ناسینی خوێندەواری پێکهاتووە (کارل بێریسەر: پەروەردە و هۆشیاری لە سەردەمی زانین، ئینگلیزی، کۆمەڵگەی لۆرێنس ئێرلیبام، ئەمریکا، ٢٠٠٢). جووتیارێکی نەخوێندەوار لەوانەیە بەرهەمێک بچێنێت بەبێ هیچ چەمکێکی ڕووەکناسی. ڕەنگە لە بوارەکانی پزیشکی و پیشە دەستییەکاندا ڕووبەڕووی وەها دۆخێک ببنەوە. لە کتێبی "بیرەوەرییەکان"ی نووسەر زون قادری داپیرەیەک هەیە بە ناوی پریزیخان. ئەم داپیرە بە وردی وەک کەسایەتییەک وێنا کراوە کە کاریگەری تایبەتی لەسەر منداڵی زون هەبووە. لە باخچەیەکی ئاژەڵان سێوێکی تەواو بەستوو دەخوات و لەناو باراندا گیردەخوات و دەبەستێت تا دەمرێت. ئەگەر داپیرە پریزیخان بیهێنێتە ماڵەوە و پارچە پەتوویەک لە ئاوی شلتێنیدا تەڕ بکات و بیخاتە ناو خاولییەکی قوماشەوە و بیخاتە سەر زون، نامرێت. زون وەڵامی ئەمەی لە پۆلی ڕووەکناسییەوە فێربووە، لەو کاتەدا کە زون لە داپیرەی پرسی: "چیت کرد؟"، داپیرە وەڵامی دایەوە: "لە ئاو دەچێت" لەم نموونانەوە دەزانن تیۆری باو چییە. لەناو خەڵکدا کوتان (چارەسەری جەستەیی)، ئیرام (چارەسەری دەروونی)، گرێدانی ئاگر، بخور، جگەرەکێشان، خوێنخواردنەوە، سووتاندن، پێستکردن، ئارەفکردنەوە و شێوازە پزیشکییەکانی دیکە تا ئەمڕۆش بەردەوامن. هەرچەندە ئەم پراکتیزانە پەیوەست بە بیروباوەڕی شامانەکان لە ڕابردووی دووردا بە کاریگەرییە ڕاستەقینەکانیانەوە لە ژیانی مرۆڤەکاندا چەسپاون، بەڵام تا ئێستا بە هیچ تیۆرێکی زانستی ڕوونمان نەکردۆتەوە، لەبری ئەوە وەک ``خورافات" پشتگوێمان خستوون. هەر شتێک لە جیهانی ماددی و ڕۆحیدا دەتوانێت ببێتە ئۆبژەی زانست. لەناوبردنی نازانستیانە بەبێ لێکۆڵینەوەیان هیچی تر نییە لە دەرئەنجامێکی خراپی نەفامی. فیزیازان و فەیلەسوفی بەریتانی مایکل پۆلانی دەڵێت: بوونی ئاژەڵ لەلایەن زانایانی ئاژەڵانەوە نەدۆزراوەتەوە. بوونی ڕووەک لەلایەن ڕووەکناسەکانەوە نەدۆزراوەتەوە. بەهای زانستی ئاژەڵناسی و ڕووەکناسی تەنیا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەیە کە درێژەپێدەری حەز و ئارەزووی پێش زانستی مرۆڤە بۆ ئاژەڵ و ڕووەک. بەم مانایە، هەرچەندە جیهانبینی دایکمان (ئەو باوەڕەی کە هەموو شتێک ڕۆحی هەیە) جۆرێکە لە عیرفانییەت لە ڕوانگەی زانستی ئەمڕۆوە، بەڵام زانست هێشتا کۆرپەلەیەک بوو کە هێواش هێواش لە سکی ئەو جۆرە جیهانبینانەدا پێگەیشتووە.

مێژوونووسی زانست و. پ. دامپیەر (W. C. Dfmpier) زانست بریتییە لە زانینی سیستماتیکی دیاردە سروشتییەکان، کە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان چەمکە جۆراوجۆرەکان دەکات کە گوزارشت لە دیاردە سروشتییەکان دەکەن لە سەردەمی فیکریدا (W. C. Dampier: مێژووی زانست و "چینی" و "بازرگانی" چاپی ١٩٩٤، لاپەڕە ٩) گوتی. پێش ئەوەی زانستی سیستماتیکی دروست بێت. ئەو توخمانەی کە لقەکە پێکدەهێنن دەبێت دروست ببن. ئەم هۆکارانە لە ڕووی مێژووییەوە لە ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکان و لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی گەلانی دواتردا و لە تێڕوانینەکانیان بۆ سروشت و ژیاندا بوونیان هەیە.

دامپیەر لە کتێبی "مێژووی زانست"دا باس لە پەیوەندی نێوان ئایینی مەسیحی و ئایین و زانست دەکات، هەروەها باس لە بۆچوونی هەندێک لە مرۆڤناسەکان دەکات. بە بڕوای ئەوان مقاعیەت بە شێوەیەک بەرەو ئایین دەبات، بە شێوەیەکی تر بەرەو زانست. (کتێبی سەرەوە، لاپەڕە ٢٧-٢٨). شامانیزم جۆرێکە لە زانینی جیهانی سروشتی ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان و شێوازی ژیانی ماددی و ڕۆحییان کاریگەرییەکی بەردەوامی بەجێهێشتووە. شامان و قەشەی ئەو سەردەمە ڕۆشنبیری سەردەمی خۆیان بوون و سروشت و خودا لە یەکتر جیا نەبوونەوە، بەڵکو لە بیرکردنەوەیاندا تێکەڵ بوون.

شێوازی زانینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی دوور لەبارەی سروشت و ڕۆحانیەت و کۆمەڵگاوە، هەروەک چۆن لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا تەوەری چیرۆکی هەیە. بیرۆکەکان لەبری ئەوەی لە زنجیرەیەکی لۆژیکی ئەرستۆدا دەرکەون، بە هەموو بەشەکانی چیرۆکەکەدا خوێن دەڕژێن. ئەگەر تەماشای مێژووی فەلسەفەی هیندوس بکەین، دونیابینییەکانی هیندوسی جگە لە پێکهاتە نەتەوەییەکانی خۆیان تێکەڵ بە توخمە عەرەبییەکانن. چیرۆکێک لە (جەمشیدنام) دا هەیە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە نێو خەڵکی بڵاوبووەتەوە: ڕۆژێک، نوح پاڵکەوتبوو، چاوەکانی نوح خەوی لێکەوت. لەو کاتەدا نوح پانتۆڵی لەبەر نەبووە و قوماشەکەی بۆ پێشەوە دەکێشا. قوماشەکە بەهۆی بایەوە هەڵیکرد و حەورەتی نوح دەرکەوت. سێ کوڕەکەی بەلایدا تێدەپەڕین. حەزرەتی یافس بە بینینی ئەم دۆخە چاوەکانی داخست و تێپەڕی، حەزرەتی سام بە دەستێک چاوەکانی گرت و بە دەستەکەی تریش قووماشەکەی ڕاکێشا و بەشە تایبەتیەکانی نوحی داپۆشی و تێپەڕی. کوڕەکەی هام بە گاڵتەجاڕیەوە وتی: ئای کراوە و داخراوە. لەو کاتەدا نوح لە خەو لە خەو هەڵسا و کاتێک گوێی لەم بابەتە بوو زۆر تووڕە بوو. بە یافێتی گوت: "نەوەکانت ببنە پاشا، بە سامی گووت: نەوەکانت هەم پاشا و هەم پێغەمبەر بن. بە هامیش



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گووت: "ئەوەکانت کۆیلە و کۆیلە بن."

مێژوونووسی ڕۆژهەڵاتی موسا سەیرامی لە کتێبی "حەمیدی مێژوویی" (ئەنوەر بەیتور، چاپی ١٩٨٦ی دەزگای چاپخانەی نەتەوەیی پەکین چاپکراوە) سەرەتای مێژوو لە نوحەوە دەستپێدەکات. گەلانی تورک بە یافەت و بابل و یەمەن و عومان و عێراق و ئێران بە سام و گەلانی ئەفریقا و هیندستان بە هامەوە دەبەستێتەوە. پێدەچێت بارودۆخ لە مێژووی نووسراودا شایەدی جێبەجێبوونی دوعای نوح بێت. بە لام ئە گە ر وا بزانین ڕاستیە مێژووییە کانی ناو مێژووی نووسراو ڕەهانین یان مێژوو لە قەڵەمی مرۆڤەوە لاوازی و سەرکێشی مرۆڤی هەیە، وا هەست دەکەین کە لە لێدوانە کانی مەلا موسا سە یرامی دا تۆنێکی ئەفسانەیی لە دەرەوەی ئەزموون هەیە. لەم چیرۆکەی سەرەوە کێشەیەک دەبینین، سێ هەڵوێست بەرامبەر بە هەمان شت و ئەنجامە جیاوازەکانی دەرئەنجامی ئەو هەڵوێستانە: یافەت بە حەیاییەوە کۆچی دوایی کرد، ئەمەش ئامانجی ئەو تەقواییە بوو کە دەبوو پاشاکان هەیانبێت. سام بێگەردی هەبوو هەروەها پێوانە. بۆیە نەوەکانی شانشینی و حیکمەتی پێغەمبەرایەتییان پێ سپێردرا. هام بەهۆی بێئەدەبی خۆیەوە مەحکوم بوو بە چارەنووسی کۆیلایەتی. ئەگەر ئەم چیرۆکە لە واقیعی مێژوویی جیا بکەینەوە، ئەوا ئەو دەرەنجامە فیکرییەمان دەبێت کە هەڵوێستی خەڵک بەرامبەر بە شتەکان چییە، ئەزموون و مەعریفە و چارەنووسی هاوتایان دەست دەکەوێت. ئەم دەرەنجامە حوکمێکی بیرمەندی فەرەنسی ڕێنی دیکارت (١٥٦٠-١٥٩٦)مان بیردەخاتەوە: ژیری لە هەموو مرۆڤەکاندا وەک یەکە. کەواتە ناکۆکی لە بیروڕادا لە زیرەکتربوونی کەسێک لە کەسێکی ترەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو لەو ڕاستییەوە سەرهەڵدەدات کە شێوازی بیرکردنەوەمان جیاوازە یان بیرکردنەوەکانمان ئاراستەی یەک هۆکار نییە. منداڵەکانی نوح بە وەڵامی جیاوازەوە لە هەمان کێشە نزیک بوونەتەوە و بەم شێوەیە ئەنجام و چارەنووسی جیاوازیان هەبووە. پەیوەندی نێوان کاریگەری و هۆکار لە چیرۆکی سەرەوە و لە قسەکانی دیکارتدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. بەڵام یەکێکیان لە فۆرمی وێنەدایە و ئەوی دیکەیان لە فۆرمی هەستکردندایە کە لە نەریتی بیری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ناسراوە. یەکێک لەوانە ئەو ڕووداوەیە کە لە قەڵەمدا ڕوویدا و ئەوی دیکەیان ئەو ئەنجامەیە کە لە ڕووداوەکەوە دەرچووە. کەسانێک کە توانای دەرەنجامە عەقڵانییەکانیان نییە لەو ڕووداوە، هەرچەند ئەو چیرۆکەی سەرەوە بخوێننەوە، وانەکە فێر نابن. قسەکانی دیکارت بۆ کەسێک کە ناتوانێت دەرەنجامە فیکرییەکان لە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیانیدا جێبەجێ بکات، بێمانایە. ژیان پڕە لە مانا و وانە بۆ کەسێک کە پەیوەندی ناوەوەی نێوان وەرگێڕان و حیکمەت دەدۆزێتەوە. چیرۆک ڕووداوێکە بە حیکمەتەوە، حیکمەتیش چیرۆکێکە کە ڕووداوێکی لابراوە. بۆیە فەیلەسوفانی ڕۆژهەڵات ناتوانرێت بە پێی مۆدێلی فەلسەفی ڕۆژئاوا هەڵسەنگێندرێن، بەڵکو بەراوردکاریش دەکرێت.

ئەگەر بمانەوێت لە جیهانبینی و شێوازەکانی ناسینی گەلانی کۆن بکۆڵینەوە، لەوانەش زانستناسی مرۆڤناسی، ئەوا دەبێت چاومان لە ئەفسانە، فۆرمەکانی بیروباوەڕی ئایینی، تۆمارە زارەکی و نووسراوەکان، ئینجا مێژووی بەرهەمهێنان و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئابووری، پیشەسازی و نەریتی بیناسازیمان بێت. ئێمە ناتوانێت خۆمان لە تانەدان بپارێزین. بێ گومان ناتوانین مێژووی زانستی ئارکۆلۆژی یان مێژووی زانستی بەبێ بوونی ئاسیای ناوەراست ڕۆژهەڵاتی دوور و پێشکەوتنەکانی گەلانی کۆنی نێوان دوو ڕووبار ئەوە دەزانین کە ژیریاری گریک چۆن پایەکانی خۆی لەسەر ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتی بوونیاد ناوە.

زۆر جاردۆزینەوە شوێنەوارییەکان لە ناوچەکەدا ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دامەزراندنی مێژووی زانستی ئاسیای ناوەڕاست و ئاسیای سەروو و ڕۆژهەڵاتی دوور. دەتوانین ئاماژە بە هەر قۆناغێکی مێژوویی بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٧ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢

---

## شۆڕشی ژینا سەر دەکەوێ



**برایم جەهانگیری**

ئەوەی کە لەو چەند ڕۆژەدا ڕێژیم هار بووە و چەتە و پیاوکوژەکانی بەتایبەتی بە کۆڵان و شەقامی شارەکانی کوردستاندا بڵاو کردۆتەوە و دەستی کردووە بە زەبروزەنگ و تۆقاندن، وەک مێژووی شۆڕشەکانی دژی دیکتاتۆری شتێکی زۆر ئاسایی و نۆرماڵە. دەی ئەگەر دیکتاتۆر وا بەهاسانی دەست هەڵگرن خۆ نەدەبوونە عەزیا بە سەر ئەم خەڵکەوە، بەڵام کوورەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نیڵدراوی ئەو شۆڕشە تازە مەحاڵە سارد بێتەوە.

**شۆڕشی ژینا زۆر شتی کردووە کە سەرەکیترینیان بریتین لە:**

**یەکەم**. شۆڕشی ژینا ژنی وەها ڕاچڵەکاند و دەگەڵ ماف و ئازادییەکانی خۆی ئاشنای کردەوە کە مەحاڵە تازە ژن لە ئێراندا واز لە داخوازییە ڕەوکانیان بێنن. لەوەش بەوەلاوەتر بە دڵنیاییەوە ئەو داخوازییانە هەر لە ئاست ئازادکردنی سەرپۆش و لەچکدا نامێنێ و ئەوان سوور دەزانن بە بوونی ئەو دەسەلات و حکوومەتە هەرگیز بە ئازادییە سەرەتاییەکانی خۆشیان ناگەن.

**دووهەم**. شۆڕشی ژینا گەنجی ئێرانی و کوردستانی وەها ڕاچڵەکاند کە لە ماوەی دوو مانگ و بڕێکدا پێی سەلمێنرا کە ئەو بە یەکگرتوویی دەتوانێ چۆک بەو ڕێژیمە دڵ پڕ لە کینە و نەفرەتە دابدا و لەو ماویەشدا ئەو سەرکەوتنەی خۆی و شکستی ئەو دەسەلاتەی لەبەرانبەر خۆیدا بەچاوان دیت. هەر بۆیە مومکین نییە تازە گەنجی ئێرانی بە گشتی بتوانێ و بێڵێ ئەو ڕێژیمە وەکوو پێشوو حوکمی بە سەردا بکا.

**سێهەم**. شۆڕشی ژینا هاوپێوەندی و یەکگرتوویییەکی کەموێنەی لە سەرانسەری ئێران لە نێوان گەلانی ئێراندا و لە نێوان ناوەند و بەشەکانی دیکەی ئێراندا پێک هێنا، بە جۆرێک کە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا یەکگرتوویییەکی سۆزداریی وەک زنجیرێکی پۆڵایین سەرانسەری ئێرانی لێک گرێ دا. دیارە تا ئەم دەقیقەیەش ڕاپەڕینی هیچ شارێکی ئێرانی بە تارانی پایتەختیشەوە نەیتوانیوە بگاتە ڕاپەڕینی هیچ یەک لە شارەکانی کوردستان، بەڵام شەڕە گەڕەک لە زۆر ناوچەی تارانیش وای کرد کە ڕێژیم لە پایتەختیش دەگەڵ شکست و پاشەکشەی هێزەکانی بەرانبەر بە خەڵک ڕووبەڕوو بوو، بۆیە زۆر جاران لە چەکداری بیانی کەڵکی وەرگرتووە بە گوێرەی هەندێ قسەی چالاکانی مەدەنی نێوخۆ و دەرەوە.

**چوارەم**. درێژەکێشانی شۆڕشی ژینا وای کرد کە بەتەواوی هێزە ئینتیزامییەکان لە زۆر شار و ناوچە لە ئاست ئازایەتی و بوێریی خەڵک دەست بەردەنەوە و لە سەرکوتی خەڵک خۆ بپارێزن و نموونەی دیاریش لە مەهاباد و تەورێز کە ئەو هێزانە لە تەورێز بەئاشکرا دەگەڵ سەفی خۆپێشاندەران کەوتن. هەربۆیەش ئیدی ڕێژیم وەک دوایین تیری نەجات ئێستا سپای پاسدارانی و هەندی چەکداری کرێگرتەی بەگژ خەڵکدا کردووە. دیارە ئەو سپایەش جگە لە هەندێ کادری دیار کە بەرژەوەندیی سەداسەدیان دەگەڵ ئەو نیزامەیە، بێگومان ئەوانی دیکە بە تایبەتی سەرباز و دەرەجەداری پلەخوار لە ئەگەری درێژە کێشانی ئەو خۆپێشاندانانەدا وەک هێزە ئینتیزامیەکانیان لێ دێ و ئامادە نابن ڕووبەڕووی خەڵک ببنەوە. بۆیەشە لە زۆریەک لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکاندا بۆ سەرکوتی خەڵک سەرهەنگ و ئەفسەرە پلە باڵاکانی سپاس بەشداری ڕاستەوخۆ دەبن و وەک دەشبینین هەر لە خۆپێشاندانەکاندا تا ئێستا چەندین بەرپرسی پایەبەرزی سپا و ئیتلاعاتی سپا کوژراون؛ ئەوەش ڕاستیی ئەو بۆچوونە پشتراست دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پێنجەم و.** خاڵی یەکجار گرینگ بەپێی قاعیدەی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە مێژوودا و لە ئێرانیش ئەو خاڵەیە کە درێژەکێشانی شۆڕش درز و دەخاتە نێو هێزە سەرکوتکەرەکان و تا ئە شۆڕشە درێژە بکێشی ئەو درزە گەورەتر دەبێتەوە و سەرئەنجام وەک هەموو شۆڕشێک ئەو هێزانە ماندوو و شەکەت و بێئیرادە دەبن و ڕەگەڵ خەڵک دەکەون، بۆیە زۆر گرینگە لەو خۆپێشاندانانەدا لەجیاتی ئەوەی هەموو کات هەر لە بەرانبەر هێزی سەرکوتدا ڕاوەستی، هەندێ دروشمی دیکە بدەینەوە کە بتوانێ لە باری ڕوحی و ڕەوانییەوە کار لەسەر هێزە سەرکوتکەرەکان بکا تا لە سەرکوتی خەڵک کەم بێتەوە و لە ئاکامدا ئەو هێزانە ڕەگەڵ خەڵک کەون. بۆ نموونە زەمانی شا خۆپێشاندەر گوڵیان دەدا بە هێزەکانی ڕێژیم، دروشمیان دەدا: "برای ئەرتەشی بۆ دەکەی براکوژی".

ئەو شۆڕشە بێجگە لەو خاڵانەی سەرەوە وای کردووە دنیای دەرەوە بە گشتی هاوسۆز وهاودەنگ بێ دەگەڵ ناڕەزایەتییەکان و ئێستا لە ڕاگەیاندنی هەموو جیهاندا و لە سیاسەتی دەرەوەی زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەمریکا و ئورووپادا پشتگیری نارازییان و خۆپێشاندەران و دژایەتیی ئەو ڕێژیمە فاشیستیە بەئاشکرا دەبیندرێ. هەر بۆیە درێژەکێشانی ئەو خۆپێشاندانە گومانی نەهێشتوەتەوە کە ئەو ڕێژیمە دڕندەیە بۆ هەمیشە لەبەر یەک هەڵدەتەکێنێ و بە لە نێوچوونی ئەو ڕێژیمەش مێژوو پەراوێک بۆ یەک لە دیکتاتۆرترین سیستەمەکان دەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٧ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کەمپەینێک: ئیتلاعات و کونسوڵەکانی ئێران لە هەرێم دەربکرێن



زەمەن

دەیان هاوڵاتی هەرێمی کوردستان لە چین و توێژە جیاوازەکان کەمپینێک تایبەت بە دۆخی رۆژهەڵات رادەگەیەنن و داوای داخستنی کونسوڵخانەکانی ئێران و دەرکردنی ئیتلاعات دەکەن لە ناو هەرێمی کوردستان.

دەقی راگەیەندراوی کەمپەینەکە:

سنوورەکان بە روی رۆژهەڵاتدا بکەنەوە و کونسڵخانەکانی ئێران دابخەن

ئێمە ئەم هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان کە لە خوارەوە ناومان هاتووە, پشتیوانی لە راپەڕینی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئێران بۆ ئازادی و دادپەروەری و سەربەخۆیی و مافە تاکە کەسییەکان بە تایبەتیش مافی ژنان و نەتوە ژێردەستەکان دەکەین, بە توندی ئیدانەی کۆمەڵکوژی و سەرکوتی هاووڵاتیانی سڤیلی ناڕازی دەکەین لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە, داواکارین:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارت و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بچنە پشت راپەڕینی گەلانی ئێران بە گشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و بە فەرمی پشتیوانی لێبکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢- کونسڵەکانی ئێران و دەزگای ئیتلاعات لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی بە زووترین کات دەربکرێن و پەیوەندییەکان لە گەڵ ئێران رابگرترێت.
٣- سنوور بە روی بەشداربووانی راپەڕین بە تایبەتی و هاوولاتیانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی بکرێتەوە.
٤- لە نەخۆشخانەکانی کوردستان چارەسەری برینداره‌کانی راپەڕین بکرێت و هاوکاری هەڵاتووان لە دەست سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ئێران بکرێت.
٥- هاوکاری خەڵکی راپەڕیوی رۆژهەڵات بکرێت لە رووی دارایی و  پزیشکی و سیاسی و راگەیاندنەوە.
٦- ئەو دەزگاو کەناڵ و رێکخراوانەی گومان لێکراون بە نۆکەری بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە باشوور دابخرێن.
٧- ئەو لایەنانەی نزیکن لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە فەرمی دابڕانی خۆیان لێی رابگەیەنن.

**ناوی سیانی　　پیشە　　ناونیشان**

١- عەلی مەحمود محەمەد - چالاکوانی مافی مرۆڤ – هەولێر.
٢- هەڵمەتی ژیان نا بۆ ئیعدام لە کوردستان.
٣- هیوا سەید سەلیم - نووسەرو چالاکوان – رەواندز.
٤- فاتیح مستەفا حەمەدەمین - پێشمەرگەی دێرین و چالاکوان – هەولێر.
٥- فەرید مەخموری - شاعیر – ئوستراليا.
٦- مستە فا یاسین - خانەنشین – هەولێر.
٧- محمد شریف - مامۆستا – کفری.
٨- شێرزاد سدیق سلیم - ڕاگەیاندنکار – هەولێر.
٩- شاخەوان قادر شۆرش – نووسەر – دانیمارک.
١٠- ماجد خالد کەریم (هاوڕێ یوسف حەساری) پێشمەرگەی دێرین – کەرکوک.
١١- ئەحمەد سەعید - فەرمانبەر – هەولێر.
١٢- کاروان ئەحمەد عبدالرحمن - چالاکوانی مەدەنی – سلێمانی.
١٣- فریاد هیرانی - نوسەر و چالاکوان – هەولێر.
١٤- سامان محمدعلی ئەحمەد - توێژەری دەروونی.
١٥- ڕابەر ڕەشید - پێشمەرگەی دێرین – کەرکوک.
١٦- فەرهاد عوسمان - خانەنشین – هەولێر.
١٧- باهر توفیق - ماموستا – هەولێر.
١٨- عەباس نادر قادر.- مامۆستا – هەولێر.
١٩- زەیتۆ اسماعیل - فەرمانبەر – هەولێر.
٢٠- محەمەد سولێمان غفور – هەوڵیر.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢١- جەوهر شکور - خانەنشین  و چالاکی سیاسی – گەرمیان.
٢٢- ئافتاو عزیز علی - خانە نشین – ئەڵمانیا.
٢٣- فاخیر نانە کەلی - چالاکی سیاسی – هەولێر.
٢٤- کەمال حوسێن - خانەنشین پ.م دێرین – سلێمانی.
٢٥- عبدالرحمن رسول - نووسەر و ڕۆژنامەنووس – فەرەنسا.
٢٦- قاسم نۆکانی -پێشمەرگەی دێرین – کەرکوک.
٢٧- نسرت کوخا حمید - چالاکی سیاسی – هولەندا.
٢٨- هۆشەنگ کەریم - ڕۆژنامەنووس – هەولێر.
٢٩- فەرهاد خالید مستەفا - مامۆستا – هەولێر.
٣٠- فازل عەباس - ڕۆژنامەنووس – هەولێر.
٣١- بەختیار کەمال جبرائیل - فەرمانبەر – هەولێر.
٣٢- هیوا ناسیح - ڕۆژنامەنوس وچالاکوان – سویسرا.
٣٣- عەولا پۆلا - پێشمەرگەی دێرین – کالیفۆرنیا.
٣٤- ئیبراهیم سۆفی – خانەنشین.
٣٥- هەردی محمود – پارێزەر  هەولێر – کوردستان.
٣٦- خەلیل نەورۆز - خانەنشین – هۆڵەندا.
٣٧- خەسرەوخالد - چالاکوانی مەدەنی – دوبس.
٣٨- سیروان سەلیم – کاسب.
٣٩- کاوە حسن - خانەنشین – هەولێر.
٤٠- غفار محمد فتاح - پارێزەر – سلێمانی.
٤١- شیرین سۆفی ئەولا - مامۆستا - سلێمانی.
٤٢- عەلی محەمەد ئەمین، نووسەرو ڕۆژنامەنووس  سلێمانی
٤٣- یاسین کەریم ڕۆژنامەنووس  سلێمانی
٤٤- عەونی خۆشناو - پێشمەرگەی دێرین – هۆلەندا.
٤٥- شوان سەید عەلی – پارێزەر.
٤٦- جەمال ئەحمەد کەریم - کاسبکار – هەولێر.
٤٧- جوهر عبدالله مولود سرێشمەی - پارێزەر هەولێر – سۆران.
٤٨- عەبدولرەحیم سەرەڕۆ – شاعیر.
٤٩- گوڵاڵە پشدەری - نووسەر و چالاکوانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی – هۆڵەندا.
٥٠- بایەزید کەریم - چالاکوانی مەدەنی – هەولێر.
٥١- بسام عمر - کارمەند – هەولێر.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٥٢- زینب هادی محمد - فەرمانبەر – کرکوک.
٥٣- شەماڵ عادل سەلیم - زیندانی سیاسی – هەولێر.
٥٤- ئەردەڵان لەتیف - مامۆستا – هەولێر.
٥٥- مستەفا احمد محمد نوری - ماف پەروەر – کرکوک.
٥٦- عبالله نجم الدین – پارێزەر.
٥٧- سەربەست محمد اسماعیل - چالاکوان – هەولێر.
٥٨- رسول علی - سەرپەرشتیاری پەروەردەیی – هەولێر.
٥٩- سالارقادر سەعید ناسراو بە (سالار ڕواندزی) پێشمەرگەی دێرینی حزبی شیوعی وئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامە نووسان.
٦٠- قادر بڵباس - چالاکوان – بەریتانیا.
٦١- محمد عبدالله - مەمۆستا – هەولێر.
٦٢- دەشتی بەرزەواری - نووسەر و ڕۆژنامەنوس.
٦٣- نەبەرد خالید - فەرمانبەر – سلێمانی.
٦٤- هیوا ئەحمەد - هەڵسوڕاوی سیاسی – بەریتانیا.
٦٥- حمید حسن چەلکی - ماوستاو چالاکڤان – دهوک.
٦٦- هەرێم مەحمود سەمەن – چالاکوان.
٦٧- نهاد قازی - چالاکوان – هولەندا.
٦٨- سەفین ساڵح - هونەرمەند - ڤانکۆڤەر کەنەدا.
٦٩- یوسف شوانی - کاسب - تەکساس ئەمریکا.
٧٠- دڵشاد رەمەزان - ڕۆژنامەنوس – هەولێر.
٧١- فەرهاد عومەر – ئەندازیار.
٧٢- ڕوناک محمەد نجم - چالاکوان مدەنی – سلیمانی.
٧٣- سالار سیامەند عەبدوڵا - مامۆستا – هەولێر.
٧٤- لاڤە معروف - فەرمانبەر .
٧٥- عمار علی - پێشمەرگەی دێرینی حیزبی شیوعی عێراقی و نوسەر – هولەندا.
٧٦- هەوراز احمد - ڕۆژنامەنووس – سلێمانی.
٧٧- سەرهەد تۆفیق مەعروف - نووسەر – هەولێر.
٧٨- رزگار حەساری - فۆتۆگرافەر – کەرکوک.
٧٩- چالاک کاوانی - پیشمەرگەی دیرین – بریتانیا.
٨٠- سەمیرە احمد حسن - چالاکوان – کەرکوک.
٨١- کارزان حەمید - ڕۆژنامەنووس – فەرەنسا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٨٢- مەغدید حاجی - مامۆستای زانکۆو نووسەر – هەولێر.
٨٣- سەردار علی - چالاکوان و خانەنشین – هۆڵەندا.
٨٤- پێشڕەو حسن - فەرمانبەر – سلێمانی.
٨٥- حسن محمد شکور – کرێکار.
٨٦- حسن مارف - فەرمانبەر – سلێمانی.
٨٧- عباس رۆستەم - خانەنشین – سلێمانی.
٨٨- محەمەد سەید کەریم - مامۆستا – کەرکوک.
٨٩- عارف حمدامین اللەویردی - پێشمەرگەی دێرین – ڕانیە.
٩٠- سەردار عەبدوڵا حەمە - چالاکوانی سیاسی و مەدەنی – کەنەدا.
٩١- نەجم موستەفا - خانەنشین – هۆڵەندا.
٩٢- بکر حاجی - تێکۆشەری دێرین – ئەڵمانیا.
٩٣- سەلام عومەر - نووسەر – هەولێر.
٩٤- دکتۆر محمد کیانی - چالاکی سیاسی، پزیشک – هەولێر.
٩٥- ناسر تەها سولەیمان - پەروەردەکار – دانمارک.
٩٦- ئەرسلان عبدالعزیز - پێشمەرگەی دێرین.
٩٧- گۆڤار احمد یحیی - نوسەر – لندن.
٩٨- مەریوان زەندی - پێشمەرگەی دێرین و چالاکوان – هەولێر.
٩٩- هەژار ئەمین - ئای تی – ئوستورالیا.
١٠٠- جەبار حەمەد - چالاکوانی میدیایی - هونەرمەندی شانۆ – کەنەدا.
١٠١- مامۆستا زرار قادر خەیلانی - سەرپەرشتیاری خانەنشین – هەولێر.
١٠٢- عبدالخالق ئەنور - چالاکوان و شوفێری تەکسی – لەندەن.
١٠٣- هێرش عوسمان - خانەنشین – هەولێر.
١٠٤- چالاک زەنگەنە - پیشمەرگەی دیرین – ئیتالیا.
١٠٥- کاوە نادر قادر - چالاکوانی مەدەنی – هەولێر.
١٠٦- برهان مخموری - پێشمەرگەی دێرین – هەولێر.
١٠٧- خولیا حوسێن - شاعیر و چالاکوان – کەنەدا.
١٠٨- بەختیار ئاکۆیی - میکانیک - ئەسینا یۆنان.
١٠٩- فەرمان محەمەد - ڕۆژنامەوان – ئیتاڵیا.
١١٠- نازم عوسمان ڕەشید - فەرمانبەر – ئیتاڵیا.
١١١- گوڵاڵە ڕەزا سالح – فەرمانبەر – ئیتاڵیا.
١١٢- حسین کاکە إسماعیل - مامۆستای - خانەنشین – کۆیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١١٣- نەهرۆ عائلایی - چالاکوان و رۆژنامەنووس – هەولێر.
١١٤- یوسفە سوور – چالاکوان – دانمارک.
١١٥- تریفە تاهیر مەحموود - پزیشک – هەولێر.
١١٦- رەنج تاهیر عەلی ئەفەندی - چالاکی سیاسی – سویسرا.
١١٧- دڵزار زرار قادر – فەرمانبەر – هەولێر.
١١٨- هێمن حامد – کرێکار – سوێد.
١١٩- پشتیوان حاجی مەحمود - چالاکوانی سیاسی - شاری سلێمانی.
١٢٠- بەختیار کەمال جبرائیل - فەرمانبەر – هەولێر.
١٢١- دکتۆرە فائیزە خەتاب - پسپۆری نەخۆشیەکانی مناڵان.
١٢٢- سەرکەوت فەتاح - پێشمەرگەی دێرین – هۆلەندا.
١٢٣- خەرمان محمد رسول - چالاکوانی سیاسی – ئەلمانیا.
١٢٤- رێبوار رەمەزان بارزانی - نووسەر و توێژەری کۆمەلایەتی.
١٢٥- عەلی بەەندی - نوسەرو چالاکوان لە بواری ئەنفال و جینوساید – دهۆک.
١٢٦- اياد اسماعیل کاکەیی. سەروکی لقی هەولێر سوندیکای پارێزەرانی کوردستان.
١٢٧- ئیسماعیل هەنارەیی - پارێزەرو کەسووکاری ئەنفال – چەمچەماڵ.
١٢٨- حازم بلەیی - نووسەرو چالاکوانی بواری جینۆساید – بارزان.
١٢٩- ئاشتی محەمەد شاباز - چالاکوان و رۆژنامەنوس – هەولێر.
١٣٠- قاسم کازم - چالاکوانی بواری جینۆساید – چەمچەماڵ.
١٣١- ئەحمەد رەجەب - نووسەر و تێکۆشەری دێرین – سوید.
١٣٢- نازدار ئەسعەد محمود - چالاکوانی بواری جینوساید – هەولێر.
١٣٣- زەمان عەبدە - نوسەر و چالاک لەبواری ئەنفال و جینۆساید.
١٣٤- ئومێد ئەحمەد - شاعیر و چالاکوان – هەولێر.
١٣٥- تریفە تاهیر مەحموود - پزیشک - هەولێر.
١٣٦- نیاز عبدوللا - مامۆستا – هولەندا.
١٣٧- محمد امین - خانەشین- چالاکوانی مەدەنی.
١٣٨- هیوارەش - پێشمەرگەی دێرین و زیندانی سیاسی شیوعی – سلێمانی.
١٣٩- گەردە مامەحەمە - چالاکەوانی مەدەنی - کەرکوک.
١٤٠- ئازاد هاشم.... مامۆستا - هەولێر.
١٤١- کاروان کریم احمد - هونەرمەند – ئەڵمانیا.
١٤٢- مستەفا باهر - خانەشین – فنلەند.
١٤٣- عومەر فارس عەزیز - رۆژنامەنووس – هۆڵەندا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١٤٤- جەمال شەریف -  کرێکار – فینلاند.
١٤٥- چێنەر سیروان احمد - چارەسەرکاری دەروونی، چالاکوان بۆ مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی - کەرکوک
١٤٦- ریزان دایکی شەهید گەرمیان – چەمچەماڵ.
١٤٧- فەرمان حمد - مامۆستا - پم دێرین.
١٤٨- هەڵۆ خەلیل مەولود – مامۆستا.
١٤٩- پرشنگ سەعید - چالاکەوان – دانمارک.
١٥٠- سمکۆ ڕەشید - چالاکوانی مەدەنی – سلێمانی..
١٥١- پشتیوان کریم گەلاڵی - چالاکەوانی سیاسی – ئەڵمانیا.
١٥٢- سەردار عەبدوڵا حەمە - چالاکوانی سیاسی و مەدەنی – کەنەدا.
١٥٣- محەمەد چاوشین - ڕۆژنامەنووس - باشووری کوردستان.
١٥٤- سەید حجاج - پ.م دێرینی ئاڵای شۆرش - زیندانی سیاسی – ئەلمانیا.
١٥٥- ئاراز گەلاوێژ - چالاکوانی ئازادی بیرو ڕا – دانمارک.
١٥٦- ئەردەڵان ئەمین - فیزیائی – ئەڵمانیا.
١٥٧- هیوا عمر - نووسەرو چالاکی مەدەنی و سیاسی – هەولێر.
١٥٨- زمناکۆ عزیز - هەڵسوڕاوی سیاسی.
١٥٩- ژیان سعید قرداغی - شاعیرو چالاکوان.
١٦٠- م.علی زەنگەنە - فەرماندەی دێرینی پێشمەرگە – سلێمانی.
١٦١- ساماڵ سەلاحەدین ئبراهیم  - میدیا کار.
١٦٢- فەتاح زاخۆیی - چالاکڤان – کەنەدا.
١٦٣- مەحموود عوسمان - نووسەر - هوڵەندا.
١٥٤- سروە عوسمان (سروەی بەیان) - نووسەر – هەولێر.
١٦٥- نەجمەدین فارس - نوسەرو توێژەر – سلێمانی.
١٦٦- هیوامجید - چالاکوان – نەرویج..
١٦٧- غفور نادر هیرانی – چالاکوان.
١٦٨- کۆسرەت ئەحمەد – مامۆستا، چالاکوان و نووسەر.
١٦٩- جەلال محەمەد ڕەشید (جەلال چوارتایی)- چالاکوانی مەدەنی.
١٧٠- هەڵۆ خەلیل مەولود - مامۆستا – چەمچەماڵ.
١٧١- شێروان ئەحمەد - چالاکوان – هۆڵەندا.
١٧٢- بروا عەلادین - نووسەر، وەرگێڕ – سوید.
١٧٣- حەمە ڕانیەیی - چالاکوان – کەنەدا.
١٧٤- عە باس نادرفتاح - چالاکوان – کەرکوک.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١٧٥- محمد عەبدوڵڵا - هەڵسوڕاوی سیاسی – سلێمانی.
١٧٦- لاوژە جەواد - هەڵسوڕاوی سیاسی کۆمۆنیست و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی – دانیمارک.
١٧٧- فەرمان فاتیح - مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکان ی – کەرکوک.
١٧٨- ڕێباز هاشم مستەفا - چالاکوانی سیاسی و مەدەنی و کوڕی شەهید – هەولێر.
١٧٩- ئاسۆ محمود – مامۆستا.
١٨٠- مامۆستا هاوژین - چالاکوان – بەریتانیا.
١٨١-شالاو موورتکە - فەرمانبەر – هەولێر.
١٨٢- حکیم عەبدولکریم - چالاکی سیاسی – سلێمانی.
١٨٣- هاوکار قادر - چالاکی مەدەنی.
١٨٤- ئازاد نوری سید وەلی - خانەنشین – سلێمانی.
١٨٥- شامیل قادر - مامۆستاو ڕۆژنامەوان.
١٨٦- ئیبراهیم قوربان – خانەنشین.
١٨٧- کاوە عبدالله - خانەنشین – هەولێر.
١٨٨- بلند مستەفا عمر - پارێزەر – هەولێر.
١٨٩- جەلال عەلی - پێشمەرگەی دێرینی حشک – دانمارک.
١٩٠- داناعەسکەر - نووسەر – کەرکوک.
١٩١- ئاکۆ مستەفا – کاسبکار.
١٩٢- جەلال هۆرێنی - ڕۆژنامەنوس – کەنەدا.
١٩٣- نزار نیگاری - وەرگێر – نەرویج.
١٩٤- زایەر زەنگەنە - نوسەر – کەرکوک.
١٩٥- بەندی عەلی – نووسەر.
١٩٦- مریم جمیل - دایکی مالەوە.
١٩٧- ئایار سەید باقی - پێشمەرگەی دێرین، مافناس – سوید.
١٩٨- نەورۆز فازیل محمد ...چالاکی مەدەنی – سلێمانی.
١٩٩- سروە محمد ساڵح - خانە نیشین – سەرچنار.
٢٠٠- تەها محمدئەمین ئیبراهیم – کەنەدا.
٢٠١- شیروان امین رسول - فەرمان بەر.
٢٠٢- هێرۆ محمود - سەرۆکی ڕێکخراوی ماپ.
٢٠٣- حەمید نادر - چالاکەوان – کەنەدا.
٢٠٤- محمد پشدەری - وتە بیژی دەستەی داکوکی لە زیندانیانی سیاسی کوردستان.
٢٠٥- ژیلا تەیفور کەریم - چالاکوان – هەولیر.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٠٦- سامان خالۆ تەها - کارمەند – دانیمارک.
٢٠٧- ئازاد عوسمان - ئەندازیار – سویسرا.
٢٠٨- سەباح یاسین عەبدولرەحمان - هاوڵاتی – هەولێر.
٢٠٩- شکراڵله حمدامین - چالاکوانی مەدەنی – هەولێر.
٢١٠- بـڕیار حیدر جبار - قـوتابـی زانـکۆ.
٢١١- مەحمود موراد - چالاکوانی مەدەنی – هۆڵەندا.
٢١٢- بەختیار محەمەد - پێشمەرگەی دێرین.
٢١٣- ڕەفعەت عەبدول - مامۆستا – کەرکوک.
٢١٤- هاوڕێ فهد - کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ – کۆیە.
٢١٥- یووسف مەنتک - نووسەرو ڕۆژنامەنووس – ئەڵمانیا.
٢١٦- عەلی مەولود - نووسەرو چالاکی سیاسی – سلێمانی.
٢١٧- محمد عەبدوڵلا - هەڵسوڕاوی سیاسی.
٢١٨- ئازاد عومەر حەسەن - کاسب – هۆڵەندا.
٢١٩- سالار مامە کەریم - کارمەند و چالاکی سیاسی – هەولێر.
٢٢٠- بێستون شفیق علی - مامۆستا – هەولێر.
٢٢١- هێمن حەمید شەریف - هونەرمەندی شێوەکار – هەولێر.
٢٢٢- عەبولکەریم شێخانی - نووسەر ووەرگێر و زمانەوان و ڕۆژنـامەنووس – کۆیە.
٢٢٣- هیوا خانقینی -پێشمەرکەی دیرین – هولندا.
٢٢٤- سروە حسین علی – ماموستا.
٢٢٥- تەها ئەمین هەڵەدنی - نووسەر – سوید.
٢٢٦- ئەحمەد مەجید - چالاکی سیاسی و مەدەنی بنەماڵەی ئەنفال و پێشمەرگەی دێرین – گەرمیان.
٢٢٧- جیگر جواد ڕەشید - خوێندکاری زانکۆ
٢٢٨- حاجی جمال - هەڵسوراوی کرێکاری – هەولێر.
٢٢٩- فەتاح خەتـاب - مامۆستا وشانۆکار – هەولێر.
٢٣٠- فەرەیدون حمەڕەشید - نووسەر – سویسرا.
٢٣١- تحسین حمدامین - هەولێر – کاسبکار.
٢٣٢- شلێر عبدالمجید - مامۆستا – سلێمانی.
٢٣٣- هونەر اسماعیل تیماری - هەولێر. پ.م دێرین.
٢٣٤- شوانی عبدالستار - منداڵ پارێز – نەرویج.
٢٣٥- کاوە محەمەدئەمین – مافناس – سوید.
٢٣٦- هاوڕێ کاسترۆ - چالاکوانی مەدەنی - چوارقوڕنە .



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢٣٧- پرۆفیسۆر دوکتۆر سالار باسیره - توێژەری سیاسی – ئەڵمانیا.
٢٣٨- چنور محمود - هونرمەند – بەریتانیا.
٢٣٩- هاوڕێ پێشڕەو - پێشمەرگەی دێرین و بنەماڵەی قوربانی ئەنفال
٢٤٠- کۆمەڵەی داکۆکی ئەنفال.
٢٤١- خالید موراد - شاعیرو پێشمەرگەی دێرین – سۆران.
٢٤٢- حەمز عەلی زەنگەنە - چالاکوان – کەرکوک.
٢٤٣- حازمی عەلی کوتک - پێشمەرگەی دێرین و نوسەر – رانیە.
٢٤٤- سەدیق گۆران - شاعیر و پێشمەرگەی دێرین – هۆڵەندا.
٢٤٥- شێرکۆ ئەحمەد ساڵەیی - پێشمەرگەی دێرین – پردێ.
٢٤٦- عارف حەمەد - پێشمەرگەی دێرین – رانیە.
٢٤٧- کاوێس عبدلله کاسب – هەولێر.
٢٤٨- محەمەد ئەحمەد - مامۆستا – هەولێر.
٢٤٩- فاتیح مستەفا – چالاکوان.
٢٥٠- عەلی رەحمان – چالاکوان.
٢٥١- نەوزاد محەمەد - رۆژنامە نووس – هەولێر.
٢٥٢- هاوڕێ ڕەشاد ڕەحمان - چالاکوانی سیاسی – هەولێر.
٢٥٣- شێرکۆ کرمانج - توێژەر و ئەکادیمی.
٢٥٤- فەرهەنگ هەڵەبجەیی - رۆژنامەوان. ێ.سەندیکای ئاڵمان..مۆنتێر ستێرک تیڤی – بروکسل.
٢٥٥- سازان ئەحمەدشیخۆ پەرستار - ستۆکۆلم سوید.
٢٥٦- مامۆستا کازم - رۆژنامەنووس و چالاکوان – کەرکوک.
٢٥٧- ڕزگار باهیر - هونەرمەند – سلێمانی.
٢٥٨- عمر حاجی - خانەنشین – هەولێر.
٢٥٩- یوسف عەلی شەریف - ژینگە پارێز – هەولێر.
٢٦٠- بورهان حەساری - پێشـــمەرگەی دێرین – کەرکوک.
٢٦١- هەردی احمد - هونەرمەند.
٢٦٢- تارا ئاسۆس - چالاکوانی ژن – سلێمانی.
٢٦٣- احمد خلیل - خانەنشین – هەولێر.
٢٦٤- جەوهەر میراودەلی - نوسەر و کۆمەڵ ناس - نەمسا ڤیەنا.
٢٦٥- هەتاو حەمەساڵح - پێشمەرگەی دێرین – فەرەنسا.
٢٦٦- ئارام کەمال حەسەن - کاسب – حاجیاوە.
٢٦٧- دکتۆر ئیبراهیم مەلازادە - توێژەر لە بواری جینۆساید.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢٦٨- جەماڵ کەماڵ - کاسبکار – سلێمانی.
٢٦٩- نەسرین تەنیا - هەڵسوڕاوی بواری مافەکانی ژنان – سلێمانی.
٢٧٠- ئەکرەم میهرداد - نووسەر – سلێمانی.
٢٧١- عماد عەلی - زیندانی سیاسی و پێشمەرگەی حزبی شیوعی. عراقی و کوردستانی – ئالمانیا.
٢٧٢- ئیبراهیم سپینداری - ئالمانیا – بەرلین.
٢٧٣- هاوکار شامی - پێشمەرگەی دێرین.
٢٧٤- فەهمی کاکەیی - مامۆستا و نووسەر – سوئید.
٢٧٥- گۆرران هەڵەبجەیی - ڕۆژنامەنووس – دانمارک.
٢٧٦- غەریب ئەحمەد عەبدولا – کاسب.
٢٧٧- د. چۆمان هەردی - نووسەر و لێکۆڵەر – سلێمانی.
٢٧٨- سەلام محەمەد - چالاکوان – دانمارک.
٢٧٩- ئارام حەمەفرج – ئەندازیار - باشووری کوردستان.
٢٨٠- بەختیار عومەر – دانیمارک.
٢٨١- مەهدی فەتاحی - ئەڵمانیا شاری دوێسلدۆرف.
٢٨٢- جهاندا محمد امین – فەرمانبەر.
٢٨٣- یوسف مەجید – مامۆستا.
٢٨٤- فازل عوسمان - هونەرمەند – سویسرا.
٢٨٥- صادق عومەر – ئەلمانیا.
٢٨٦- سیروان ئەمین – پەرستار.
٢٨٧- کریم عباس - مامۆستا - هەولێر
٢٨٨- رمزیە محمد صالح - پارێزەر - هەولێر
٢٨٩- محەمەد ئەحمەد - مامۆستا – هەولێر.
٢٩٠- کاوە عومەر - هەڵسوڕاوی سیاسی و کۆمۆنیست – کەنەدا.
٢٩١- ئیبراهیم محمد شهباز - کاسب – هەولێر.
٢٩٢- دکتور بەیان قادر رسول گەلالی – هەولێر.
٢٩٣- بەهار عەلی - چالاکوانی فێمنست – هەولێر.
٢٩٤- هوشەنگ باباعەلی - خانەنشینی پ.م. چالاکوان – هەولێر.
٢٩٥- تاڤگە ئیبراهیم - چالاکوانی مەدەنی کەنەدا.
٢٩٦- نیاز مستەفا - نوسەرو شرۆڤەکاری سیاسی – ئامریکا.
٢٩٧- مەلا ڕەشاد ئیسماعیل لەک – ئەڵمانیا.
٢٩٨- حەیدەر حەمە کریم - کرێکار – نەمسا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢٩٩- ڕێکخراوی هەڵوەشانەوەی سزای لە سیدارەدان لە عێراق
٣٠٠- سەمیر نوری - کەسایەتی سیاسی – کەنەدا.
٣٠١- بەهزاد موحسین - چالاکوان – هەولێر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن – ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## کوردستان لە شۆڕش ناوەستێ و نابێ ڕاوەستێ



ئەلبورز ڕووئینتەن

جارێکی دیکە خوێنی لاوان، جارێکی دیکە مێلیتاریزەکردنی کوردستان، جارێکی دیکە هێرشی بەرفراوان، جارێکی دیکە شەهید و زیندان و. ...

گۆیا بە باڵای کوردستان براوە ئەستەمی ژیان و کورد بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا هیوای گەیشتن بە ڕزگاری وا ڕیشەی لە هزر و بیر و گیانمان ڕۆچووە کە لە هەر دۆخێکدا بێت بە ناوی ئازادی دەڕوێینەوە و بەرەو بەرزی و ڕووناکی هەڵدەکشێین.

لە کاتی نووسینی ئەو دێڕانە وێڕای دیتن و دەرک بە دۆخی ئەستەمی کورد، ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەش دەبمەوە کە، کەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دۆخی کورد وا نەبووە؟ ئێمە بەوە ڕاهاتووین بەرخودان بکەین بە فەلسەفەی ژیان، ژیانمان لە خەبات لەپێناوی ئازادیدا مانا بکەین، هەر ئەوەش وای کردووە نەمرین و بمێنین و بەردەوام بین.

لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییانە، ئەو دۆخە وا دەخوازێ کە ئێمە بەردەوام بین، بەڵام بەردەوام بوونێکی جیاواز بۆ ئەوەی بتوانین باشتر لە دوێنێ و بەهێزتر لە ئەمڕۆ، سبەی بەرەو ئامانجاکانمان هەنگاو هەڵگرین.

یەکەمین قوناغی ئەو جیاوازییە ئەوەیە کە دەبێ بیر لە هەموو ئەگەرەکان بکەینەوە؛ لەوانەیە ئەو بابەتە بۆ پێشتریش هەر ڕاست بێت، بەڵام لە ئێستادا کە دەبینین ئەو جیاوازییەی لە نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران تا دێت زیاتر زەق دەبێتەوە، پێداویستی بیرکردنەوە لە ئەگەرەکانی کە لە دەرەوەی سیاسەتی دیاریکراویش بێت گرینگیی خۆی دەنوێنێ. ئەوەی کوردستان ئامادەیی زیاتری بۆ شۆڕش هەیە، پێشتریش بەردەوام باسی لێوە کراوە و تەنانەت بە بەڵگە نەک جارێک هەموو ساڵێک چەندین جار سەلماوە و دەبینین، بەڵام ئەگەر ئامادەیی ناوچەکانی دیکە بە ڕێژەی کوردستان نەبێ، ئێمە ناتوانین کوردستان لە مافخوازی و چالاکی و بەردەوامی بوەستێنین تا ناوچەکانی دیکەش دەگەن، چونکە کەی دەگەن، ئایا هەر دەگەن بەو ئامادەییەی کە لە کوردستان هەیە بەتایبەتی بەو دۆخەی کە ئۆپۆزیسیۆنی فارسی تێدایە، ناڕوونە.

لە لایەکی دیکەوە لە زیاتر لە ٧٠ ڕۆژی ڕابردوودا ئەوەمان بۆ سەلماوە کە کوردستان لۆکۆمۆتیڤی شۆڕشە، لۆکۆمۆتیڤ شۆڕش بە دوای خۆیدا دەکێشێ، ئەگەر واگۆنێکیش بپسێ یا نەیێ ئەوا لۆکۆمۆتیڤ بەرەو پێش هەر دەڕوا، هەر بۆیە ئێمە نابێ کوردستان بە ناوچەکانی دیکە ببەستینەوە، بەڵکوو ئەوە ناوچەکانی دیکەن کە بە کوردستانەوە بەستراونەتەوە، پێویستە ئەو ڕاستییە بە باشی دەرک پێ بکەین چونکە تەنانەت ئەگەر بمانهەوێ کورد بوەستێنین ئایا دەتوانین؟ بێ گومان زۆر ئەستەمە، هەر بۆیە ئێمە دەبێ وەک لۆکۆمۆتیڤ بەردەوام بین تا دەگات بە ئەنجام.

**لەو دۆخەدا زۆرترین پرسیار کە ڕوو دەدات ئەوەیە کە ئایا ئێمە دەتوانین ببین بە لۆکۆمۆتیڤی شۆڕش و ئەگەر هەموو قەتارەکەش بە ئاکام نەگات لانیکەم لۆکۆمۆتیڤەکە بگات؟**

بەڵێ کوردستان بە تەنیاش دەتوانێ، چونکە ئەو هێزەی خەڵک تا ئێستا تەنیا لە چالاکی و ناڕەزایەتی نیشاندان (بەرگری) توانیویەتی کە کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا بێنێ، ئەی ئەگەر ئەو ناڕەزایەتییەی بگۆڕێ بۆ ئەکتی شۆڕشگێڕیی هێرشبەرانە (ناڕەزایەتیش ئەکتی شۆڕشگێڕیە لێرەدا مەبەست ئەوەیە بکەوێتە قوناغی هێرشبەری) و چالاکانە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی ڕاوەستێ چی دەبێت؟ لە حاڵەتێکی وەهادا سەرەڕای هەمووی ئەو تێچوو و ئەو سەختییانەی کە هەن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەتوانین هیوادار بین بە گۆڕینی هاوکێشەی هێز و لە کاتی وەهاشدا گۆڕانکاریی زیاتر لە شەقامی ناوچەکانی دیکە ڕوو دەدات، تەنانەت ئەگەر واش نەبێ لە ئێستاوە حکوومەتی داهاتووی ئێران لە گەڵ دیفاکتۆی هەرێمی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕووبەڕوو دەبێ کە ئەوکات گەڕانەوە بۆ خاڵی سیفر نامومکینترە لەوەی کە چاوەڕێ بکەین تاران بەدەستی فارسەکان بڕووخێ تا بزانین چی دەبێت.

لێرەدا هەر زوو بابەتێکی دیکە دێتە ئاراوە ئەویش بابەتی تێچووی زۆرمانە، سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم ئەو بابەتە لەلایەن دوو توێژەوە دەخرێتە ڕوو، توێژێک لە ڕووی دڵسۆزی کە جێگای ڕێزە و دەبێ وێڕای گوێگرتنی هەوڵی ئەوە بدەین بە شرۆڤەیەکی دروست و بەجێ لەو تێچوویە کە لە هەر دۆخێکدا بۆ کورد هەیە بە قەناعەت بگەیێنین، توێژی دووەم تەنیا بە مەبەستی چاندنی تۆوی بێهیوایییە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە هەر چاولەدەستی ئەوانی دیکە بین کە ئەمە لە نەتەوەیەکی وەک کورد کە ئاوا لە پێناو ئازادیدا خەبات دەکات ناوەشێتەوە و پێویستە پێداگر بێت لە سەر چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی.

لەمەڕ تێچووی شۆڕشیش کە زۆر بەئازارە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەی بکەم ئێمە کەی تێچوومان نەداوە، ئایا ژینا ئەمینی لە خۆپیشاندان بە دژی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو، نەخێر لە تاران کەوتە بەر هێرشی پڕ لە قینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی کە کورد بوو، یا سەیری ئاماری لەسێدارەدان و زیندانی و کوشتنی کۆڵبەر و تەنانەت گەڕان بە دوای بیانوو بۆ ئەوەی کورد بکوژرێت پێش شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بکەین، دەبینین ئێمە لە هەر دۆخێک هەر تێچوومان هەیە و ئەو تێچوویەش تەنیا بە بەردەوامی و گەیشتن بە ئازادی ڕادەوەستێت.

لە لایەکی دیکەوە مووشەکباران و تۆپبارانی هێزەکانی شۆڕشیش پێشتر و دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی هەر هەبووە و هەر بەردەوامیش دەبێت.

پێویستە ئەو ڕاستییە دوای ئەو هەموو ساڵە ستەم و داگیرکەریی دەوڵەتی بە تایبەتی ناوەندی ئێران بزانین ئەگەر تاقە کوردێک بمێنێ لە سەر گۆی زەوی داوای مافی خۆی وەک کوردێک بکات لە کوێ بێ گرینگ نییە هەر دەکەوێتە بەر هێرشی ئەو ڕێژیمە کەواتە ئێمە ناتوانین بە ڕاوەستان یا کەمکردنەوەی چالاکییەکانمان پێش بە ستەمی داگیرکەرانە بگرین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە ئەویش بەردەوامی و بەهێزیی شۆڕش لە کوردستان لە هەر دۆخێکدایە بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەو ڕزگاری بڕوات، لە کاتێکی وەهاشدا کە کورد وا لێبڕاوانە و شێلگیرانە بە دوای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مافەکانیدا دەڕوات پێویستە هەموو ئەگەرەکانی مومکین لە بەرچاو بگیرێن، تەنانەت ئەو ئەگەرانەی کە لە بەرنامەی کاریشدا نین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٨ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢

---

## خەڵکی ئێران ناگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی سێ مانگ لەوەپێش




سایتی پەیام

کەمتر لە سێ مانگ لەوەپێش ژینا ئەمینی کچێکی گەنجی سەقزی لە تاران لە لایەن حکومەتەوە دەکوژرێت. مەرگی مەهسا لە گرتوخانەی حکومەتیدا قین و تورەیی پۆنگ خوازردوی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێرانی تەقاندەوە. ناڕەزایەتی و مانگرتن، و بەرەوروو بوونەوەی خەڵکی تورە لەگەڵ بەکرێگیراوانی ڕژیم لە سەرشەقامەکان، گەورە ترین و درێژ ماوە ترین دەورەی خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی تۆمار کرد. خەڵکی کوردستان، ژنان، لاوان، خەڵکی بەلوچستان، کرێکاران و زیاتر لە ١٧٠ شاری گەورە و بچوک بە مانگرتنی سەرتاسەری خەڵکەوە لەدژی ڕژیمی ئیسلامی پەیوەست بوون. دروشمی ژن. ژیان. ئازادی بە خێرایی لە کوردستانەوە گەیشتە سەرتاسەری ئێران، و دواتر بە خێرایی لە وڵاتانی ناوچەکە و دنیادا دەنگی دایەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر لە دوو مانگە حکومەت هەرچییەکی لە توانایدا بووە بەسیجی کردووە بەڵام نەیتوانیوە خەڵک سەرکوت بکات و بارودۆخەکە بەگەڕێنێتەوە بۆ ئاستی دوو مانگ لەوە پێش. لەم دوو مانگەدا بەشێکی زۆر لە خەڵک لە کوردستانەوە تا بەلوچستان، لە مازندەرانەوە تا دوور ترین شارەکانی ئێران بە دەنگی بەرز و لە ڕۆژی ڕۆشندا ڕایدەگەیەنن کە خوازیاری ڕوخانی کۆماری ئیسلامی و محاکمەی سەرانی ڕژێمن بە تاوانی جەنایەت لەدژی بەشەرییەت.

لەم دوو مانگەدا گەشتی لاتولوتەکانی گەشتی ئێرشاد بەرەورووی شکست بوونەتەوە و بە کردەوە پۆشینی ئیسلامی ئیجباری لە لایەن خەڵکەوە و سەرەڕای داخوازی و مەیلی حکومەت هەڵوەشاوەتەوە.

ئاخوندەکان کە ٤٣ ساڵە سوکانی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و دەستیان بەسەر هەموو کاروبارەکانی وڵاتدا گرتوە و نوقم و شەریکی گەندەڵی و جەنایەتەکانی ڕژێمن بەرەورووی ڤین و نەفرەتی قوڵی خەڵک بوونەتەوە. مێزەری مەلاکان کە سیمبول و هێمای گەندەڵی و کۆنەپەرستی ئیسلامیە بۆتە تۆپی فوتباڵ و لەبەرپێی کچان و کوڕانی لاودا بەرەشەق کەوتوە.

کوردستان لە دروشمەکانی خەڵکدا وەک چاو و چرای ئێران وەسف کراوە و چوار دەیە درۆ و تەبلیغاتی ڕژێم دژبە خەڵکی کوردستان هیچ کاریگەریەکی نەماوە. سیاسەتی دوو بەرەکی نانەوەی ڕژێم بەرەورووی ڕیسوایی و شکست بۆتەوە و خەڵک بەهەر ئاین و مەزهەبێکەوە، لە هەر نەتەوە و زمانێک، ژن و پیاو یەکێتی و یەکگرتوویی خۆیان جێژن دەگرن. دوو مانگە ئەوەی لە زومرەی ئەرزش و پیرۆزیەکانی ڕژێم بووە لە شەخسی وەلی فەقیەوە، تا سیستمی ویلایەتی فەقی و بەیتی ڕێبەری کەوتۆتە بەر جنێو و گاڵتەی خەڵک. وێنەکانی خومەینی و خامنەیی، تابلۆکانی یادبوودی تیرۆریستەکانی وەک قاسم سولەیمانی ئاگر تێبەردەدرێن، یان دەخرێنە ژێر پێوە.

لە دوومانگدا زەوی لەژێر پێی کاربەدەستانی ڕژێمدا گەرم داهاتووە و خەڵکی دنیا و ناوەندە نێونەتەوەییەکان هەستیان کردووە کە حکومەتی ئیسلامی نوێنەری خەڵکی ئێران نییە. لە دەیان پاڕلمان و کۆنفڕاسی جیهانیدا جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژبە خەڵکی ئێران مەحکوم کراون.

حاکمانی ئیسلامی کە توانایی چارەسەری هیچ کێشە و گرفتێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ژینگەییان نییە دەیانەوێ ناڕەزایەتیەکانی ئەم قۆناغە بە ڕەد کردنەوە و سەرکوت، بە قەولی خۆیان، دەیانەوێ کۆبکەنەوە و دیزە بە دەرخۆنەی بکەن. کۆکردنەوە لە ڕوانگەی ئەوانەوە یانی سەرکوتی ناڕازیان و هەموان دەزانن زیاتر لە دوو مانگە لەم ڕاستایەشدا بەرەورووی شکست و ڕیسوایی بونەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵگای کوردستان یەکێتی نێوخۆیی پتەو کردوە. بەشە جۆراوجۆرەکانی بزوتنەوەی کرێکاری مانگرتنی خۆیان دەست پێکردوە و بەرەو ئەوە دەچێت تا بگاتە ئاستی مانگرتنێکی ڕێکخراوی سەرتاسەری. لەم دوو مانگەدا کەلێنی نێوانخ اکمیەتی دز و گەندەڵ لەگەڵ جەماوەری خەڵکدا زیاتر لە پێشوو ئاشکرا و قوڵ بۆتەوە. خەڵک زەربەپەزیری و شکستی حکومەت و نیزامی ئیسلامییان بەچاوی خۆیان بینیوە و هیوا و ئاواتی روخانی کۆماری کۆنەپەرست و جەنایەتکاری ئیسلامی زیاتر لە ڕابردوو گشتی و زەروری بۆتەوە. لە حەفتە و مانگەکانی داهاتودا ئێمە شاهیدی شکست و ناکامی زیاتری حکومەت دەبین و لە کاتی ڕوخان و لەنێوچوونی ڕژیمی ئیسلامی پتر نزیک دەبینەوە.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## هاوخوێن و حزبەکانی کوردستانی ئێران بە تەنیا جێ ناهێڵین



**بارزان شێخ عوسمان**

خۆپیشاندانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەلانی تری ئێران دژی سەرکوتکەران زیاتر لە دومانگ و دەرۆژی تێپەڕاندوە، کە پزیسکەکەی لە کوژرانی ژینا ئەمینیی لە چەخماخەی دا.

ڕاستە چەخماخەی ئەم قوربانیدانەی ڕێگای ئازادیخواهیە کچێکی کورد بو بەڵام بڵێسەی سەند بۆ سەرتاسەری ئێران و هەموو ئێرانییەکان جامی تورەیی خۆیان ڕژاند بەسەر سەرکوتکەراندا لە دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامیی دژە ئینسان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەک هەر نیرویی سەربازیی، ژاندرمری، ئیتلاعات و سپای پاسداران بێ رەحمانە لە ناوخۆدا کەوتونەتە وێزەی ئەو خەڵکە ئازادیخواهەی کورد و تەواوی ئێرانییەکان، بەڵکو بەوەشەوە نەوەستاون داخی شکستیان لە سەرکوتکردنی ئەو شەپۆلی نارەزاییە دەرێژن بەو هێزە سیاسییە کوردانەی کوردستانی ئێران کە لە عێراق و هەرێمەکەی کوردستانی داڵدە دراون و ژیانی ئاسایی سیاسیی مەدەنییانەی خۆیان و خێزان و منداڵەکانیان لە ئۆردوگا مەدەنییەکاندا بەرێ دەکەن.

هێرشە موشەکیی ودرۆنە بێ پاساو و بیانوەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ ناوچەکانی کۆیە و زرگوێز لە هەولێر و سلێمانی و چەند ناوچەیەکی تری هەرێمی کوردستان ئاماژەیەکن بۆ دوژمنداریی سەختی سەرانی ئێران لەگەڵ ئەو هێزانە و هەموو دەنگێکی ئازادیی و چالاکییەکی سیاسیی مەدەنیی بێ چەکی دیکە.

حزبەکانی کوردستانی ئێران زیاتر لە سی ساڵە رێز لە سەروەریی خاک و ئاوی عێراق و هەرێمی کوردستان دەگرن، هەرگیز لەم ناوچەیەوە هەرەشەیان لە ئەمنیەتی ئێران نەکردوە، هەر بۆیە پێویستە تەواوی هێزە سیاسییەکان، رێکخراوە دیمکراسیی یەکان و مەدەنییەکان و چالاکوانانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی لە کوردستانی عێراق هێز و توانای تەواوی خۆیان چر بکەنەوە بۆ رێگرتن لە هەر شەڕ فرۆشتن و گێچەڵ پێکردنێکی هێزەکانی جمهوری ئیسلامیی بەم هێزە نیشتمانیی - دیمکراتیی و مەدەنییانەی کوردستانی ئێران ، تا لەوە زیاتر بیانویان پێ نەگیرێت و خوێنیان نەرێژێت.

ئەگەر بیانوەکانی کۆماری ئیسلامیی بەم هێزە سیاسییە تێکۆشەر و خاوەن مێژوە پرشنگدارانەی رێگای ئازادیی و سەرفرازیی، ئەو شەپۆلی نارەزاییانە بێت کە لەودیو سنورەکانی ئێمەوە پەرەیان سەندوە، پەیوەندیی بە بەرخوردی دژە مرۆییانەی خودی کاربەدەستانی جمهوری ئیسلامییەوەیە، کە لەلایەک بەو پەڕی وەحشتگەریی کەوتونەتە وێزەی هەموو دەنگێکی ئازاد و سەپاندنی ژیانێکی کولە مەرگیی و بێ چارەیی بەسەر تەواوی خەڵکی ئێراندا، لە لایەکی تریش بە هۆی نالۆجیکیی بیرکردنەوەکانیانە لە ئاست کۆمەڵی نێودەوڵەتیی کە وڵاتیان رووبەرووی قەیرانی جۆراو جۆر کردوەتەوە ئەمەش هەلومەرج و شەرایتێکی وای خوڵقاندوە تا دێت دەنگی نارەزایی زیاتر بەرز بێتەوە، ئەوەش هیچ دەخالەت و دەستوەردانێکی بیانیی، یا هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی تیادا نییە.

ئەوەی لەئارادایە تەنیا پشتیوانیکردنیانە لەداواکارییەکانیان کە نەک هەر ئەوان بەڵکو ئێمەی کوردی عێراق و تەواوی عێراقییەکان و ئازادیخواهان لە جیهاندا پشتیوانیانن.

ئێمەی کوردیش کە لەم گۆشە بچکۆلەیەی ناوچەکەدا بە لانی کەمی ئازادییەکانمان گەیشتوین، هاوڕا و هاوخەباتی خوشک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و برای کوردمان تەواوی گەلانی ناوچەکەشین بۆشاد بون بە ئازادیی کە مافی هەر مرۆڤێکەو خوداوەند بەخشیویەتیی پێمان نە جمهوری ئیسلامیی نە  تورکیا نە هیچ کۆمار و رژێمێکی تر بۆیان هەیە لە ئێمە و لە هیچ  کەس و مرۆڤێکی تری زەوت بکەن  و بسەننەوە ،جا کورد بن یا فارس ،تورک ،ئازەری ،بەلوچ  یا عەرەب  یا هەر زمان و رەنگێکی تر بن.

پێویستە کۆماری ئیسلامیی پەی بەو راستیە ببات کە گەلی کوردستانی عێراق  وەک چۆن خۆی بە قەرزباری کوردی ئێران دەزانێت کە لە کاتی میحنەتەکاندا بە فریای کەوتون، ئەوهاش بە ئەرکی سەرشانی دەزانێت کە  لەم میحنەتەی ئەوانیشدا بە تەنیا جێیان نەهێڵێت بێ جیاوازیی کردنیان لەم دیو لای ئێمە میوان بن، یا لە شارو گوندەکانی خۆیان لەودیو درێژە بە خەباتکردن لە  پێناوی بەدیهێنانی داوا و خواستە سەرەتاییەکانی ژیان کە  ئازادیی  بنچینەی ئەو خواستانەیە.

چونکە ئەو شەپۆلە بەرفراوانەی نارەزاییەکان هەر بە تەنیا پەیوەست نییە بە لەچک و حیجاب و مانتۆی سەپێنراوی ئیسلامییەوە وەک هەندێک بیرتەسک و وشکی لای خۆشمان ئیدعای دەکەن و دنە و هانی هێزە دینیە سونییەکان دەدەن تا نارەزاییەکەی خەڵک بە ئاقار و دیوێکی تردا ببەن.

سەرچاوە: ماڵپەری وێستگەنیوز – رێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئاڵا کوردستانی: کورد بۆ دەربازبوون لەم دۆخە پێویستی بە یارمەتیی وڵاتە زلهێزەکان هەیە



**هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی**

ڕاپەڕین و بەرخۆدانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کە بە شۆڕشی ژینا ناوبانگی دەرکرووە، نزیک بە سێ مانگ بووەتەوە و بەردەوام کڵپەی خرۆشانی شەقامەکان زیاتر دەبێت. هەر وەک چۆن ڕاگەیاندن بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هەر دەسەڵات و حکوومەتێک و هەروەها کۆمەڵگەش ئەژمار دەکرێت، بێگومان لە شۆڕشەکانیشدا ڕاگەیاندن و میدیا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن و لەم شۆڕشەی کە هەنووکەش کە لە کوردستان و ئێراندا لە ئارادایە، ڕاگەیاندن و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو و سەرەکییان هەبووە. ڕۆژنامەنووسانیش سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام لە هەموو بارودۆخێکدا چاوەدێریی چڕوپڕیان لەسەرە و بەتایبەت لە بارودۆخە هەستیارەکانی وەکوو ئێستە چاوەدێرییەکانی سەریان زیاتر دەبێتەوە، دەکرێت لەو ڕاپەڕینە بە کاریگەرترین توێژ ئەژماریان بکەین. لەسەر ئەم مژارە تۆڕی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز "ئاڵا کوردستانی" (ناوی خوازراو)، یەکێک لە ڕۆژنامەنووسە چالاک و بەئەزموونەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز کوردستانی سپاس بۆ بەشداریتان لە هەڤپەیڤینەدا، سەرەتای باسەکەمان بەم پرسیارەوە دەست پێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دەکەین؛ جەنابت وەک ڕۆژنامەنووسێکی بەئەزموون، لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنووسییەوە ئەم سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەی کوردستان و ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**ئاڵا کوردستانی**: سەرەتا سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ هەموو شەهیدانی خەبات و بەرخۆدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستی دایک، باوک و ڕۆڵەکانی نیشتمان ماچ دەکەم کە کەسوکاریان لە خۆپیشاندانەکان لەدەست داوە و ئازایانە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان شەقامەکان چۆڵ ناکەن.

هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئەم جارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران تەواو جیاوازە لە ساڵانی ڕابردوو. بێگومان ئێران لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا و دوای گەمارۆ ئابوورییەکانی سەردەمی ترامپ، بە دۆخێکی زۆر قورسدا تێپەڕیوە و کێشە ئابوورییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەنگی خەڵکی ناڕازیی بەرز کردەوە. لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا خەڵک لە زۆربەی شارەکانی ئێران و بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕژانە سەرشەقامەکان و لە ماوەیەکی کورتدا ١٥٠٠ کەس کوژران. بەڵام ئەم جارە چی وای کرد کە هەموو ئێران و ڕۆژهەڵات بێنە دەنگ و خۆپیشاندانەکان بەرفراوان بن؟ ئەوەندەی من تێبینیم کردووە پێش شەهیدبوونی "ژینا ئەمینی" نزیکەی شەش مانگێک دەبوو کە دیسان پۆلیسی بەناو ئەخلاق یان هەمان گەشتی ئێرشاد چالاکییەکانیان بە فەرمانی ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامی و لەژێر سێبەری ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری هەنووکەی ڕێژیم زۆر بەرفراوان کردبوو، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فارسیدا ڕۆژانە دیمەنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان و کچان لەسەر نەبوونی لەچک و شێوازی جلوبەرگیان بڵاو دەکرایەوە، کەواتە ئاگرێکی بچووک داگیرسابوو. لەناکاو کچێکی کورد لە ناوەندی ئێران و لەلایان پۆلیسی بەناو ئەخلاق دەستبەسەر کرا و پاش دەستبەسەرکرانی کوژرا! ڕاستە ئەم هەواڵە فارسەکانی تاساند، بەڵام بردنەوەی تەرمی ژینا بۆ شاری سەقز، هاتنی ئەو هەموو خەڵکە بۆ گۆڕستان و گوتنەوەی دروشمی جیاواز و بەتایبەت دروشمی ژن، ژیان ، ئازادی، فارسەکانی سەرسام کرد.

بۆیە کۆمەڵگەی ئێران و جیهان دەبێت لەوە تێ بگەن کە شۆڕشی ئێران لە ئاکامی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشێکی کوردییە لە دڵی خەڵکێکەوە کە ئاشنایە بە شۆڕش و ئامانجی دیاریکراویان هەیە. بەمەش دەتوانین بڵێین کە شۆڕشی ئەم جارەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کردستانەوە سەری هەڵدا و لە فڕێدان و سووتانی لەچکێک گەیشتە دروشمی مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتن تا گۆڕینی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە.

**کاروان مێراوی: لە بارودۆخی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا ئەرکی ڕۆژنامەنووسەکانی ناخۆ چییە و چۆن لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەدا هاوکات خۆیان لە گیران و ڕفاندن بپارێزن؟**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**ئالا کوردستانی**: لەم کاتانەدا ئەرکی ڕۆژنامەنووس گواستنەوەی ڕاستییەکانە و بڵاوکردنی ئەوەی دەیبینن، "نیلوفەر حامێدی" کە یەکەم وێنە و هەواڵی گیانلەدەستدانی 'ژینا ئەمینی'ی بڵاو کردەوە، بەتەواوەتی ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە و ئەگەر ئەم شۆڕشە وا گەورە نەبوایەتەوە، بێگومان دەستبەسەر نەدەکرا. کەواتە لەم حاڵەتەدا سیستەمێکی دیکتاتۆری بە دڵی خۆی بڕیار لەسەر گیرانی ئەو کچەیان داوە، بە پشتبەستن بە هەندێک وێنە کە گوایە پێشتر لە دەرەوەی ئێران بەشداری ڤۆرکشۆپێکی کردووە و ئەمە پلانی لە پێشداڕێژراو بووە.

ئێستە کە ڕوونە مامەڵەی هێزە سەرکوتکەرەکان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران چۆنە، ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆ دەبێت زۆر بە وریاییەوە کار بکەن و ببن بە سەرچاوەی هەواڵ بۆ دەرەوە و کەمتر لە لاپەڕەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تایبەتی خۆیان زانیارییەکان بڵاو بکەنەوە، چونکە نموونەی زۆرمان هەیە لە ڕۆژنامەنووسانی چالاک کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری لە لاپەڕەی خۆیان دەستبەسەر کراون و دوای ئازادکردنیان لەبەر ئەو چاودێرییە چڕوپڕەی کە لە سەریان هەیە، کەمتر دەرفەتی کارکردن و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەیان هەبووە. لەم شۆڕشەدا دەبێت هەموو کەس ئیحساسات بەلاوە بنێت تا سەرکەوتنی گشتی بەدەست بێت، بۆیە ڕۆژنامەنووسانی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بردنە دەرەوەی دەنگی خەڵکی ناڕازی، دەبێت تا ئەو جێگەیەی کە دەتوانن لەگەڵ ناوەندەکانی هەواڵ لە دەرەوەی سیستەمێکی دیکتاتۆری کە هیچ مافێک بۆ ئازادیی ڕادەربڕین دەستەبەر ناکات، کار بکەن.

**کاروان مێراوی**: ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران بەگشتی و بەتایبەت ئەم سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە چەند لە ڕۆژنامەکانی ناخۆدا ڕەنگیان داوەتەوە؟ یان بە واتایەکی تر ڕۆژنامەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران چەند ئاوێنەی ڕووداوەکانی کۆمەڵگەن؟

**ئالا کوردستانی**: بێگومان وەک هەمیشە زۆر بە کەمی. لە ماوەی ٤٣ ساڵی دەستەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بەپێی گۆڕینی سەرۆککۆمار شێوازی کارکردنی ڕۆژنامە و سایتە ناوخۆییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە هەموو سەردەمێکدا سانسۆرکراو بووە.

ڕۆژنامەکانی ئێران یان کار لەسەر ئەم ڕاپەڕینە ناکەن یان زۆر موحافیزەکارانە لەسەری دەنووسن و ڕۆژنامەکانی نزیک لە حکوومەتیش کە هەڵوێستیان ڕوونە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار لەچاو ساڵانی ڕابردوو زۆر کەمی کردووە، ئەو چەند دانەیەش کە بڵاو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەبنەوە ناتوان بە دروستی ئەوەی لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدات بڵاوی بکەنەوە و زیاتر شرۆڤە و داواکارییەکان ڕەنگدانەوەیان هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانین کە ئێستە هەواڵەکان زیاتر لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە و ئەمەش دەرفەتێکی باشی ڕەخساندوو تاکوو سەرەڕای هەموو بەربەستەکان بۆ دابینکردنی ئینتەرنێت، هەواڵە دروستەکان لە ڕێگەی پەیجەکانەوە بڵاو بکرێنەوە کە هەر بە یارمەتیی خەڵک هەواڵیان دەست دەکەوێت.

**کاروان مێراوی**: سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژنامە خەڵکییەکانی ناوخۆی ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا چاوەدێریی چڕوپڕیان لەسەرە، لە بارودۆخێکی ئاوا هەستیاردا دەبێت چۆن ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن کە هەم بتوانن لە خزمەتی داخوازیی خەڵکدا بن و هەمیش بیانوو بە ڕێژیم نەدەن بۆ ئەوەی پێش بە بڵاوبوونەوەیان بگرێت؟

**ئاڵا کوردستانی**: وەڵامی ئەم پرسیارە تا پێش دەسەڵاتداریی ئیبراهیم ڕەئیسی تا ڕادەیەک ئاسان دەبوو، بەڵام ئێستە نا، هیچ ئاسان نییە!

لە ئێراندا سیستەمێکی دیکتاتۆری بە ڕێبەرایەتیی عەلی خامنەیی بەردەوام بەسەر هەموو ئاقارەکانی کۆمەڵگەدا زاڵ بووە بۆیە هەر وەک لەسەرەوە باسم کرد، بە گۆڕینی سەرۆککۆمار لە بەرەی بناژۆخوازان یان ڕیفۆرمخوازان کارکردنی ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی مەدەنی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لە سەردەمی "ڕەئیسی" و دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، بەهۆی کێشە ناوخۆیییەکان و گوشارەکانی دەرەوە بۆ سەر ڕێژیم یەکەم شت کە دەستی بۆ بردرا، کۆنترۆڵکردنی خەڵک بوو کە ئەمەش کاری ڕۆژنامە، سایت و سۆشیاڵ میدیای گرتەوە، بۆیە لەڕاستیدا کارکردن لە خزمەتی داخوازییەکانی خەڵک بەبێ بیانوودان بە حکوومەت لە ڕۆژنامە خەڵکییەکانی ناوخۆی ئێران و کوردستاندا زۆر زەحمەتە.

**کاروان مێراوی**: **هەر وەک خۆشتان پێشتر ئاماژەتان پێ کرد؛ ڕۆژنامەنووسان یەکێک لەو توێژانەن کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بەردەوام لەژێر چاوەدێری و گوشارەکانی ڕێژیمدان. ئێستە لەو هەلومەرجەی کە لە کوردستان و ئێران لە ئارادایە، دۆخی ڕۆژنامەنووسان چۆنە؟**

**ئاڵا کوردستانی**: دۆخی ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆی کوردستان و ئێران، بەگشتی زۆر خراپە. بەشێکی زۆریان گیراون و ئەوانی دیکەش بەردەوام لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەردەوام ئاگادارییان پێ دەدرێت و هەڕەشەیان لێ کراوە و لە پەیجی نەناسراو بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەی بێبنەما بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە تۆمەتباریان دەکەن تاکوو لە ئەگەری هەر هەڵوێستێکی بەرچاو، بە پشتبەستن بەو بەڵگە بێبنەما و دروستکراوانە دەستبەسەریان بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کاروان مێراوی**: بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور، لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی سەرهەڵدانی ئەو ڕاپەڕینەی کوردستان و ئێراندا زیاتر لە ٤٠ ڕۆژنامەنووس لەلایەن هێزە حکوومەتییەکانەوە ڕفێندراون. ئەوندەی کە بەڕێزتان ئاگادار بن، هیچ زانیارییەک لەسەر بارودۆخی ئەو ڕۆژنامەنووسە ڕفێندراوانە لە بەردەستدا هەیە؟

**ئاڵا کوردستانی**: جیا لە ڕفاندن و دەستبەسەرکردن، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە ماڵەوەن، گوشارێکی دەروونیی زۆریان لەسەرە و کارکردن بۆیان زۆر ئەستەمە.

سەبارەت بە گیراوەکان بێگومان بەشێکیان دۆخی تەندروستییان زۆر خراپە و مەترسیی ئەوەیان لەسەرە کە لە ئەگەری بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان بۆ ترساندنی خەڵک، لە سێدارە بدرێن. چەند کەس لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە کوردستان گیرابوون، ئازادکردنیان بە مەرجی دانانی بارمتەی قورس بووە و چاوەڕێی ڕۆژی دادگاییکردنن و تۆمەتی سەرەکی و هاوبەشیان پڕوپاگەندە دژ بە نیزامی ڕێژیمی ئیسلامییە. لێدان، گوتنی قسەی نەشیاو، هەڵسوکەوتی خراپ، تۆمەتبارکردنیان بە هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان، هێشتنەوەیان لە ژووری تاکەکەسی و گوشاری دەروونی، دۆخی هاوبەشی هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسە ڕفێندراو و گیرانەیە.

**کاروان مێراوی**: خاتوو ئاڵا، میدیاکان چەندە کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕاپەڕینەی کوردستان و ئێران هەیە؟

**ئاڵا کوردستانی**: میدیا لە هەموو کات و دۆخێکدا کاریگەریی زۆری لەسەر کۆمەڵگە هەیە و زۆر جار میدیا ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵک دیاری دەکات.

لەم ڕاپەڕینەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا میدیا بە هەموو جۆرە پلاتفۆرمەکانییەوە کاریگەریی زۆری لەسەر خۆپیشاندانەکان هەبووە، هەڵبەت ئەوەش بڵێم کاریگەرییەکە هی ئەم دوو مانگە نەبووە، میدیای کوردی و فارسی دەمێکە لەسەر هوشیارکردنەوەی خەڵک و بڵاوکردنەوەی زانیارییە شاراوەکان کار دەکەن، هەر ئەمەش هۆکارێکە کە دەیسەلمێنێت خەڵکی ئێران و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وریاتر و بەهێزتر لە ڕابردوو درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن.

**کاروان مێراوی**: چ جیاوازییەک لەنێوان کاریگەریی میدیا کوردستانی و ئێرانییەکانی تاراوگە و هەروەها میدیا جیهانییەکان لەسەر ئەو ڕاپەڕینە هەیە؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**ئـاڵا کوردسـتانی**: دوای شەهیدکردنی "ژینا ئەمینی" سەرەتا هەموو میدیا کوردستانی و ئێرانییەکان و میدیاکانی دەرەوە باسیان لە کوژرانی ژنێک و سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ژنانە دەکرد. کاناڵی سیئێنئێن چەندین جار پۆدکاستی لەسەر ئەو دۆخەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران هەیە بڵاو کردەوە و میدیا گەورە و گرینگەکانی دیکەش بە هەمان شێوە. بۆیە هەموو میدیاکان کاریگەرییان لەسەر پێشاندان و پەرەپێدانی ئەو ڕاپەڕینە هەبوو، چونکە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بە پێی بیروباوەڕ و متمانە بە میدیایەکی دیاریکراو بە دوای هەواڵەکاندا دەکەون. بەڵام کاریگەرییەک کە میدیا جیهانییەکان لەسەر گەیاندنی دەنگی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەرکردەی وڵاتان هەیانە، میدیا خۆجێییەکان نایانبێت. بۆیە ئێستە کە ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ئامانجی دیاریکراو و خواستی هەمیشەیی هەنگاو هەڵدەگرێت، دەبێت کورد سەرنجی میدیا جیهانییەکان بۆ خۆی زیاتر ڕابکێشێت چونکە کورد بۆ دەربازبوون لەم دۆخە پێویستی بە یارمەتیی وڵاتە زلهێزەکان هەیە.

**کاروان مێراوی**: وەک ڕۆژنامەنووسێکی چالاک کە بەردەوام لەناو خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانن، پێتان وایە چاوەڕوانی و داخوازیی خەڵک لەم قۆناغە هەستیارەی ئێستەدا لە حیزبە کوردستانییەکان چییە؟

**ئاڵا کوردستانی**: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی سێ مانگە شەقامەکانیان چۆڵ نەکردووە و لەم ماوەیەدا قوربانییەکی زۆریان داوە. ئەوان بەبێ چەک و بە ئیرادەیەکی بەهێز و یەکدەنگ هاوار بۆ ئازادکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و بێگومان داوای پشتیوانی لەو حیزبانە دەکەن کە ٤٣ ساڵە بە ئاشکرا و شاروەیی پاڵپشتییان دەکەن، بەڵام خەڵک دەبێت لەوە تێ بگەن کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی گەورە دەبێت پلانێکی باش و بەرفراوان هەبێت. حیزبەکانیش دەبێت لەوە تێ بگەن کە دەرفەتە زێڕینەکان هەموو کات دووبارە نابنەوە و دەبێت ئێستە نرخی کات زیاتر بزاندرێت تاکوو دەستکەوتی ڕاپەڕینەکان بەدەست بێنن.

**کـاروان مێـراوی**: وەک دواهەمین پرسیار؛ وێڕای خوێندنەوەتان بۆ بارودۆخەکە، پێشنیارتان بۆ بەردەوامبوونی ئەم ڕاپەڕینە و بەگشتی بۆ داهاتوو چییە؟

**ئـاڵا کوردسـتانی**: ئەم ڕاپەڕینە لە دڵی خەڵکەوە هەڵقوڵیوە و بەردەوامبوونیشی هەر بەدەستی خەڵکەوەیە، بەڵام ڕەچاوکردنی چەند فاکتەر زۆر گرینگە. پێویستە حیزبەکانی ئێران و حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پلانێکی باش و دیاریکراویان بۆ دەربازبوون لەم سیستەمە دیکتاتۆرییە هەبێت. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت لە ئەزموونەکانی ڕابردوو کەڵک وەرگرن و بە کەمترین تێچوو مافە ڕەواکانی خۆیان لەم شۆڕشەدا مسۆگەر بکەن. خەڵکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژهەڵاتیش گەیشتووەتە قۆناغێک کە گەڕانەوەی بۆ نییە، بۆیە بە بڕوای من نابێت شەقامەکان چۆڵ بکرێن و هەر ئەو جۆرەی کە ئێستە دەبینین کۆدەنگییەک لەنێو خەڵکی ئێران دروست بکەن و سەرنجی جیهان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن تاکوو هەموویان سەرکردایەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لەم شۆڕشە مەزنە ببینن.

**کاروان مێراوی**: خاتوو "ئاڵا" زۆر سپاس کە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی کوردستان و وێڕای ئەو گوشارانەی کە لەسەر ئێوەی ڕۆژنامەنووسانە ئامادە بوون لەم هەڤپەیڤینەدا بەشداری بکەن. ئەگەر لە کۆتاییدا شتێک ماوە باسی بکەین و ئاماژەی پێ نەکراوە یان پەیامێکتان هەیە، بفەرموون!

**ئاڵا کوردستانی**: سپاس بۆ ئێوە، سەرکەوتوو بن. هەموو ئامانجێک دەگاتە ئاکام تەنیا دەبێت باوەڕمان بە ئامانجەکە هەبێت و ڕێگەی بەدەستهێنانی ون نەکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٩ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هێزەکانی ڕۆژهەڵات چیاکان جێبهێڵن؟




**کەمال چۆمانی**

بەجێهێشتنی چیاکان لەلایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە لەدوای ١٩٩١ لەژێر هەڕەشەی ئێران و یەکێتی و پارتی، هەڵەیەکی ستراتیجی و گەورەی ئەو هێزانە بو. گەڕانەوەیان بۆ چیاکان بێ هەبونی هیچ ستراتیجێک و خۆئامادەکردنێن و بە دنەدانی پارتی و هیوای ئەوەی ئەمریکای دۆناڵد ترامپ هێرشدەکاتە سەر ئێران لە ٢٠١٥، هەڵە بو. گەڕانەوەی بێ ستراتیج و خۆئامادەکردن و بە دنەدانی ئەوانیدی و ڕوداوە دەرەکییەکان هەڵە بو نەک گەڕانەوە.

ئێستا دوای حەوت ساڵ لەو شاخانە، ئەو کادیرانەی لە ئەوروپاش گەڕابونەوە، بێهیوابون و زو گەڕانەوە. هێزەکانی ڕۆژهەڵات لەژێر فشارێکی گەورەی یەکێتی و پارتی و حکومەتی هەرێم و عێراق دان تا جارێکی تر بارەگاکانیان لە چیاکان چۆڵ بکەن. هێزەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت دیموکرات و کۆمەڵە، باش دەزانن و ئەزمونیان لەگەڵ پارتی هەیە هەرکاتێک پارتی نرخی زیاتری پێبدرێ، یان لەژێر فشار بێ، دەیانفرۆشێت، زۆر هەرزانفرۆشیشیان دەکات.

دوای سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ تاران، کۆمەڵە و حدکا پێویستییان بە خوێندنەوەیەکی ستراتیجی و ورد هەیە. خوێندنەوەیەکی ستراتیجییانەی عەقڵانیی نەک لەژێر سۆز و ترس و فشاردا تا بتوانن باشترین بڕیار هەڵبژێرن کە چۆن خەباتی داهاتویان بەردەوامیی پێ دەدان. جێهێشتنی شاخ لەم بارەیاندا، یەکجارەکیی دەبێ، جێنەهێشتنی لەوانەیە قوربانیی زۆری بوێ کە پێناچێت کۆمەڵە و حدکا بۆ ئەو قوربانییە ئامادە بن، هەروەها ئامادەش نین لە هیچ ڕوێکەوە کە


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بتوانن شەڕ بکەن.

ئەوەی گرنگە دەبێ بڕیارەکە هی خۆیان بێ، لەژێر فشار و ترس و سۆزدا بڕیار نەدەن، ڕاستگۆ بن لەگەڵ خۆیان و خەڵکیش. هەر بڕیارێکیان دا، دەبێ سەرکردایەتیی ئێستا بەرپرسیارێتییەکەی هەڵبگرێ. دۆخێکی زۆر ئاڵۆزە، بڕیاردان تێیدا قورسە و داهاتو ڕون نییە. لە دۆخی وادا سەرکردایەتی دەوری خۆی دەبینێ، بەڵام سودبینین لە هەڵەی ستراتیجی هێزەکانی دی گرنگە؛ مەلا مستەفای بارزانی هەڵەیەکی ستراتیجی کرد کە ئاشبەتاڵی کرد کاتێک ڕژێمی شا پشتیوانییەکانی کشاندەوە. پەکەکە توشی هەڵەیەکی ستراتیجیک بو کاتێک لەژێر هەندێک زانیاریی هەڵەدا بڕیاری شەڕکردنی ناو شار لە جزیرێ و ئاماد و ناوچەکانی دی درا لە ٢٠١٦.

ئێستا سەرکردایەتیی کۆمەڵە و حدکا پێویستییان بە لێهاتویی و ئازایەتییەکی لە ڕادەبەدەر هەیە تا بڕیارەکان بدەن، نە سازش بکەن نە هەمو شتێک بکەنە قوربانی. سیاسەت گەمەی یان هەمو یان هیچ نییە، بەڵکو لەو نێوەندەدا زۆر بڕی دیکە هەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هاککردنی ئاژانسی فارس: ٨٤%ی خەڵک خۆپیشاندانەکان وەک ڕێگەچارەی کێشەکان دەبینن



ئا: ئاوێنە، بی بی سی

گرووپی هاککەری "بلاک ریوارد"، دوای هاککردنی پێگەی ئاژانسی فارس، سەربە سوپای پاسداران، هەواڵنامەیەکی نهێنی ئاژانسەکەی بڵاوکردەوە کە بۆ حسێن سەلامی، فەرماندەی گشتی سوپای پاسدارانی ئامادەکردوە. هەواڵنامەکە بەشێک لەو هەواڵانەی ناوخۆی دەسەڵات و فەرمانەکانی ئایەتوڵا خامەنەیی و هەروەها زانیاری لەبارەی هەڵوێستەکانی خەڵک و ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لەخۆگرتوە، کە زۆربەیان لە میدیاکان بڵاونەکراونەتەوە.

هاتنە سەرخەتی ڕاستەوخۆی ئایەتوڵا خامەنەیی، ڕێبەری باڵای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پرسی ناڕەزایەتییەکانی سیستان و بەلوچستان، یەکەم بابەتی هەواڵنامەکەیە. هەواڵنامەکە لەدوای دیدارەکەی ڕۆژی ٢٦ی مانگی ڕابردودی ئایەتوڵا خامەنەیی لەگەڵ فەرماندەو کارمەندانی بەسیج، ئامادەکراوە.

بەگوێرەی هەواڵنامەکە، خامەنەیی دژی بۆچونی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و فەرماندەیی پۆلیسی ئێران بوە بۆ دەستگیرکردنی مەولەوی عەبدولحەمید، سەرکردەی سوننی و پێشنوێژو وتارخوێنی هەینی شاری زاهیدان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەواڵنامەکە لە زاری ئایەتوڵا خامەنەییەوە ئەوەی گواستۆتەوە کە "لە لێکۆڵینەوەکان لەبارەی پشێوییەکانی زاهیدان، نابێ مەولەوی عەبدولحەمید دەستگیربکرێت، بەڵکو دەبێ ئابڕوی ببرێت".

هەر بەپێی هەواڵنامەکە، ئایەتوڵا خامەنەیی، لەبارەی "هەینی خوێنینی زاهیدان"ەوە فەرمانی کردوە کە ئەوەی تەقەی کردوە دەستگیربکرێت.

دواتر فەرماندە ئەمنییەکانی شۆڕشی ئیسلامی لەسەر بانگهێشتی ئیبراهیم رەئیسی، سەرۆک کۆماری ئێران لەگەڵ خامەنەیی کۆبونەتەوەو یەکێک لەوان بە خامەنەیی وتوە "بەسیجی ئیمە لاواز بووە ڕێکخستنی خۆی لەدەستداوە".

لە بەشێکی دیکەی هەواڵنامەکەدا لە زاری خامەنەییەوە هاتوە، کە هەرچەند دەتوانن بە برادەران بڵێن هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە باشی بەکاربهێنن. ئەم بابەتە-پشێوییەکان- بەم زوانە کۆتایی نایەت.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی هەواڵنامەکەدا ئاماژە بە ناکۆکی نێوان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆککۆماری ئێران کراوەو سەرۆکی پەرلەمان رەخنەی لە سەرۆککۆمار گرتووە رایگەیاندوە کە حکومەت هیچ بەرنامەو ئامانجێکی نییە.

لە بەشێکی دیکەی هەواڵنامەکەدا، ئاماژە بە چەند ئامارو زانیارییەک دراوە کە لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە ئامادەکراون، کە بەپێی ئەو ئامارانە لەسەدا ٥١ ی خەڵکی ئێران خوازیارن پۆشینی حیجاب لە ئێران سەرپشکانە بێت، لەسەدا ٥٣ ی خەڵک لە ڕەفتاری هێزەکانی پۆلیس نارازین، لەسەدا ٥٦ ی خەڵک باوەڕیان وایە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان درێژەدەکێشن و لەسەدا ٤٨ یشیان ترسیان لە دابەشبونی ئێران نییە.

هەر بەپێی ئەو ئامارانە کە لە هەواڵنامەکەدا هاتون، لەسەدا ٨٤ی خەڵک پێیانوایە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی نێو شەقامەکان، دەبنە مایەی کەمکردنەوەی کێشەکانیان.

لە بەشێکی دیکەی ئامارە نێوخۆییەکاندا هاتوە کە گەورەترین دەستکەوتی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان، رەوینەوەی ترسی خەڵکە لە هێزەکانی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان.

هەروەها لە هەواڵنامەکەدا ئەوەش هاتوە کە بەشێک لە کارمەندانی حکومەت و خانەوادەی "شەهیدان" لەنێو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەستگیرکراوانی خۆپیشاندانەکاندا بون.

هەر بەگوێرەی هەواڵنامەکە، لەسەدا ٧٠ی خەڵکی ئێران هیچ خواستێکیان بۆ بەشداریکردن لەو ڕێپێوانانەدا نییە کە بۆ پشتیوانی لە ڕژێم ئەنجام دەدرێن.

پێگەی ئاژانسی فارس، ڕۆژی ٢٥ی مانگی ڕابردو هاککراو بەردەست نەما.

دوێنێ چوارشەممە، ئاژانسەکە لە زنجیرەیەک تویتدا، لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی هاککردنی پێگەکەیاندا لەلایەن بلاک ریوارد-ەوە، دانی بەوەدا کە چەند هەواڵنامەیەکی نهێنی ئاژانسەکەیان کە بۆ بەشێک لە بەرپرسان ئامادەکراون، کەوتونەتە دەست هاککەرەکان.

ئاژانسی فارس، لەگەڵ ئەوەش ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو هەواڵنامانە بۆ "تۆمارکردنی دەنگۆکانی نێو سۆشیال میدیاو بانگەشەکانی میدیا بیانییەکان بوە"و ڕەتیکردۆتەوە کە ناوەڕۆکی ئەو هەواڵنامانە نهێنی بوبێت، بەڵام لەبارەی ئەوە هیچ ڕونکردنەوەیەکی نەداوە کە ئەگەر ئەو هەواڵنامانە نهێنی نەبون، بۆچی وەک سەرجەم بابەتە بەرهەمهێنراوەکانی دیکەی ئاژانسەکە، بڵاونەکراونەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ماتەمی کۆماری ئیسلامی و شادمانی خەڵک لە پەڕاوێزی دەرچوونی تیمی کۆماری ئیسلامی لە کێبەرکێکانی جامی جیهانی




سایتی پەیام

ئەوەی کە شەوی چوارشەممە لە ئێران ڕوویدا، ناموٚترین ڕووداوێکە کە دەکرێ بە زەیندا بێت. بە ملیۆن کەس لە سەرتاسەری ئێران ژن و پیاو و لاو ڕژانە سەر شەقامەکان و شکستی تیمی وڵاتەکەیان لە مسابەقەی تۆپی پێدا کە بوو بە هۆی دەرچوونی ئەم تیمە لە یاریەکانی جامی جیهانی، چیژن گرت. ڕژیمی ئیسلامی حاکم لە ئێران و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەم وڵاتە ئاویان بە جۆگەیەکدا ناڕوات، هەرچیەکی کە ڕژیم بیەوێت و بەکرێگیراوانی شاد بکات، خەڵکی ئێران لەبەرانبەریدا کاردانەوەیان دەبێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستەبەر کردنی سەرکەوتن لەم کێبەرکێیەدا بە ملیۆن دۆلاری هەزینە کردبوو، وەعدەی دانی پاداشی پازدە هەزار دۆلاری بە هەر یاریزانێکی تیمی تۆپی پێی دابوو وە چەند هەزار بەکرێگیراو و داکۆکیکاری ڕژیمی ناردبووە قەتەر. هەڕەشەی لە ئەندامانی تیم و بنەماڵەکانیان کردبوو کە لە مەیدانی مسابەقەدا هیچ حەرەکەتێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کە نیشانەی پشتیوانی ئەوان لە شۆڕشێک بێت کە لە ئێستا لە ئێران لە ئارادایە، ئەنجام نەدەن. شادی و جێژن و سروسری خەڵک تامی ئەم شکستەی بە زاری کۆماری ئیسلامی و بەکرێگێڕاوانی تاڵتر کرد.

حکومەتی ئیسلامی سەرجەم مەیدانە وەرزشی، هونەری، فەرهەنگی، ئاموزشی و تەنانەت زانستیەکان لە خزمەت بە ئامانجی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆنەپەرستانەی خۆیدا بەکار دێنێت. وەرزش گۆڕەپانێکە کە حکومەت و سپا سەرمایەگوزاریەکی بەرینیان تێدا کردوە. ئەوەی کە فوتباڵ و یارییە وەرزشیەکانی ئەم دواییە و هەروەها لەنێو فایلی ئاشکرا بووی فەرماندەکانی سپادا گەیوەتە دەرەوە، باس لە پیلان و سیاسەتێکی گەلێک کۆنەپەرستانەی حکومەتی ئیسلامی لە مەیدانە وەرزشیەکان و سەبارەت بە لاوان دەکات.

ژنان لە چوون بۆ مەیدانە وەرزشیەکان مەنع کراون و گوشار بۆسەر ژنانی وەرزشکار بۆ ڕەچاو کردنی پۆشینی ئیسلامی بۆتە هۆی گەلێک ڕیسوایی بۆ حکومەتی سەرچاوەی هەڵاواردنی ڕەگەزی و ئاپارتایدی کۆماری ئیسلامی.

زۆرێک یاریگای وەرزشی لە لایەن سپاوە سەرپەرستی و مودیریەت دەکرێت و چاودێری توند بەسەر گوفتار و هەڵسوکەوتی یاریزانەکانەوە هەیە تا لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حکومەتدا کار و چالاکی بکەن. گەلێک یاریزان کەوتونەتە زیندان، خانەنشین کراون و یان بەناچاری ئێرانیان جێ هێشتوە. هەرچەند ڕۆژ لەوە پێش بوو کە وریا غەفوری میللی پۆشی ئێران بە هۆی پشتیوانی لە خەڵک دەستبەسەر و زیندانی کرا، گوشار بۆ بێدەنگ کردنی عەلی کەریمی زیاتر بووە و عەلی دایی بەرەو ڕووی هەڕەشەی کاربەدەستانی ڕژیم بۆتەوە.

حاکمانی ئیسلامی بە دانی پارەمەتی ماڵی بە وەرزشکاران لە لایەکەوە و هەڕەشە لێکردنیان لە لایەکی دیکەوە لە هەوڵدان تۆپی پێ و باقی مەیدانە وەرزشیەکان بخەنە خزمەت سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ڕژیمەوە. حاکمانی ئیسلامی لەو ئامانجە کۆنەپەرستانەیەش واوەتر چوون و دەیانەوێ تۆپی پێ و باقی گۆڕەپانە وەرزشیەکان لە ڕاستای نیزامی - ئەمنیەتی تر کردنەوەی کۆمەڵدا بکار بێنن و گۆڵ لێدانی تیمی وەرزشی پێشکەشی کوژراوان و تیرۆریستەکانی وەک قاسم سلێمانی بکەن.

وەرزش دەتوانێ و دەبێ لە خزمەت سلامەتی و شادابی خەڵکدا بێت لە کۆمەڵدا. حکومەتی ئیسلامی ئێران کە کەمترین هەزینە بۆ وەرزش و سلامەتی دەکات مایل بە دروست کردنی کەش و فەزای پێویست بۆ سلامەتی و شادابی خەڵک نییە.

ورزش و بە تایبەت فوتباڵ هەر ئەوەندە بۆ حکومەتی ئیسلامی گرنگە کە لە خزمەت سیاستە کۆنەپەرستانەکانی ڕژیم و شاردنەوەی ڕاستیەکانی کۆمەڵدا بێت.

ڕوخانی ڕژیمی ئیسلامی کە داخوازی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگایە دەتوانێ و دەبێ لە خزمەت شادابی و سلامەتی کۆمەڵدا بێت. وەرزش و هەوڵدان بۆ بەرز کردنەوەی توانایی تاکە کەسیەکانی کۆمەڵ و بە تایبەت وەرزشکاران و وەرزش دۆستان لە


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بارودۆخێکدا دەستەبەر دەبێت کە ئـازادی، یەکسـانی، مافەسـەرەتاییەکانی خەڵـک و ژینگەیەکـی گەنجـاو بـۆ ئینسـانەکان فەراهەم بووبێت.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١ی دیسەمبەری ٢٠٢٢

---

## چەند سرنج لەسەر دوو مانگی ڕابردوو




**شەهلا دەباغی**

ڕاپەڕینـی ژینـا گەورە و بچـووکی نەبـوو. هەمـوو هەسـتان. بەڵام بە باشـی مـودیریەت نەکـرا. خەڵـک بە دەسـتی بەتـاڵ ڕۆدەهاتنە بنکەی پۆشتەی نیزامی. سەرکردایەتی نەبوو کە ئەمە بۆ شۆڕش مەترسیدارە. ئێمەی کورد نەدەبوو شەڕەکە بکەیـن بە هی خۆمان و داوای پشتیوانی لە تاران بکەین. دەبوو ئەوان داوای پشتیوانیمان لێبکەین. (پەیامێکی ناو وڵات)

١- ئەوەی لەناو ئەو هەموو ژان و خوێنەی شۆڕشی ئەمجارەدا جێی شانازی و ڕێزە، پێگەیشتن و فـامی گەنجەکـانە بـۆ مـافی نەتەوەیی و سەروەریی خۆیان .نەسڵەکانی پێشوو نەترس و سەربزێو بوون، بەڵام ئەم نەوەیە ئینسان گەلێکن کە زنجیری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆیلەتییان پچڕاندووە.

٢- بەهۆی داگیرکاری و فاشیست بوونی حکومەتی ئێران و پێکهاتەی سیاسی ئابووریی کوردستان دەکرا بە شێنەیی هەنگاوەکان هەڵگیرابان و تیچووی ئاوا زۆر نەدرابا. هاوکات مادام لەناو وڵات لاوەکان بڕیاریان دەدا، بۆ ئێمەی دەرەوەی وڵات پشتی شۆڕش بەردان کارێکی نائەخلاقی دەبوو. هێندێک جار مەرگی سەربەرزانە عەینی ژیان و مانایە.

٣- ئیسلاح تەڵەب، لایەنگرانی خامنەای، و بەناو خەتی سێ ڕژێم هەموو زۆر چالاکانە بۆ نەجاتی ڕژێم وەگەڕ کەوتن. ئەوان بە سێ باسی

ئەم جوڵانەوەیە بێ ڕێبەرە
خەتەری "تجزیە" هەیە
تەنیا خامنەای دەتوانی ئەم دۆخە حەل بکا

خەریکی هیدایەتی خەڵک و جوڵانەوە بوون. بەداخەوە ئەوانەی چەمکی "تمامیت ارضی" و "تجزیە" یان گرتۆتە دەست زیرەکانە توانیان بەم ئاتۆیە وێڕای زەبروزەنگی حکومەتی خەڵکی ناوەند لە هاتنە شەقام بترسێنن.

٤- ڕاستە هێندێک چین و توێژ لە تاران و ناوەند و شارەکانی دیکە هاتنە مەیدان بەڵام ئەم هاتنە مەیدانە وەها نەبوو کە باری گوشار لەسەر کوردستان کەم کاتەوە و ببێتە هێزێک بۆ ڕووخانی یەکجاری ڕژێم. ناوەند زۆر موحتات و بە پێی بەرژوەندی ناوەندانەی خۆی هاتە مەیدان، ئێستا درزی ناوەند و پەڕاوێز زۆر لە جاران زیاتر بووە و ئەرکی ئەخلاقیی ناوەندە کە بۆ شۆڕشی داهاتوو لەم ئەزموونە کەڵکی دروست وەربگرێ.

٥- ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کە ئەگەر حکومەتی ئێران بڕووخێ دوو گۆڕانکاری بنەڕەتی ڕوو دەدا:

ئا) ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز دەبێ، ئەمەش بەم واتایەیە کە دۆخی باشتری کەلتووری- سیاسی بۆ ژنان و خەڵک دێتە ئارا،

ب) ڕۆنێسانسێکی سیاسی ئەخلاقی لە دنیا دا ڕوو دەدا،(هەر ئێستاش بۆتە هۆی بیرکردنەوە) سیاسەت کەمێک ئینسانیتر دەبێ و زۆر وڵاتی ناوچەکە بەرەو دیمۆکراسی و دۆخێکی باشتر دەڕۆن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٦- نوێنەرایەتی represent بەشێکی گرینگی کاری سیاسییە. نوێنەرە کە دەتوانێ پرسی تۆ باس بکا re present/ بەڵام بەداخەوە:

حیزبەکانی کوردی لەم دوو مانگەدا لە هیچ دانیشتنێکدا ژنیان لەگەڵ نەبوو، لە کاتێکا ژنانی بەتوانا لەناو ئەم حیزبانەدا کەم نین،
خودی ژنانی چالاکی ناو حیزبەکان هەوڵ خۆیان بە حیزبی دەبینن تا نوێنەری پرسی ژن،

ژنانی دەرەوەی حیزبەکانیش نەیانتوانیوە ببنە نوێنەری پرسی ژنان،

پرسی نوێنەرایەتی ژنان تەنیا لە دەرەوەی وڵات گرفتی نییە بەڵکوو لە هەموو شوێنێکی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی وەک یەک کار دەکا،

نوێنەرانی ڕاستەقینەی ژنانی ڕوژهەڵات لە ناو خودی ڕۆژهەڵاتن.

٧- جیاوازی سەردەمەکان بەرچاوە گەرچی ئێمە ئێستاش نەمانتوانیوە بەڕادەی پێویست کەڵک لەم جیاوازییە وەرگرین. لە ساڵانی دوای ١٩٨٠ و شەڕی کوردستان هیچ کەس نەبوو تەنانەت وێنەی شەهیدەکانمان بگرێ. چیرۆکی سەدان شەهید و بریندار بە داکۆمێنت نەکرا. ئەوکات لە خۆمان دەپرسی بڵێی کەس بزانێ لە کوردستان چ ڕوو دەدا؟ ئەمجارە لافاوی وێنە و فیلم بەدونیادا بڵاو بۆوە. پرسیار ئەوەیە چەندە دەتوانین بۆ پرسی کورد کەڵک لەو هەموو زانیارییە وەربگرین؟

٨- "ژن، ژیان، ئازادی" بە مانای گەیشتن بە جیهانێی ئازاد و دادپەروەر لەم دەمودەستەدا نییە. ئەم دروشمە تەنیا کەشێکی نیسبی بۆ دیالۆگ سازکردووە کە ژنان باسی مافەکانیان بکەن. ئەویش نە هەموو مافێک. گەیشتن بە ئازادی ژنان ڕێگایەکی یەکجار دوورە. "ژن، ژیان، ئازادی" بەمانای تەواوبوونی گرفتی پرسەکانی یەکسانی و ئازادی و ڕزگاری نییە. ئەم دروشمە تەنیا پەنجەرەیەکی بەرو تۆلێرانس، دیالۆگ، دیتنی کێشەکان بەڕوانگەیەکی فراوانتر و دژی داگیرکاریی نەتەوەیی و ستەمی جنسییەتی کردوەو و ئەمە هەوەڵی ڕێگایە. بەڵام ئەمە پەنجەرەیەکی زۆر دروەشاوەیە بەرەو ئاسۆ.

٩- دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لەخۆیدا جیهانێکی گرینگی فەلسەفی سیاسییە. گرینگترین خاڵ لەم جیهانەدا ئەوەیە کە ئینسانەکان دوای دەیان ساڵ تێپەڕبوونی حکومەتی تاران، دووبارە باوەڕییان بە یەکتر هێناوە. حکومەتی ئیسلامی لەم چل



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ساڵەدا بە پەرەپێدانی بێ باوەڕی و دڕدوونگی نێوان ئینسانەکان توانیبووی حکومەتی خۆی بپارێزێ. بەقەولی ئارێنت ڕەفاقەت چەکی ئێمەیە دژی دیکتاتۆر.

١٠- لە خۆپێشاندانەکانی ساڵانی پێشوو لە شارە فارس نشینەکاندا دروشمی "اڵلەاکبر" و "یا حسین" دەدرا. لە تەواوی ئەم دوو مانگەدا لە یەک شوێن لەو دروشمانە نەبووە. جگە لە بلووچستان کە درووشمی اللەاکبر دراوە کە ئەمیش هۆی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم جیاوازییە یانی گۆڕانی پارادایم و ئامانج، بەڵام هیچ گارانتییەک نییە کە ئەم دۆخە ڕادیکاڵە هەروا بمێنێتەوە.

١١- کەس ناتوانێ ڕەوتی ڕووداوەکان دیاری بکا. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەی داهاتوو یەک شت لە کتێبەکانی مێژوویيدا دەخوێننەوە:

ڕاپەڕینی پاییزی ٢٠٢٢ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" توانی بناخەی ڕادیکالیسمی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵتەکێنێ. توانی درێژەدەری ڕێنێسانس و دروشمەکانی شۆڕشی گەورەی فەڕانسە بێ، هەڵبەت بە ڕوانگەیەکی یەکسانیخواز و دادپەروەرانەتر. شۆڕشی ڕۆژهەڵات توانی "دیگەردیسی"یەکی مێنتال و ئەخلاقی لەناو ڕووحی داگیرکراو و کۆلۆنیالکراوی کورددا دروست بکا و ئینسانێکی تازە بخووڵقێنێ. ئینسانێکی ڕزگاریخواز. هەرچۆن مێژوو پێش ڕێنێسانس و دوای ڕێنێسانس، پێش شۆڕشی فەڕانسە و دوای شۆڕشی فەڕانسە، پێش شۆڕشی ڕووسیە و دوای شۆڕشی ڕووسیە، پێش دیواری بێرلین و دوای دیواری بێرلین دابەش کرا، ئەوە ئێستا مێژوو دووبارە دابەش دەبێتەوە بە:

**پێش شۆڕشی ژینا و دوای شۆڕشی ژینا.**

ئێمە قەرزداری ئەو ژیانانەین کە لەپێناو ئەم شۆڕشە و لەپێناو ئازادی و ڕزگاری دا خۆیان فیدا کرد. ئەم قەرزە بە هیچ نادرێتەوە جگە لە وەفاداری و وەدیهێنانی ئاواتەکانیان.

١٢- ئەوانەی دروشمی "مرد، میهن، آبادی"یان هێنا گۆڕ لەڕاستیدا نەیانتوانی پشت لە بیر و نۆرم و سیستیمی نێرسالاری و داگیرکاری بکەن و ویستیان ڕێبەری شۆڕش لە دەست بگرن. ئەوان نەیانتوانی قەبووڵ بکەن کە نەتەوەیەکی ژێردەست ئیدە و خەیاڵی "ژن، ژیان، ئازادی" هێناوەتە گۆڕ و دروشمەکەش وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی فارسی. دروشمی "مرد، میهن، آبادی" لە ڕاستیدا لە گۆرانی "برای" وەرگیراوە کە لەودا هونەرمەندەکە دەڵێ:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"برای اقتصاد پوشالی، برای این بهشت اجباری، برای خواهرم، خواهرت، برای کودک افغانی، برای سگهای ولگرد، .... برای مرد میهن، آبادی.... برای زن زندگی، آزدی، آزدی، آزادی".

دروشمەکە لەو گۆرانییەڕا هات کە هەڵبەت ڕیشەی لە زەمانی شا و کتێبەکانی دەرسیدا بوو. هەڵبەتە "مرد میهن آبادی" هەم ڕەوتی ڕووداوەکانی لەبەرچاو نەگرت، و هەم خودی "برای" کە بە "زن، زندگی آزدی" تەواو دەبێ. ئەوەی کە هەیە تا ئێستاش وەرگێڕدراوەکەی "ژن ژیان ئازادی" بە فارسی هێژمۆنی خۆی پاراستووە.

١٣- دوابەدوای گیان بەختکردنی ژینا و هاتنە سەرشەقامی خەڵک حکومەت سیاسەتێکی تایبەتی بۆ بەرپرچدانەوەی خۆپێشاندانەکان گرتە بەر. حکومەت تا ڕادەیەکی کەمتر لە تاران زەبروزەنگی بەکارهێنا بەڵام لە کوردستان و بەلووچستان ڕادەی وەحشیگەری خۆی هێندە زۆر نیشان دا کە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانی پێ بترسێنێ تا لە شارە گەورەکان خەڵک بە میلیۆن نەینە سەر شەقام. حکومەت بۆ ترساندنی خەڵک زبروزەنگێکی زۆر توندتری لە چوار شاری بچووکتری وەک بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، جوانڕۆ بەکار هێنا تا هەموو کوردستان و ئێرانی پێ بترسێنێ. ڕژیم زۆر ئاگاهانە هەوڵی دەدا خەڵک تووشی هێندێک ڕووداو. هێندێک ڕۆژ حکومەت بێدەنگ دەبوو تا خەڵک زیاتر بێنە پێش و ئەویش دواتر کوشتار بکا. ئەوەی کە ئێستا دەیزانین ئەوەیە کە شەهیدەکانی ئەمجارە و خەڵک بە ڕووحێکی بەرزی نەتەوەیی زیاترین کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکان هەبووە. بەڵام هاوکات تێچووی کورد زۆر لەسەرێ بوو. پرسیار ئەوەیە ئایا نەدەکرا کورد پێ بە پێی تاران و بە مێتۆدی ئەوان هاتبا مەیدان و ئەو هەموو شەهید و بریندار و خەسارەتەمان نەبا؟ گەرچی بەرپرسیاری ئەو تاوانانە هەر حکومەتی ئێران واتە سپای پاسداران و شەخسی خامنەایی تاوانبارە.

١٤- لە شۆڕشی ژینادا دەیان بابی کچان شەهید بوون. ئەمە داتایەکی گرینگە کە بۆ لێکۆڵینەوە دەبێ. دیارە کە ئەم بابەتە ئاڵۆزە و تەنیا لە حەدی گریمانەیە. گریمانەکە ئەوەیە:

پیاوان لە ماوەی دەسەڵاتداریی "ولایت فقیە" دا شاهیدی زوڵمێکی زۆر دەرحەق بە ژنان، خوشک و دایک و خزمی خۆیان بوون. بابەکان بەتایبەت لە نەوەی جەوانتر کە کچیان هەیە نایانهەوێ کاتێک منداڵەکانی خۆیان گەورە دەبن وەبەر شاڵاوی ئەم زوڵمە سیستیماتیک و پێکهاتەییەی حکومەتی پیاوسالار- دینسالاری ئێران کەون. هەربۆیە زۆر چالاکانە لە شۆڕشدا بەشدارن و بەداخەوە زۆریان شەهید بوون. هەڵبەتە دەیان هۆی دیکەی وەک ستەمی نەتەوەیی، هەژاری و بێدەرەتانی ئابووری، کۆڵبەری، دۆخی ژێردەستەیی و داگیرکاری و هتد بۆ بەشداری گەنجان لەم شۆڕشەدا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن. بەڵام ئینسانەکان بە ژن و پیاوەوە بەدوای یەکسانی و داددا دەگەڕێن و زوڵم لە ژنان لە ڕاستیدا زوڵم لە خودی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پیاویشە وەنووکە پیاوان بۆ نەمانی حکومەتی زوڵم و سێدارە پێ بە پێ ژنان بۆ نەمانی ستەمی جێندێری هاتوونەتە مەیدان.

بۆ ڕزگاریی نیشتمان ئەگەر پێویست بێ شەهیدیش دەبین بەڵام شەهید بوون نابێ بکرێتە ئامانج. ئامانجی خەباتی ژینا گەیشتنە بە ژیانێکی ئازاد و بەکەرامەت نەک شەهید بوون. لەسەر گۆڕی شەهیدان گوتنی "شەهید بوونت پیرۆز بێ" گەرچی ڕەگی بەرخۆدانی تێدایە بەڵام ئێمەی کورد دەبێ هەزار جار زیاتر پێمانخۆش بێ کە ڕۆڵەی کورد بمێنن. "ژن ژیان ئازادی" بۆ ژیانە نەک بۆ شەهید بوون. ئەمە جیاوازی بنەڕەتیی کورد و حکومەتی ڕەشی ئیسلامییە.

١٥- کورد تا ڕادەیەکی زۆر باوەڕی بە باقی نەتەوەکانی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هێنا. دیارە کە کورد بە تەنیا ناتوانێ ئەو حکومەتە برووخێنی. هەموو ڕێنوێنییەکان بۆ ئەوە چووبا کە کورد وەک خەڵکی ناوەند هاتبانە مەیدان و ناوەند داوای هاوکارییان لە کورد کردبا نەک پێچەوانە. ئێستا کورد زیاترین گوشاری نیزامی، سیاسی، ئابووری لەسەرە. زیاتر لە ١١٠ شەهید و سەدان بریندار و هەزاران زیندانی هەیە. پردیارە کە شۆڕش و گۆڕانی ڕژیمێکی فاشیست بۆ کورد هەمیشە تێچووی زۆر لەسەرتر دەبێ بەڵام حەق وایە بۆ جارەکانی دیکە هوشیارتر بین. بەتایبەت ئەوانەی زیاترین بەرخۆدانیان کرد و شەهیدیان دا چینەکانی زەحمەتکێش و مامناوەنجی کۆمەڵگان و قەرەبوو کردنی هەر خەسارەتێک بۆ ئەوان زۆر ئەستەمترە. یاد و ناویان هەرمان!

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# "حکومت نظامی"ی ڕانەگەیەنراوی ئێران لە مەهاباد و بۆکان



**ئەنوەر سوڵتانی**

ماوەی حەوتوویەکە هێزی سەرکوتکەری ئایەتوڵڵاکانی ئێران بە چەک و کەرەسەی قورسی سوپاییەوە گەیشتوونەتە ئەو دوو شارەی موکریان، دەروازەکانی هاتوچۆیان داگیر کردووە، هاموشۆی خەڵک و هاوردە و بردەی شتومەکیان خستۆتە بەرچاوەدێریی توندوتیژ؛ بە شەقامەکاندا دەگەڕێن، بە بێ هۆکار خەڵک ڕادەگرن و دەیانپشکنن؛ تەلەفونی مۆبایلی خەڵک بەتایبەت لاوەکان زەوت دەکەن، جنێویان پێدەدەن و سووکایەتییان پێدەکەن، ماڵان دەگەڕێن، هەرکەس بخوازن دەیگرن، هەواڵی دەستدرێژیکردنە سەر گیراوە کوردەکانی ناو زیندانی ورمێ و زیندانە لەپاولەپەکانی دیکەی کوردستان کەم نییە. سەبازانی ئیمامی زەمان بەتایبەت لەو دوو شارەدا بەرگری لە کردنەوەی دووکانان دەکەن و ناهێڵن بژێو و پێداویستیی ڕۆژانە بە خەڵک بفرۆشرێت، نانەواخانەکان قەرەباڵغن و سوپای داگیرکەر و بەسیج لە سەفی ناندا سووکایەتی بە خەڵک دەکەن و لێیاندەدەن؛ دابینکردنی دەرمانی نەخۆش و بریندار گەلێک ئەستەمە، شیری منداڵ و کەرەسەی پاک وخاوێنی کەمتر دەست دەکەون و ئەگەریش هەبن، گرانە. ئینترنێتیان بڕیوە و تەلەفونی مۆبایلی خەڵک کار ناکەن کە بتوانن وێنە و فیلمی ئەو زۆرداری و ملهوڕییانە بگرن و بڵاوی بکەنەوە. لەئەنجامدا، هەواڵەکان ناگەنە دەرەوە و مێدیاکان لە ڕاگەیاندنی ئەو بارودۆخی نالەبارە بێدەنگن. پرۆژەی ڕژیم بریتییە لە برسی و موحتاج ڕاگرتنی خەڵک و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەگەیشتنی دەرمان بە نەخۆش و برینداران بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان گەلەکەمان بە چۆکدا بێنن و کەسایەتی و شانازییەکەی تێک بشکێنن.

بەگشتی باروودۆخێک بەسەر شارەکان و ناوچەی دەوروبەریاندا زاڵە کە تەنیا دەکرێ بە داگیرکەریی هێزی لاوەکی بۆ سەر وڵاتێک بشوبهێندرێ. کەس نییە بەدەنگی خەڵکەکەوە بێت، هیچ کوردێک لە دەسەڵاتداریەتی ئێراندا نییە و ئەوانەی وا بە قسە نوێنەری خەڵک لە پەرلەمانن متەقیان لێبڕاوە تەنانەت لە مەجلیسی دەستنێژی خامنەییشدا دەنگێکی ناڕەزایی هەڵنابڕن نەکا پۆست و مەقامە ناحەقەکەیان لەدەست بچێت و مووچە و مانگانەیان بکەوێتە مەترسییەوە.

لەو هەلومەرجە نالەبارەدا ئەرکی دەزگا ڕاگەیاندنەکان، بە تایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات گرنگتر لەجارانە، ئەوان دەتوانن ببن بە دەنگی خەڵکە بێدەنگکراوەکە و هاواریان بە جیهان و بە تایبەت بە نێردەی تایبەتی یووئێن بۆکاروباری ئێران و کومیتەی تەحقیقی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕابگەیەنن.

لە ڕۆژانی ئەو توندوتیژی نواندنانەی ڕژیمدا سەرەک کۆماری گەمژەی دەستنێژی خامنەیی بۆ بەلارێدا بردنی سەرنجی بیروڕای گشتی لەو جینایەتانەی مەئموورەکانیان لە موکریان دەیکەن، چۆتە شاری سنە و لەبەردەم هەندێک جاش و 'مەئمووری مەعزوور'دا وتاری زانایانە و بلیمەتانەی فەرمووە؛ وەک هەمیشە، تاوانی ناتەواوییەکانی خستۆتە ئەستۆی 'ضدانقلاب' و سیستەمە دز و خوێرییەکەی خۆیانی کردۆتە دایکی میهرەبانی گەلی کورد- هەر ئەو گەلەی وا چەند کیلۆمەتر ئەولاوەتر، لە بۆکان و مەهاباد بە دەست سەربازەکانی ئیمامی زەمانی خۆیەوە ئەو ڕەنجە دەکێشن کە دیکێشن.

ئەمرۆ، ئەرکی هەموو دەزگایەکی هەواڵدەریی کوردی و بە گشتی هەموو تاکێکی کورد لە دەرەوەی ئێرانە لە بەرانبەر ئەو داگیرکەری و پێشێلکرانی مافە سەرەتاییانەی خەڵکی ئەو دوو شارە و هەموو شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگ و بێ هەڵوێست نەمێنن و ئەوەی لەدەستیان دێت بۆ یارمەتیدانی خەڵکە بێتاوانەکە دریغی نەکەن.

سەرکەوتن هی گەلەکەمانە و شەرمەزاری بەشی خامنەیی و نۆکەرەکانیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بۆکان لە ژێر پۆستاڵ و گەمارۆدا ...خنکاندنی شارێک لە بێدەنگیدا



**محەمەد ئەمینی**

**هەواری گۆرانی و شمشاڵ، یەک لە شارە زیندوو و سەربزێوەکانی رۆژهەڵات، بۆکانی بوکی موکریان چەندین رۆژە پۆستاڵی حکومەتێکی سەربازی لە سەر گەروویەتی و بە گەمارۆ و گرتن و ئەشکەنجە لە بێدەنگییەکی کوشندەدا هەوڵی کپکردنی دەدرێت.**

**کوشتوبڕ، تۆقاندن، رەشبگیری، ئەشکەنجە و دەستدرێژی بەرامبەر بە دەستگیرکراوان و ئازاردانی خەڵک کورتەی ئەو کارەساتەیە کە ئێستا لەو شارە روودەدات.**

**"ئەو تاوانانەی لەم ماوەیەدا رژێمی نائینسانی و نائیسلامی ئێران لە بۆکان و شارەکانی تری رۆژهەڵات خوڵقاندوویەتی نە قەڵەم توانای نوسینی هەیە و نە زمان توانای باسکردنی هەیە" ئەمە وتەی ژنێکی دانیشتووی بۆکان، وەک خۆی بە دەنگی پڕ لە گریانەوە باسی لێدەکات پووری دوو مێرمنداڵ کە دوو هەفتە بەر لە ئێستا دەستگیرکران، یەکیان کوڕە و تەمەنی ١٦ ساڵە و ئەویتریشیان کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ بووە.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ژنە کە بەهۆی کەشی ئەمنی ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد، بەم جۆرە و لە زمانی کچە ١٤ ساڵەکەوە درێژە بە گێڕانەوە دەدات: "دوای ئەوەی دەستگیرکراین، ١٥ کچ و ١٦ کوڕ بووین، ئێمەیان بردە فەرماندای بۆکان، لەوێ بە ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە هەموو لەشیان تەڕ کردین، دواتر جیاجیان کردینەوە و تا توانیان ئەشکەنجە و ئازاریاندایین، ئەنجا وتیان جلوبەرگەکانتان دەربهێنن و بە کابڵ دەستدرێژیان کردینەسەر و دواییش یەکێک لە جاشەکان و بەسیجە تاوانکارەکان هەرچی خراپە بەسەریان هێنایین".

ئەو ژنە بەم جۆرە بەردەوام بوو لە گێڕانەوەکەی، "پاش هەوڵێکی زۆر و بە بەرتیل و واسیتە توانیمان کچەکە ئازاد بکەین بەڵام دوای هەفتەیەک هەوڵی خۆکوشتنیدا، لە ئێستادا خوشکێکم و سێ برام بریندارن.. ئەوەندە دڵم پڕە کەناتوانم چۆن باس لە هەموو تاوانەی کۆماری ئیسلامی بکەم، داوادەکەم دەنگم بگەیەنرێتە دادگای لاهای، بەسە با لەوە زیاترگەنجانی کورد کۆمەڵکوژ نەکرێن، هەزاران کەس لە زیندان و رووبەڕووی ئەشکەنجە و سوکایەتی دەکرێنەوە، چەندین تەرم لە نەخۆشخانەی بۆکانن".

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان لە دژی کوژرانی ژینا ئەمینی بۆکان یەکێک لەو شارانەبوو کە هاتە مەیدان، تا بەر لە ساڵیادی خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٩ واتە لە رۆژانی ١٥، ١٦ و ١٧ی نۆڤەمبر دوو خۆپیشاندەر لەو شارە شەهید ببوون، بەڵام لە نارەزایەتیە سەراسەریانەدا خرۆشانێکی بەرین بۆکانی گرتەوە.

کەم گەڕەکی ئەو شارە مابوو کە تێکەڵ بە خۆپیشاندان، گردبوونەوە و ڕێپێوانەکان نەبن. ژن، پیاو، گەنج و پیری شارەکە بەشداربوون و گەورەترین نارەزایەتییەکانیان خوڵقاند، ئەم رابوونەش بە بێ تێچوو نەبوو، چەندی کەس شەهید بوون و دەیان و سەدانیش بریندابوون و راپێچی زیندان کران.

ناوی ئەو شەهیدانەی یەکلایی بووەتەوە ئەمانەن:

١- سامان قادر بەگی

٢- ئەسعەد رەحیمی

٣- محەمەد حەسەن زادە

٤- سالار موجاور

٥ .غەفور مەولودی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٦ .هەژار مام خسرەوی

٧- هیوا جان جان

٨- ئەمجەد عینایەتی

٩- مستەفا شەعبانی

١٠- میلاد مەعروفی

١١- شهریار محەمەدی

١٢- سولەیمان شوکری

١٣- سەعد شاهرخی

١٤- هێمن ئامان

١٥- کەمال فەقیهی

١٦ .ئیبراهیم شەریفی

١٧- ئاوات قادرپور

بە وتەی چالاکوانانی شارەکە کردنە ئامانجی بەشێک لەو خۆپیشاندەرانە لە لیدەر و پێشەنگی خۆپیشاندانەکان بوون، بە تایبەتی محەمەد حەسەن زادە، شەهریار محەمەدی و هێمن ئامان پلانبۆدارێژراو بووە و ئەمەش دەکەوێتە خانەی "تیرۆری سیاسی"ییەوە.

نە ئەمانە تەواوی شەهیدەکانی بۆکانن و نە شەهیدبوونیان کۆتایی ئازاردانی ئەو شارەبوو.

بە پێی زانیارییەکان سوپای پاسداران بە هەڕەشەکردن بەوەی منداڵەکانی دیکەشیان بە هەمان چارەنوس دەبات، بەشێک لە بنەماڵەی گیانبەختکردووانی بێدەنگ کردووە، ئەمە جیا لەوەی چارەنوسی بەشێک لەو کەسانەی بێسەروشێنن دیار نیە و نازانرێت دەستگیرکراون یان ژیانیان لەدەستداوە، هەر بۆیە دەوترێت ژمارەی شەهیدەکان ڕەنگە دوو هێندەی ئەوانە بێت کە ناوەکانیان دەزانرێت.

تەقەکردن لە جەعفەر فەقیهی برای کەمال فەقیهی یەکێک لە گیانبەختکردوانی خۆپیشاندانەکان پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەڕەشەیەی سوپای پاسدارانە بۆ بێدەنگکردنی کەسوکاری شەهیدەکان، تا هەواڵی شەهیدبوونی رۆڵەکانیان رانەگەیەنن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جەعفەر فەقیهی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر لەکاتێکدا لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی لەناو ئۆتۆمبێلدا کەوتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ران و سکیەوە بە سەختی بریندارکرا.

دوای بەسەربازگەکردنی زۆرینەی شارەکانی ڕۆژهەڵات بۆکان یەک لەو شارانە بوو کە زۆرترین هێزی سەرکوتکاری بۆ ڕەوانەکرا، یەکە تایبەتەکانی سوپای پاسداران و پۆلیس و کرێگرتەکانی شارەکانی دەوروبەر وەک سایین قەڵا و تیکاب و میاندواو لەو شارە جێگیرکران.

جیالەوانە وەک چالاکوانانی بۆکان باسی لێدەکەن، هێزەکانی ناسراو بە نەخسا (هێزە خۆڕسکەکانی وڵاتە ئیسلامییەکان) کە هێزێکی میلیشیایی سەر بە سوپای پاسدارانە و ئەزموونی شەڕ لە عێراق و سوریایان هەیە و لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی پێشوو بەتایبەتی خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٩دا هەبووە، ڕەوانەی شارەکە کراون و ڕۆڵی سەرەکییان لە سەرکوت و توندوتیژییەکاندا هەبووە.

بە گوێرەی ئەو وێنە و گرتە ڤیدیۆییانەی بڵاوکرانەتەوە، هێزێکی زۆری سەربازی بە ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل بە شارەکەدا دەسوڕێنەوە و لە هەموو شەقام و گۆڕەپان و شوێنە سەرەکییەکانی شارکەدا هێزێکی زۆر مۆڵدراوە و ناوە ناوە وەک نمایشی هێز و بۆ تۆقاندن بە شارەکەدا دەسوڕێنەوە.

لە وەها کەشێکی پڕ لە سەرکوت و زەبر و زەنگ، دەستخستنی زانیاری دژوارترین کارە، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر توانیم پەیوەندی بکەم بە چەند چالاکوانێکی بۆکان و پاڵپشت بە زانیارییەکانی ئەوان ئەم ڕاپۆرتە ئامادە کراوە. بە وتەی چالاکوانانی بۆکان لە دەرەوەی شار و ناو شارە چەندین بازگە و خاڵی پشکنین دانران، ئەمەش وەک ڕاگەیاندنی حکومەتی سەربازییە لە شارەکە.

لە بازگەکان وێڕای کۆنترۆڵی ناسنامەی هاوڵاتیان، ئۆتۆمبێل و تەنانەت موبایلەکانیشیان دەپشکنرێت. ڕەنگە هەر ئەوەش هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی کەمترین وێنە و دیمەنی دۆخی ئەم دواییەی بۆکان بڵاوکرابێتەوە.

بازگەکان لە دەرەوەی شارەکانیش جیا لەو کارانە و گەڕان بە دوای ئەو کەسانەی بە تۆمەتی بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا داواکراون، لەهەمان کاتدا ڕێگری لە بردنەناوەوەی هەموو جۆرە دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی دەکەن بۆ ناو شارەکە و ئامانجی گەمارۆکەش گوشار خستنە سەر ئەو بریندارانەیە کە خۆیان حەشارداوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر بەمەبەستی دۆزینەوە و دەستگیرکردنی خۆپیشاندەرە دەستگیرکراوەکان چاودێرییەکی چڕ خراوەتە سەر ناوەندەکانی تەندروستی و دەرمانخانەکان و پەستانی زۆر لە سەر پزیشک و تیمە تەندروستییەکانە و ژمارەیەکی بەرچاویشیان بە تۆمەتی تیماری بریندارەکان رووبەڕووی گرتن و سزادان بوونەتەوە.

### شەوانی پڕ لە ترس و تۆقاندن لە بۆکان

شەو نییە هێزە سەرکوتگەرەکان هەڵنەکوتنە سەر ماڵی هاوڵاتیان، بە لێدان و ئەشکەنجە و سوکایەتی خۆپیشاندەران و چالاکوانان دەستگیر دەکەن و زۆر جار لە کاتی هەڵکوتانە سەر ماڵاندا دەست بۆ تاڵان و ئازاردانی ئەندامانی بنەماڵەی دەستگیرکراوەکەش دەبەن.

لەکاتی ئەو پەلامارانەدا و بۆ چاوترسێنکردنی هاووڵاتیان بە وتنەوەی دروشمی وەک "حەیدەر.. حەیدەر" و تەقاندنەوەی بۆمبی دەنگی و تەقەکردن کەشی تۆقاندن دەخوڵقێنن.

ژمارەیەکی ورد لەبارەی دەستگیرکراوان لەبەردەستدا نییە و هەڵمەتی رەشبگیری هێشتا بەردەوامە و زۆرینەی دەستگیرکراوان بۆ شارەکانی تر بەتایبەتی ورمێ گواستراونەتەوە، کە بەشێکیان ئەو خۆپیشاندەرە بریندارانەن کە لە هەڵمەتەکانی هەڵکوتانە سەرماڵاندا دەستگیرکراون و تائێستا چەند کەسێکیان ژیانیان لەدەستداوە و لە ورمێوە تەرمەکانیان گەڕاوەتەوە. چالاکوانانی بۆکان لەو بڕوایەدان بێدەنگی و بێهەڵوێستی رای گشتی و نێودەوڵەتی بەرامبەر بە رووداوەکانی ئەو شارە دەستی هێزەکانی رژێمی ئێرانی ئاوەڵا کردووە، بۆیە شکاندنی ئەو بێدەنگییە بە گرنگترین هەنگاو دەزانن بۆ رێگریی لە تاوانی زیاتر لە شارەکەیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – رێکەوتی: ٤ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## واشنتن پۆست ناوەڕۆکی بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران بڵاو دەکاتەوە



**وشە**

ڕۆژنامەی_واشنتن پۆستی ئەمەریکی بە پشتبەستن بە چەند بەڵگەنامەیەکی حکوومەتی وڵاتەکەی پەردەی لەسەر پیلانێکی گەورەی نێودەوڵەتی ڕژێمی ئیسلامی ئێران هەڵداوەتەوە، کە ئامانجی پلانەکەیش بریتییە لە بە ئامانجگرتنی بەرپرس و سەرکردەکانی پێشووی ئەمەریکا و بەرهەڵستکارانی ئێران لە ئەمەریکا و کەنەدا و ئەورووپا و تورکیا و بەریتانیا، بەڵام هەواڵگری ئەمەریکا هەرزوو ئەو پیلانەی تارانی ئاشکرا کردووە و بە تەواوی ئاگەداری هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو پیلانە بووە.

ڕۆژنامەکە نووسیویەتی، بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی حکوومەتی واشنتن، تاران ویستوویەتی گەورە بەرپرسانی حکوومەتەکانی پێشووی ئەمەریکا و بەرهەڵستکاران و ڕۆژنامەوان و چالاکانی ئێران تیرۆر بکات، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و کەنەدا و ئەورووپا و تورکیا دەژین. هاوکات لە پیلانەکەی تاران، دامەزراوە میدیاییە نێودەوڵەتییەکانیش کە بە توندی دژی ڕژێمی ئیسلامی ئێران وەستاونەتەوە، کراونەتە ئامانج، سەرجەم ئەو کەسانەیشی کە پێوەندی تۆکمەیان بە حکوومەتی ئیسرائیلەوە هەیە، بەهەمانشێوە پیلانی لەناوبردن و تیرۆرکردنیان دانراوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەند بەرپرسێکی گەورەی واشنتن کە لەبەر هەستیاری دۆسیەکە و زانیارییەکان ناویان بڵاونەکراوەتەوە بۆ واشنتن پۆست ئاشکرایان کردووە، کە سەرجەم ئەو کەسانەی کە تاران کردوونی بە ئامانج، لەلایەن هەواڵگری ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە هەنگاونراوە، تا لە ڕێی بریکار و بەکرێگیراوەکانیان هێرشیان بکرێتەسەر و تیرۆر بکرێن، بۆ ئەنجامدانی هەریەکێک لەو پیلانانە و تیرۆرکردنی هەریەکێک لەو کەسایەتیانەیش سەدان هەزار دۆلار تەرخانکراوە، بە باندە مافیاکان و بازرگانانی هۆشبەرەکان و باندە تاوانبارەکان بەخشراوە، تا ئەو کەسانەی کە ئێران دەیانکات بە ئامانج، لەلایەن ئەو باندانەوە کۆتایی بە ژیانیان بهێنرێت و تیرۆر بکرێن.

بەرپرسەکان ئەوەیشیان خستووەتە ڕوو، کە بەهۆی ئەوەی پیلانەکەی ئێران پشت بە بریکار و بەکرێگیراو دەبەستێت، بۆیە زۆربەی هەوڵەکان، بریکار و بەکرێگیراوەکان لە ئەنجامدانیان پەشیمانبوونەتەوە، بەوهۆیەوە تاران نەیتوانیوە تەواوی ئامانجەکانی بپێکێت و بگرە تووشی شکستی گەورە بووە و هاوکات زانیارییش لەسەر ئەو هەوڵانەی تاران لەلایەن باندە بەکرێگیراوەکانەوە گەیشتووەتە دەست هەواڵگری وڵاتانی تری دنیا، ئەمەیش وایکردووە کە ئەو بەکرێگیراوانەی کە نیازی جێبەجێکردنی پیلانە گڵاوەکانی تارانیشیان هەبێ، بە ئاسانی نەتوانن بە ئەرکەکانیان هەستن و فەرمانەکانی تاران بە تیرۆرکردنی بەرپرسان و بەرهەڵستکاران جێبەجێ بکەن.

لەگەڵ ئەوەیشدا تاران هیچ بژاردەیەکی تری نییە، بۆ پێکانی ئامانجەکانی جیا لە پەنابردن بۆ گرووپە مافیاکان و باندە بەکرێگیراوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو تاوانانە، چونکە ترسی زۆری لە کاردانەوە و هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمەریکا بە تایبەتی هەیە، لە ئەگەری ئەنجامدانی ئەو کردە تیرۆریستیانە لەلایەن هەواڵگری ئێران خۆیەوە و دواتریش ئاشکرابوونیان، بۆیە ویستوویەتی بە تەواوی خۆی لەو تاوانانە بشارێتەوە و باندەکان بکات بە ئەنجامدەر و جێبەجێکار.

بە گەڕانەوە بۆ چوار دەیەی ڕابردوو و لە دوای لەناوچوونی ڕژێمی پاشایەتی ئێران، بە تەواوی ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران باوەڕێکی تۆکمەی بە تیرۆرکردن و لەناوبردنی بەرهەڵستکار و نەیارانی لە دەرەوەی وڵات هەیە و دەیان کردەی لەمجۆرەیشی ئەنجام داوە، هاوکات بە تەواوی پشت بەو ڕێگەیە دەبەستێت، بۆ لەناوبردنی نەیارە سەرسەختەکان تەنانەت ئەگەر هاووڵاتی و بەرپرسی وڵاتانی تری دنیایش بن و دژی ئێران بووەستنەوە. تەنیا لە ماوەی ٢٠١٥ تا ٢٠١٧یش ڕژێمی ئیسلامی سێ لە بەرهەڵستکارانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا لە نێویاندا یەکێک لە چالاکانی عەرەبەکانی ئەهواز کە لە بەردەم ماڵەکەی لە لاهای هۆڵەندا ساغکرایەوە و کۆتایی بە ژیانی هێنرا.

هاوکات لە ٢٠١٨ دیپلۆماتکارێکی ئێران لە ڤیەننا گیرا، کە خەریکی بەکرێگیرتنی بکوژ و خۆکوژ بووە، تا لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆپیشاندانێکی جەماوەری موجاهیدینی خەڵق لە بەلجیکا لە نێو خۆپیشاندەران بۆمب بتەقێنێتەوە و کۆتایی بە ژیانی ژمارەیەکی زۆری بەرهەڵستکارانی ئێران لە ئەوروپا بهێنێت.

لەبارەی بەرپرسانی پێشووی ئەمەریکایش زانیارییەکان باس لەوە دەکەن، کە رژێمی ئیسلامی پیلانی وردی بۆ تیرۆرکردنی جۆن بۆلتن راوێژکاری پێشووی ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەمەریکا دارشتووە و نەیتوانیوە لەو کارەدا سەرکەوتوو بێت، هاوکات لە نیویۆرک هەوڵی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسی ئەمەریکی بە رەگەز ئێرانی " مەسیح عەلینەژادی"ش درا، بەڵام لەمەیشدا شکستی خوارد. سەرەرای ئەوانەیش یەکێکی تر لە ئامانجەکانی تاران بریتی بوو لە نووسەر و بیرمەندی فرەنسی بێرنارد هینری لیڤی کە هەوڵدرا لە پاریس تیرۆر بکرێت، هاوکات بازرگانان و کەسایەتییەکانی ئیسرائیل لە قوبرس و جۆرجیا و رووسیا و ئازەربایجان و پاکستان و کۆلۆمبیا و چەندانی وڵاتی تر، لەلایەن سوپای پاسداران و دەزگەی ئیتلاعاتی ئێرانەوە بە وردی کاریان لەسەرکراوە، بەڵام خۆشبەختانە زۆربەی پیلانەکانی تاران شکیتسی هێناوە و تاران نەیتوانیوە ئامانجەکانی بپێکێت.

سەرچاوە: ماڵپەری وشە – رێکەوتی: ٥ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆماری ئیسلامی بە ئاڕاستەیەکی بێ گەڕانەوەدا




**سایتی پەیام**

شۆڕشی ژینا، هەروا زیندو و بەهێز بەرەوپێشەوە دەچێت، ئەزمون بەدەستدێنێ، ئیپتیکاری خەباتکارانە و داهێنەرانە و جیدی تێدا ڕەچا دەکرێت. ڕۆژ بە ڕۆژ بەشێکی بەرینتر لە کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ تێیدا دەور دەگێڕن. جوڵە و حەرەکەتی بەشێک لە چینی کرێکار، چینێکی کە لە کۆتاییدا دەبێ گورزی کۆتایی لە حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی بوەشێنێت، دەستی پێکردوە.

حەفتاو حەوت ڕۆژ ناڕەزایەتی و مانگرتنی خەڵک دوای کوژرانی ژینا ئەمینی بەدەستی حکومەت، ڕوخانی حاکمیەتی ئیسلامی بۆتە باسی سەرەکی ڕۆژ لە نێوخۆی ئێران و لە فەزای سیاسی دەرەوەی وڵاتدا.

چل و چوار ساڵ حکومەتی ئیسلامی زۆربەی خەڵکی گەیاندۆتە ئاستێک کە پێیان وابێت گۆڕینی نیزامی سیاسی و ڕوخانی ڕژێمی ئیسلامی تەنیا ڕێگا چارەی جیدی، کاریگەر و عەمەلییە بۆ دەرچوون لە قەیرانە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان.

حاکمان و ناوەندە حکومەتیەکانیش بەو ئاکامە گەیشتون کە حکومەت کردن بە شێوازی دوو مانگ و نیو لەوە پێش نە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مومکینە و نە بە قازانج و لە ڕاستای مانەوەی حکومەتی ئیسلامیدایە. سەرانی هەرسێ دەسەڵاتی دەوڵەتی، کاربەدەستانی نیزامی و ئەمنیەتی، تەنانەت بەشێک لە ڕۆحانیەکانیەتیش باس لە ئاڵوگۆڕێکی گونجاو بۆ کۆماری ئیسلامی دەکەن.

حکومەتی ئیسلامی وێڕای سەرکوتی توندی نارەزایەتیە جەماوەریەکان دەزانێ کە هاوسەنگی هێزی نێوان خەڵک و نیزام بە قازانجی خەڵک گۆڕاوە و ڕژیم بۆ مانەوەی دەبێ دەست بداتە کۆمەڵێک پاشەکشە و بە سەرەوەنانی جامێک ژەری تر. سەرانی ڕژیم لە هەوڵدان تا بە سەرکوتی خەڵک لەسەر شەقامەکان، پاشەکشەکانی خۆی بە باشی کۆنترۆڵ و مودیریەت بکات بۆ ئەوەی بەڵکو بەربە ئەگەری ڕوخانی نیزامەکەی بگرێت. بەڵام خەڵک دەزانن بە مانەوەی ڕژیم هیچ باشتر بوونێکی جیدی و بەردەوام لە ژیانیاندا ڕوونادات و مەترسی شکستی شۆڕش و مانەوەی ڕژیم بۆ خەڵک زۆر جیدی ترە لە مەترسیەکانی دیکە.

حکومەت وێڕای سەرکوتی خوێناوی و سیتماتیک، خەڵک لە مەترسی دوای ڕوخانی کۆماری ئیسلامی دەترسێنێ. گەورە کردنەوەی مترسی ڕوخان بۆ خەڵک لەبەر ئەوەیە کە مەترسی و زیانە قەرەبوو نەکراوەکانی مانەوەی نیزامی ئیسلامی کەم بکەنەوە.

دوومانگ و نیو نارەزایەتی خەڵک ئاکامەکەی ئەوەیە کە نە حکومەت دەتوانێ حاکمیەتی خۆی بە بێ سەرکوتی توند و خوێناوی درێژە پێبدات و نە خەڵک ئامادەن ئەم بارودۆخەی ئێستا قەبوڵ بکەن. ڕیفۆرم خوازانی حکومەتی کە لە سەرکوت و جەنایەتەکانی ڕژیمدا لەدژی خەڵک بەشدارن و لە کۆمەڵێک ڕاندخۆری جۆراوجۆری ئابووری و سیاسی بەهرەمەند بوون، خەڵک لە مەترسی شۆڕش ئەترسێنن. بۆ زۆربەی خەڵکێک کە لە ئەمنیەت، کار، هیوادار بوون بە داهاتوو، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەهرەمەند نین، هیچ مەترسیەک گەورەتر لە مانەوەی کۆماری ئیسلامی بوونی نییە.

ئەوژن و پیاوانەی کە لەسەر شەقامەکانن، زیاتر لە ٥٠٠ کەسیان لە قەتڵە حکومەتیەکاندا گیانیان بەختکردوە. بە هەزاران کەسیان برینداد و بە ئێقرار و قسەی بوڵتەنێکی ئاشکرا بووی فەرماندەکانی سپا، نزیکەی ٣٠ هەزار کەسیشیان دەستبەسەر و زیندانی کراون، بێ پشودان خەبات و تێکۆشانەکەیان تا ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی درێژە پێئەدەن.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧٢٢ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٢ی کوردی






سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com